# کۆمۆنەی پاریس
# لەنێوان خوێندنەوەی دوێنێ و گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدا

عەلی مەحمود مەحەمەد



**تابلۆیەک لەسەر کۆمۆنە**

# پێرست

1-پێشەکییەکی کورت.
2-کورتەیەک لەسەر بزووتنەوەی سۆسیالستی و کرێکاری فەرەنسا پێش کۆمۆن.
3-ئابوری فەرەنسا پێش کۆمۆن.
4-فەرەنسە پێش کۆمۆن.
5-جەنگی ئەڵمانیا و فەرەنسا.
6-کرێکارانی فەرەنسا و ئەڵمانیا ,هەڵوێستیان لەسەر شەڕ.
7-هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کۆمۆن.
8-هەڵبژاردنی کۆمۆن.
9-بڕیارەکانی کۆمۆن.
10-ڕوخانی کۆمۆن.
11-هەڵەکانی کۆمۆن.
12-پەند و ئەزمونەکانی کۆمۆن.
13-کۆمۆن-هاوپشتی کرێکارانی جیهان.
14-کۆمۆن-ڕۆڵ و هەڵوێستی کرێکاران و مارکسییەکان.
15-نوسەران و ڕۆشنبیران.
16-بەیاننامەی کۆمۆن بۆ گەلی فەرەنسا.

# پێشەکیەکی کورت

بزوتنــەوەی مێــژوو, ڕەنگدانــەوەی گۆڕانکــاری یــە کۆمەڵایــەتی و ئــابوری و فەرهــەنگی وسیاسیەکانەلە سەر هەڵدان و دامرکاندنەوە هەڵچــون و داچــون ,گەشــە ســەندن و سســت بونەوەدایەئەم هەڵکشان و داکشانە , ناتوانێت ڕێگر بێت , لە بەردەم ڕەوتی گەشــە ســەندنی مێژوویەگەر بۆ ماوەیەک توانیبێتی ڕایگرێت ,یان ڕەوتی ڕوداوەکان بە پێچــەوانەی گەشــەی مێژوو بوبێت, ئەوا تا سەر نەبوە ,دەشێت کۆنەپەرستانیزوتنەوەی نوێخوازی سڕ بکەن , بۆ ماوەیەک لە ڕەوتی ئاسایی گەشەسەندنی خۆی بیوەستێنن و پاشەکشەی پێبکەن ,بــەڵام بــۆ هەتا هەتایە ناتوانن ئەم پەیامەیان بسەپێنن . چونکە ژیان لــە گەشــە کــردنی بەردەوامــە و ڕاوەستان و پاشەکشە بۆ دواوە ڕەتدەکاتەوە.

کۆمۆنی پاریسیەکەمین دەوڵەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بیرو بازو بوو لە مـ ێژوودا تــا ئەو کات, تێیدا زەنگی ڕزگاری خۆیان ,لــە چــنگ ســەرمایەو ســەرمایەداری ,دواکــەوتویی و کۆنەپەرستیو نیشتمان فرۆشی و سازش لێدا بە دەنگی زولاڵیان , جیهانی کۆن و پڕ مەینــەتی ستەم و خیانەتی هێنایە لەرزین .کرێکارانی پاریس, بۆ یەکەمین جار لە مێژوی مرۆڤایەتی دا ,دوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بە هاوپەیمانیــەتی لــە گــەڵ ,ســەرجەم ســتەمدیدانی کۆمــەڵ دامەزراند.لە ڕابردودا لــە جەرگــەی شۆڕشــەکاندا ,پرۆلیتاریــا بــە چــەک لــە شــەقامەکان دەجەنگان خوێنیان شەقامی شاران , ناو باریکارد, سەنگەرەکانی پێشەوەی دەنەخشاند , کە کار دەگەیشتە سەر ئاکامی ڕا پەڕین, بۆرژواکــان لــە ترســا خۆیــان لــە خــەباتی چــەکداری دزیبوەوە ,سەری دزێویان لە کون دەردێنایە دەرێ , بە دوو دڵــۆپ فرمێســکی فێــڵبازانە ,کــە گوایە بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین هەڵیان ڕشــتوە ,دەهاتنــە پێشــەوە , دەورو بــەری دەســەڵاتیش کەسی تێدا نەبوو ,ئەوەی شەهید شەهید , بریندار بریندار ,خــەباتکاران لــە ســەنگەرەکانی پێشەوە, برسییەکانیش بە دوای پەیدا کردنی پاروە نانەوە بوون .بۆرژوا لــە ســەرەتاوە بــە فێڵ و تەڵەکەبازی و پەیمانی درۆ, دەستی بەسەر دەسەڵاتدا دەگرت,بە دوایــدا دکتــاتۆری بــێ پەردەی دا دەسەپاند,ئەمە باری سیاسی و شۆڕشگێرانەی ئەوروپا بوو تا کۆمۆنەی پاریس.

بەڵام لە کۆمۆندا , کرێکاران بۆ یەکەم جار لە نەبونەوە بوون بە بوون .لە پێناو بەرژەوەنــدی چینایەتی خۆیان , کاریگەرتر و بە ئەنجام تر لە ساڵی 1848 هاتنە مەیدان .سەلماندییان بە بەرپا کردنی شۆڕش, هیچ لە دەست نادەن, بەڵکو جیهانێک بە دەس دێنن.

کۆمۆنی پاریس ,تەمەنێکی کورت ژیا .بۆرژوازی فەرەنسە ,بە پشت ئەستوری کۆنەپەرســتانی ناوخۆو هەموو ئەوروپایە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی زۆرەوە , تێکیان شکاند,ئابلۆقەی ئەم کۆمارە ساوایەیان لە هەرچوار لاوە دالە تەمەنی ســێ مانگیــدا , بــە وەحشــیگەرییەکی بــێ وێنەوە,شەڵتانی خوێنیان کرد .نەیان هێشت لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێــت ,تــا جیهــان بــە هەنگاوە شۆڕشگێڕانەکانی, ڕۆشن بکاتەوە. دەروازەی ڕزگــار بــوون لەبرسێــتی و هــەژاری و نایەکسانی بۆ مرۆڤایەتی بخاتە سەر پشت.

کۆمۆن دەسەڵاتی نمونەییچینی کرێکارە لەمێژودا ,کە ڕاستەوخۆ کرێــکار ان و ڕەنجــدەرانی کۆمەڵ,دەسەلاتیان بەڕێوە دەبرد بەڵام دوبارەبونەوەی وەک خۆی بۆ جارێکی کە ,پــاش ئــەم هەموو گۆڕانکارییە هەمەلایەنە خەونە . ئەو 72 ڕۆژەی کۆمۆنی تێدا ژیا ,72 ڕۆژی ڕاپەڕینی چکدارانەو خەباتی چەکدارانە بووئاگری چەک نەیهێشــت بیرکردنــەوەوەو داهێــنان , ڕۆڵــی خۆیان بگێڕن ,کۆمۆنە زیــاتر بــە بڕیــارە دادپەروەرانیــەکانی و بــە داهێــنانەکانی مێــژوی مرۆڤایەتی ڕۆشن بکاتەوە .ئەو 72 ڕۆژە, بۆ هەردوو چینی کرێکار و سەرمایەدار, ڕۆژێکە بــۆ

هەتا هەتایە لە بیر ناکرێت .کرێکاران بە ئاواتی گەڕانەوەی , سەرمایەدارانیش بە ئاواتی نەبینینەوەی.

کۆمۆن دەری خست ئەگەر جەماوەر دەسەڵاتدار بێت ,لە ماوەیەکی کەمدا , دەتوانێت بەشێکی زۆر لە شوێنەوارەکانی چەوساندنەوە ,لە ناو بەرێت .لەو ماوە کورتەی کۆمۆن پێیدا تێپەڕی توانی زۆر کار لە بەرژەوەندی چەوساوەکاندا ئەنجام بدات , کە بۆرژوازی بە دەیان ساڵ دەسەڵاتدارییەتی, نەی توانی بەشێکی کەمی جێبەجێ بکات .هەرچەندە بەشێکی زۆر لەو داواکارییانە لە بەرنامەشیدا هەبوو بەڵکە بە پێچەوانەوە بە دوای تێکشکانی کۆمۆنە , بوونە سوارچاکی هەڵوەشانەوەی دەسکەوتەکانی , هەوڵیاندا لە بیرو هۆشی ڕەنجدەرانی دەرکەنئەمە ئەوە دەرەخ ات, ئەو چاکسازییانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەنجام دراوەبڕیاری بۆرژواکان نییە بۆ مرۆڤایەتی , لە سەر سینی زێڕین پێشکەشیان کردبێت.بەڵکە هەر یەکەی لەو بڕگانە ,تا ئێستاش خوێنی لێ دەتکێتو خوێنی لەسەر ڕژاوە , تێکۆشانی سیاسی بۆ کراوە بۆرژوازی تا پێیان کرا , کۆیلەداری چەوساندنەوەی بێ پەردە , یاسای هەڵبژاردنی کۆنەپەرستانە, کە دەنگدان بە درێژایی سەدان ساڵ تەمەنی دەسەڵاتی تەنها بۆ خاوەند سەرمایە و پیاوان و مەلاکان بوو ... شەڕو داگیرکاری , کوشت و بڕی گەلانی ژێر دەستکاری منالان و ژێر دەستەیی ژنان ,نیشتمان فرۆشی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ داگیرکەران....... سیمای دەسەڵاتیان بوو.

دەسکەوتەکۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕیفۆرمە ئابورییەکان , بەرهەمی تێکۆشانی کۆمۆنارەکان,و هاوڕێیانی کۆمۆنارەکان ,و ئازادی خوازان , و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵە, لە درێژەیتێکۆشانی چەند سەد ەی ڕابردودا. بە خەباتی خۆیان , لە پانتایی جیهاندا, سەپاندویانە بەسەر دەسەڵاتداراندا.

پەندو ئەزمونوکانی کۆمۆنە ,بۆ هەتا هەتایە , لە دڵ ودەرونی یەکسانیخوازاندا , بە زیندویی دەمێنێتەوە .

ئەمەش مانای ئەوە نییە , تەواویبڕگە بە بڕگەی , کردارو یاساو ڕێساکانی کۆمۆنە, بە پیرۆز بزانرێت تا ڕادەی پەرستن بەڵکە بەشێک لەو بڕیارانە ,دوێنێ پێشکەوتنخوازانە بون , ئەمڕۆ ئەو ناوەڕۆکەی لە دەس داوە .ژیان داخوازی نوێتری هێناوەتە پێشەوە.خوێندنەوەکانی دوێنێی کۆمۆنە, ئەمڕۆ خوێندنەوەی نوێتری دەوێت لە مارکسیزمەکان.ئەمڕۆ پاش 122 ساڵ لە کۆمۆنەچینی کرێکارو چەوساوەکانی جیهان , دەبێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە , سەیری بڕگە بە بڕگەی دەسکەوت و پەندو ئەزمونەکانی کۆمۆنە بکەن, وانەی لێ هەڵێنجن,پەندەکانی بکەنە چرای تێکۆشانیان بۆ سەما کردن بۆگوڵ.

کۆمۆن دەوڵەتی ڕۆمانسیانەی هەژاران بوو ,لە شاری پاریسی بچوکی ئەوسا دامەزرا ,وڵاتێکی سادە بێ پەیوەندی دەرەوە ,ژمارەی دانیشتوانی کەم و جوگرفیایەکی بچوک و تەمەنێکی کورت ئەم تروسکەی ڕوناکییە , لەناو شەوەزەنگی ئەوسای ئەوروپاوە لە دایک بوو. جیهانی ڕۆشنکردەوە.

هەرجارێک و هەر ڕۆژێک و هەر سەردەمێکۆمۆن دەخوێ نیتەوە ,لایەنی نوێ ,ئەزمونی نوێ,خوێندنەوەی نوێ بەرهەم دەهێنێت.

دەتوانیین مێژوی نوێی جیهان,لە ئاوێنەی مێژوی فەرەنسەوە بخوێنینەوە .مارکس ڕوداوەکانی فەرەنسە ,زۆرتر لە ڕوداوی هەر وڵاتێکی کە کاری لێکردوە ,ئەوەی بۆ کۆمۆنە لە پەرتوکەکانیجەنگی ناوخۆیی و , هەژدەهەمی برۆمێردی لویس بۆناپارتدا نوسی ,بۆ شۆڕشی 1848 ی ئەوروپا نەینوسی .

**ئاداری 1993 هەولێر**

ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر زۆر لە هەڵسەنگاندنەکان ڕابردوو لەسەر کۆمۆنە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوەخوێندنەوەی نوێی کۆمۆنە لەم سەردەمە لە هەموو کات زیاتر د ەتوانێت خزمەت بە بیری سۆسیالستی بکات ,هەرچەندە خوێندنەوەی نوێ ئەرکێکی قورسەو کەس ناتوانێت مافی خۆی بداتێ ,ئەوەی ئەم چرکەیە نوێیە ,پاش هەناسە هەڵکێشانێکی کە کۆنە بێت .چۆن لە ڕابردودا کۆمۆنەی پاریس کاریگەری گەورەی لەسەر بیری سۆسیالستی دانا ,لەگەڵ خۆیدا زاوەی نوێی هێنایە ناو بیری مارکسییەوە ,بەهەمان شێوە خوێندنەوەی سەر لەنوێی ئەمڕۆی کۆمۆنە جارێکی دیکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دوبارە بەرهەمهێنانەوەی مارکسیزم و بیری سۆسیالستی هەبێت .سۆسیالزمێک بتوانێت وەلام بە داخوازی تێکۆشانی ستەمدیدانی کۆمەڵ لەسەردەمی جیهانگیری و بە ئەمەریکایی بوندا بداتەوە .مارکسیزمێک هەوادارانی بە داهێنانەکانی لە کەهفی خەوتویی دەرکاتە دەرەوە ,جیهانی ئەمرۆ ,پارسەنگی هێزەکان و پێشکەوتنی زانست و ئازادییەکانی تاکە کەس و شێوازی تێکۆشان و خۆ ڕێکخستنبە شێوەی ڕیالیستیانە بخوێنێتەوە .نوێخوازییەک چەپە کان نە لە کاروانی پێشکەوتن دوا بخات, هەروەها نە لە خەباتی چینایەتی بۆ یەکسانی ساردییان بکاتەوە.

بەشێکی زۆری ئەم نوسینە کاتی خۆی نوسراوە و ئێستا تەنها بە پەراوێزێک سەرنجم لەسەریان دەربڕیوە.

کۆمۆشەارییەکانی ئیتالیاو فەرەنسا پاش ئەوەی مافی سەرەتایی بەڕێوە بردنی ئۆتۆنۆمی خۆیان لە دەرەبەگە ئاغاکان ئەکڕییەوەو یاخود بەزۆر لە جنگیان دەرئەهێنان ئەو کات شارەکانییان بە (کۆمۆنە )ناو ئەبرد (سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی 1890دا.بەیانانەمەی پارتی کۆمۆنیست (مانفێست)جەلال دەباغ کردوویەتی بە کوردی ل37.

ئاداری 2004

## کورتەیەک لەسەر بزوتنەوەی سۆسیالستی و کرێکاری فەرەنسا پێش کۆمۆن

### بزوتنەوەی سۆسیالستی( 1)

بزوتنەوەی سۆسیالستی فەرەنسە , یەکێکە لە سەرچاوەکانی مارکسیزم ,لە پاڵ فەلسەفەی ئەڵمانی و ئابوری بەریتانیئەگەر قسە لە سەر بزوتنەوەی سۆسیالستی و کرێک اری بکرێت لە فەرەنسە, پێش کۆمۆن ,مافی خۆی پێ بدرێت ئەوا بە نوسینێکی وا ,تەنانەت بە دەیان و سەدان ئەوەندەش, تێنوییەتی ناشکێت ئەم ولاتە , خاوەند کەلەپورێکی گەورەی بیری سۆسیالستیی یە , ئەزمونێکی گەورەشی لە خەباتی سیاسی و سانديكايی کرێکاریدا هەیە لێرەدا لە ڕ ێگەی بۆچونی کەسایەتیی یەکانهەڵگری ئەم بیرەوە , دەچینە ناو بابەتەکەوە.نەک لە ڕێگەی پۆلێن کردنی قوابخانەیی یەوە.

کان جان مسلییە (1678-1733)پاش ژیانێکی سادە ئەوەی لێی زیاد دەبوو لە شوانییەکەی , دابەشی دەکرد بەسەر هەژاراندا ئەمە وەک سەرەتایەک , بۆ بوونی هەستی یەکسانی سۆسیالستی, لە فەرەنسە

سان سیمۆن یەکێکە لە سیما ناسراوەکانی , بزوتنەوەی سۆسیالستی فەرەنسی و جیهانی , لە سۆسیالستە سەرەتاییەکانیفەرەنسە بوو . لە سالّی 17-10-1760 ,لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی لە دایک بوو ,لە شۆڕشی ئەمەریکا شان بە شانی شۆڕشگێرانی ئەمەریکی بەشداری کرد لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسە , لە نازناوی کونتەوە ,دابەزییە سەر پلەی هاولاّتی ئاساییبەهۆی باوەڕ بوونی بە یەکسانی مرۆڤەکان .لە سالّی 1791 بابۆفی بینی .ڕۆژنامەی لولینکسی دەرکرد .زمانحالّی ئەوپەڕی چەپ بوو ,لە ڕۆژنامەی (چاودێر) ,بۆ یەکەم جارلە مێژوی ئەوروپا لەسەر بیرۆکەی پارتی سیاسی نووسی .پاش گەڕانەوەی پاشایەتی, گۆڤاری پیشەسازی دەرکرد ,لە ژێر دروشمی کار لە بەرامبەر بێکاری .سالّی 1819 ڕۆژنامەی ڕامیاری جێگەی پیشەسازی گرتەوە .ئەو سالّەی کە مرد ,1825 پەرتوکی کریستیانی نوێی نوسیی .تیایدا برایەتی کریستانەکان لە خزمەت چینی هەژارانی دیاری کرد .هەروەها باسی(خوێندنی بەزۆرو بۆ هەموان –هەلّوەشاندنەوەی سنوری نیشتمانی – بەدەست هێنانی ئاشتی جیهانینەخشی دەولّەت بۆ بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکالّی ) گرنگترین تەوەوەرەکانی بۆچونەکانی بوو لەو پەرتوکەدا .سان سیمۆن کا ریگەری لەسەر بیری سۆسیالستی لە فەرەنساو ئەلّمانییاو ئیتالّیاو ڕوسیاو ولاّتانی دیکە دانا .بەلاّم لە سییەکانی سەدەی نۆزدەوە,بیرو باوەڕەکەی بووە گروپێکی ئاینی .

بێکاری لای ئەو چین و توێژی ئەرستۆکراتی و بنەمالّەی پاشایەتی دەگرتەوە , کە لەسەر کۆمەلّ دەژییان و کار ییان ناکرد .هەرچی کرێکارە, لای ئەو پیشەسازکارەکان و بازرگان , و خاوەند بانکەکان, و سەرجەم ئەوانەی لەسەر کاری خۆیان دەژێن .برۆدۆن لە سالّی 1802 دا ووتی :شۆڕشی فەرەنسی ئەنجامی نەک تەنها خەباتی چینایەتی نێوان پاشازادەکان و بۆرژوازییە ,بەلّکە نێوان پاشازادەو و بۆرژواو و چینە نەدارەکانە.هەروەها لە سالّی 1816 پەیوەندی نێوان ئابوری و سیاسەتی دیاری کرد ,بەوەی کار لە یەکتری دەکەن .لە سالّی 1815 داوای هاوپەیمانییەتی لەگەلّ بەریتانییای براوەی کرد .

موریللی کە ناوی دوەمی نەزانراوە , لە سالّی 1751 دا, پەرتوکی نامەیەک لە کارە باشەکانی پادشای مەزنی نووسی , تیایدا وێنەی پادشایەکی کۆمۆنیستی کێشابوو.باوەڕی بەوە هەبوو, پێویستە هەموو کەس لە 40سالّی بە دواوە , خانەنشین بکرێتدەولّەت بە خێویی بکات .وە لە 21 تا 25 سالّەوە دەس بەکار بکەن.

بابییف بە وتەی خۆیاوی کۆمۆنیزمی لە موریللی(1751) خواردەوە, لە پەرتووکی (نهێنی گری سروشت).بۆ یەکەم جار ئەم چەمکە مێژوییەی تیایدا نوسی (هەرکەس بە گوێرەی تواناو هەرکەس بە گوێرەی پێویستی ).ئەمەش پێناسی سۆسیالیزمە تا ئەمڕۆکەش .موریللی بە ناسینی سیمۆن هنری لانجیەباریێزەر , هاوپەیمانیەکی (1763)بەهێزی دۆزییەوەئەم پارێزەرە هێرشی توندی کردە سەر یاساو مولّکدارییەتی تایبەتی .لانجییە دژ بەوانە وەستایەوە,کە دەیان ووت ,بە ئازاد کردنی ئابووری لە دەست دەولّەت ,خۆشگوزەرانی و دەولّەمەندی دێنێت بۆ گەل.

هەرچی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر غراتشۆس بابۆفە ,کە لە 23-11-1760 لە سانت کوانتین لە دایک بووە ,لە سالّی 1785داوای کێلّگەی بە کۆمەلّی کرد , بەرامبەر بە زەوی تایبەت .لە شۆڕشی فەرەنسە ڕۆلّی کاریگەری گێڕا .قسەکەرێکی باش بوو .لە سالّی 1790 لە پاریس گیرا,لە تاوانی ڕێکخستنی نارەزایەتی دژ بە باج و,دابەش کردنی زەوی و زارەکانی کەنیسەپاش ڕاکردنی پادشا , لە سالّی1791 یاسای چاککردنی کشتوکالّی

ڕاگەیاند.ڕۆژنامەی مینبەری گەلی دەرەکرێتیایدا داکۆکی لە پرۆلیتاریا دەکرد .چەند جار گرترا و بەر درا .ساڵی 1795 بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ یەکسانی دامەزراند .لە 27-5-1797 بە تاوانی داواکاری شۆڕش هەڵواسرا .

کلود ئەدرییان هلفشیوش (1715-1771).لە ساڵی 1758 نووسی(ئەم ناخۆشی یەی باڵی بەسەر خەڵک و گەلاندا کێشاوە , لە ئەنجامی کەم و کوڕی لە یاساکانەوە سەرچاوەی گرتووەلە دابەش کردنێکی زۆر دورەوە , لە دابەش کردنی نایەکسانی لە سەروەت و سامانلە زۆربەی مەملەکەتەکانداوو چین لە هاوڵاتییان هەیە :یەکییان زۆر پێویستی بە کەل و پەلی ژیانە , ئەوەی دیکە لێی دەڕشێتەوە.).

هەرچی باوە غابریل بونودە , 4 ساڵ پێش شۆڕش سەری نایەوە ,بۆیە سەری خۆی پاراست.لە ساڵی 1748لەگەڵ کاردینال کەوتە شەڕەوە لەگەڵ موریللی ڕێک کەوتن ,لە سەر ئەوەی, سەرچاوەی هەموو دەردو مەینەتێک, موڵکدارییەتی تایبەتی یە .

لویس ئەنتوان بوجینیفیل ,لە ساڵی 1772لە پەرتوکی گەشت بە دەوری جیهانا , کە باسی گەشتەکەی بۆ هایتی دەکات , چۆن ژییانی سەرەتایی پڕە لە یەکسانی ,کەچی لە وڵاتانی دیکەوە دێن بۆ تێک دانی.

هەرچی دینیس دیدرۆ یە (1713-1784), سەرنجی کەوتە سەر پەرتوکی گەشت بە دەوری جیهانا, لە دوا تەمەنی ژیانی بوە کۆمۆنیستێکی ئانارشیست , دەنوسێت: باوەڕم وایە بەختییاری مرۆڤایەتیتەنها لە دەوڵەتی سۆسیالستیدا دەبێت , کە پاشاو قەشە و قازی و یاسای تێدا نەبێت وە هیچی تیا نەبێ ت بۆ تۆ بێت ,مافی موڵکداری تێدا نەبێت ,کەس مافی بەسەر کەسەوە نەبێت.

شارل فرانسوا ماری فورییە لە 7-4-1772لە دایک بوو , وە لە 10-10-1832 کۆچی دوایی کرد .بەرنامەی کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان شارو لادێ ی دانا ,بە پەیڕەو کردنی کاری بە کۆمەڵ ,و کۆکردنەوەی بەشداربووان, لە شوێنی هاوبەشی گەورە .مارکس و ئەنگلز ڕەخنەی ئەوەیان لە فۆرییە گرتکە باوەڕی بە کاری سیاسی نەبووە .بیروباوەڕەکانی بە وڵاتاندا بڵاو بوەوە ,هەوڵی دروستکردنی ئۆردوگای هەرەوەزی و پارتی کۆمەڵایەتی دا ,بەڵام لە سەروبەندی شۆڕشی 1848 دا, هەوڵەکانی هەوو هەرەسییان هێنایەکەم کەس بوو وتی : ڕێژەی ڕزگاری کۆمەڵبەندە بە ڕزگاری ئافرەتەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە بڕوای ئەو , مێژوو دابەش دەکرێت بەسەر –کێوی ,باتریارکی,هاری ,شارستانی.

ئەیتیان کابیە لە 1-1-1788 لە دیمۆنی فەرەنسە لە دایک بوو ,وە لە 18-11-1856 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد .مێژوو نوسی دیاری شۆڕشی فەرەنسی بوو.ساڵی 1833 ڕۆژنامەی گەلی دەرکرد .بەهۆی تەنگ کردنەوەی چالاکییەکانی لە لایەن بەرپرسانەوە ,کۆچی بۆ بەلجیکا ,و پاشان بۆ بەریتانییا کرد ,لەوێ ناسییاوی لەگەڵ ڕۆبەرت ئەوین پەیدا کرد .ساڵی 1840 پەرتوکێکی بەناوی چۆن بووم بە کۆمۆنیست نوسی .تیایدا کۆمۆنیستیەکەی خۆی ئاشکرا کرد,کە لەسەر بنچینەی ئاشتی, و دژایەتی زەبروزەنگ, و دیموکراتییەت و یەکسانی کۆمەڵایەتی , و برایەتی و یەکێتی .ئەو دژی هەموو جۆرە زەبرزەنگێک بوو باوەڕی وابوو دەبێت کۆمۆنیزم , ئەنجامی پەروەردەو پڕوپاگەندە بێت.کۆمۆنیزمی کابییەباوەڕی بەیەکسانی لە کاربردن (استهلاک),و ڕاگرتنی موڵکدارییەتی تایبەتی, و سەرمایەگوزاری لە بواری کشت و کاڵ, و پاراستنی شێوەیەک لە ئاینە سەرەتاییەکان هەبوو .بیرکردنەوەکانی بە شێوەی بەرفراوان,لە لایەن پیشەگەران, و کرێکارانەوە پێشوازی لێکرا .ساڵی 1843 کۆمەکی لە ڕۆبەرت ئەوین وەرگرت , پاشان پارچەیەک زەوی لە تیکساس, لە ساڵی 1848 لێ وەرگرت ,کۆمەڵگای دیکارییینی کردەوە.بەهۆی ناکۆکی ناوخۆییەوە لە نێوان ئەندامانی ئۆردوگاکە , لە ئەنجامدا کابییە

دورخرایەوە .ساڵی 1856کۆمەڵەیەکی دیکەی پێک نایەوە ,کەچی بە داخەوە لەهەمان ساڵدا مرد.

دیزامی تیودۆر کە لە 4-3-1803 لە دایک بووەو لە 24-7-1850 مردووە .لە سییەکاندا بەشداری کۆمەڵەی چوار وەرزەکەی کردووە .کە ڕەنگەکانی بلانکییەکانی لە خۆی گرتبوو.ساڵی 1848ڕۆژنامەی ئەرکەکانی مرۆڤی دەرکرد .پاشان سەکۆی پرۆلیتارییا .ڕەخنەی توندی لە سەرمایەداری گرت ,و داوای هەڵوەشاندنەوەی مولکدارییەتی تایبەتی کرد.باوەڕی وابوو لە ڕێگەی شۆڕشی کۆمەلایەتییەوە , دەگەیت بە دادپەروەری .هەروەها باوەڕی بە دروست کردنی کۆمۆنەکان هەبوو , کە هەر یەکەیەکی کۆمۆنە, 10000 کرێکار بە خۆوە بگرێت ,تایبەتمەندی شارو لادێ ی هەبێت .هەر ئەندامێک, بە گوێرەی توانای کار بکات ,وە بە گوێرەی پێداویستی خەرج بکات .

ئەمە بەشێک بوولە مێژوییەکی کورتی بزوتنەوەی سۆسیالستی فەرەنسە ,بە دوای ئەم مێژوەدا کەلە سۆسیالست خوازە فەرەنسییەکانی, وەک برۆدۆن و بلانکی دێنە پێشەوە هەنگاوێکی نوێ دەدەن بە بیری سۆسیالستی و یەکسانی ,نەک تەنها لە فەرەنسە , بەڵکە ئەوروپاو ولاتانی کەش.

## بزوتنەوەی کرێکاری (2)

فەرەنسا یەکێک لە ولاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتوەکانی ئەوسای جیهان .لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و گەشەکردنی چینی کرێکاردا سیستەمی پاشایەتی , بۆ بەرەو ڕوبونەوە لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخستنی پیشەگەرانی کە ,لە سەردەمی لودفیجی پانزەهەم, لە ساڵی 1765 دا بە بڕیارێک ,تەواوی کۆمەڵەی پیشەگەرییەکانی هەڵوەشاندەوە.پاش شۆڕشی فەرەنسەش کار بەم یاسایە کرا ,تەنانەت پاش شۆڕشی 1791, یاسای یاساغ کردنی یەکێتییەکان دەرکرا , و خۆپیشاندانیش یاساغ کرا,هەروەها دژ بە زیاد کردنی کرێ وەستایەوە.لە دوای شۆڕشی فەرەنسەوە تێکشکاندنی ئامێری بەرهەمهێنان , لە لایەن کرێکارانەوە دەستی پێکرد.لە ساڵی 1830دا, شکاندنی ئامێرو کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بەردەوام بوو.

بە دەسەلاتدار بوونی سەرمایەداری نوێ , هەژاری و نەداری جەماوەری زەحمەتکێش زییادی کرد ,هیچ چاکسازییەک لە ژیانی هەژاران نەکرا هەر جۆرە ناڕەزاییەتییەک , بە زەبرو زەنگ وەلام دەدرایەوە .لە ساڵی 1825 بۆ 1847 حەوت هەزار کرێکار داد گایی کران و سزا دران هەر لەو ماوەیەدا , کۆمۆنەیەکی بچکۆلە, لە شاری لیۆن دامەزرا .کاتێک40000لە کرێکارانی ڕستن و چنین مانییان گرت ,لە ئەنجامی بەرەو ڕوبونەوەی چەکداری نێوان دەولەت و کرێکاران, چەندین ڕۆژ کرێکاران دەستییان بەسەر شاردا گرت.

لە فەرەنسا, تەنهالەبواری ڕستن و چنین , ژمارەی کرێکاران 300000 بوو.لە ساڵی 1864دا, کرێکاران ئیمزای نامەی شەست کرێکارییان کرد , کە تییایدا داوای ئازادی ڕێکخستنو کاری سەربەخۆی سیاسی کرێکارانییان کرد . ناپلیۆنی سێ , بە پشت بەستنی بڕیاری دژ بە ڕێکخستنی کرێکاران و ڕەنجدەران ,گەڕایەوە سەر بڕیاری ساڵی 1761 .تەواوی کۆمەڵەکانی هەڵوەشاندەوەو یاساغی کردن.

---

1-الاشتراكية والشيوعية من 500 ق .م الى ما قبل ماركس
بە گشتی تەواوی زانیارییەکان بە کورتکردنەوە لێرەوە وەرگیراوە.

## ئابوری فەرەنسا پێش کۆمۆن

ساڵی 1872 ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسە 36,3 ملیۆن کەس بوو (1),لە ناو ئەوانەدا ژمارەی لادێ نشینەکان 24,8ملوێن بوون (2),واتە نزیک بە 68,3% دانیشتوانی فەرەنسە لادێ نشین بوو ,کە ژمارەی دانیشتوانی پاریس بەوانەوەی لە ترسی کۆمۆنە هەلاتن کە نزیک بە نیوەی دانیشتوانی پاریس بوون دەگەیشتە 1 ملیۆن,واتە کۆمۆنە لە ناو نزیک بە 1,37% دانیشتوانی فەرەنسە دەسەلاتی بە دەستەوە بوو ,ئەمەش لاسەنگی هێزی مرۆیی هەردوولا دەرەخات ,کە لەو کاتەدا هێزی مرۆیی هۆکاری سەرەکی بوو لە یەکلاکردنەوەی جەنگدا.فەرەنسە لەو سەردەمە شێوەی گشتی ولاتێکی لادێنشینی جوتیاری بوو ,بەلام بە پێوەری ئەو کاتی جیهان ڕێژەی شار نشین لە سەرەوەوو ,لە ساڵی 1850 ژمارەی مالکەکانی زەوی 7 بۆ 7,5 ملوێن بوون ,هەمان ژمارە لە ساڵی 1884 بووە 3,7 ملوێن (3). نیوەی زەوی فەرەنسا موڵکی 6% دانیشتوان بوو ,لە کاتێکدا جوتیاران زیاتر لە 68,3% دانیشتوانیان پێک دەهێنا .واتە 4% جوتیاران زیاتر لە نیوەی زەوی فەرەنسایان لە ژێر دەستدا بوو.

لە هەمان کاتدا فەرەنسە ولاتێکی پسشەسازی پێشکەوتوش بوو لە سەدەی نۆزدەدا ,لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە ,پاش ئەو شکستەشی لە ساڵی 1871 بەسەریدا هات ,هێشتا 10% کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهانی بەرهەم دەهێنا (4).دوو ئەندازەی ڕێژەی ئێستای.

لە ساڵی 1862 -1892 ژمارەی دەڕاسەکان لە 100733 ەوە گەیشتە 234380 ,هەروەها ژمارەی ئامێری تۆو کردن لە 10853 ەوە گەیشتە 52375 و تراکتۆر لە 8907 ەوە بۆ 23432 و ئامێری دورینەوەی گیا لە 9442 بۆ 38753 .(5).ئەمەش ئەوە دەرەخات سەرمایەداری لە لادێکانیشدا بەهێز بوو .گەشەی سەرمایەداری لە لادێ لە ئاستی بەرزدا بوو ,بۆیە گران بوو بتوانرێت جوتیاران بهێنرێتە کۆڕی تێکۆشانە وە دژ بە تیر .(6).دەتوانین ئەمە بە خاڵێکی بەهێز دابنێین بۆ پەرەنەسەندنی شۆڕش بۆ لادێکانی دەوروبەری پاریس بە تایبەت و فەرەنسە بە گشتی . لە 1871 فەرەنسا 90 ملوێن کگم خوری لە دەرەوە کڕیوە (7),کەچی لە ساڵی 1867 ەوە بۆ 1876 سالانە 21ملوێن کگم بەرهەمی چنین دە نێردرایە دەرەوە(8).ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات فەرەنسا نایتوانی پێداویستی خۆی لە خوری و لۆکە دابین بکات بۆیە پێویستی بەهێزی کار و بازاڕ و ولاتی کۆلۆنیاڵی هەبوو تا ئەو کەمهێنانە پڕ بکاتەوە.لەدەست دانی ئەلزاس و لۆرین لە جەنگدا زیاتر کێشەکە قول بوەوە . ئەلزاس و لۆرین ژمارەی دانیشتوانیان 1,9ملوێن و خاوەنی 1,4ملوێن هەکتار زەوی کشتوکاڵی بووئەمەش بووە هۆی کەمبونەوەی هێزی مرۆیی فەرەنسا ,هەروەها لە ئەلزاس و لۆرین پیشەسازییەکی پێشکەوتوی ڕستن هەبوودۆڕاندنی پێگەیی پیشەسازی فەرەنسا ای هێنایە خوارەوە ,بەلام زیانی ئەلزاس ولۆرین کاریگەرتر بوو ,بەتایبەت بۆ پیشەسازی پۆلاو ئاسن(9).

لە هێڵی شەمەندەفەر فەرەنسا لە جیهاندا لەو سەرو بەندە دووەم ولات بوو لە دوای ئەمەریکا دەهات ,لە ساڵی 1871 دا 17733 کیلۆ مەتر هێڵی ئاسنینی هەبوو (10). هەروەها لە ساڵی 1870فەرەنسا ژێرخانێکی بە هێزی پیشەسازی هەبوو (11).فەرەنسا لەسەرو بەندی شەڕی پروسیا تەنها 1,3ملوێن تەن ئاسنی بەرهەم دەهێنا (12).ناردەی فەرەنسا لە

1867ەوە بۆ سالّی 1876 بۆ دەرەوە تەنها 6,7ملیار فرەنک بوو ,کە دەیکردە 9 سالّ,کەچی لە سالّی 1912 بە تەنها ڕێژەی ناردەی گەیشتە 16,9 ملیار فرەنک(13).
سالّی 1869 لەو سەردەمەدا بۆرسەی پاریس بڕی 13 ملیار قەوالّەی بڕواپێدانی پێشکەشکرد (14).ئەمەش بارستایی گەورەیی ئابوری اەرەنسای لەو سەردەمە دەرەخست ,کە جێی متمانەی ولاّتان بوو
سەرباری ئەو قەیرانە ئابورییەی دەسەلاّتداریەتی فەرەنسا تێیدا دەژیا ,شەڕی پروسیا ش زیاتر قەیرانەکەی توندتر کردەوەو زیانی 9 ملیار فرەنکی ڕاستەوخۆ بە قەرەبوکردنەوەی زیانەکانەوە لێدا کە بەو دزییەی سوپای پروسیا کردی گەیشتە 10 ملیار(15).سەرباری لە دەست دانی ئەلزاس و لۆرین کە پێشتر باسی گرنگی ئەو شوێنانەمان کرد.
فەرەنسا لەهەولّی دا بینکردنی بازاڕ بۆ پیشەسازییەکەی و کەرەسەی خاوی هەرزان و پەیداکردنی هەژمۆنیا بوو لە جیهاندا , لە سالّی 1830 بۆ 1861 جەزائیری گرت,لە سالّی 1860بۆ 1861 سایغۆنی داگیرکرد,لە سالّی 1863 کەمبۆدیای خستە ژێر چاودێرییەوە,سالّی 1860لیمی سەربازی نارد بۆ سوریا ,سالّی 1869 قەناتی سویسی لێدا,بەمەش دەرگایەکی گەورەی لەبەردەم پەیوەندی جیهانی و بازرگانی جیهانی خستە سەر پشت.سالّی 1862ناپلیۆنی سێ ویستی مەکسیک بگرێت .بەلاّم سەرجەم ئەو شوێنانەی گرتبوی تا حەفتای سەدەی نۆزدە ناگەیشتە 518000کم2 و 3,4 ملوێن دانیشتوان ,لە چاو ولاّتانیکەی سەرمایەداری و ئیستعماری ئەو کات زۆر لە دواوە بوو . لە سالّی 1871 دا سەرمایەگوزاری لەدەرەوەی فەرەنسا داهاتی 485 بۆ 585 ملوێن فرەنک بوو بۆ فەرەنسە(ل16).

## کرێی کرێکار

سالّی 1871 کرێی کرێکاری پیاو 6 فرەنک و ژن 3فرەنک بوو (17), کرێی کرێکار لە سالّی 1871 تەنها 17% کرێی سالّی 1900 بوو(18).
کرێکاران لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە ڕۆژانە 11 بۆ 12کاتژمێر کاریان دەکرد لە کارگا گەورەکانلەبەرو بەندی کۆمۆنەدا سەعات کار لەوە زیاتر بوە بە شێوەی ئاسایی ,بەلاّم کرێکارانی کشتوکالّ و مانیفاکتۆرە بچوکەکان ڕۆژانە نزیک 16 کاتژمێر کاریان دەکرد (19).
تا سالّی 1874 سالّی تەمەنی کار 8 سالاّن بوو بۆ منالاّن, بەلاّم لە سالّی 1874 دا تەمەنی کار بەرز کرایەوە بۆ 12 سالّ,بەلاّم سەعاتی کار دیاری کرا بە 12کاتژمێر لە ڕۆژێکدا بۆ منالاّنهەروەها کاری شەوانە بۆ منالاّن شەوانی یەک شەمو وانبە تەنها یاساغکرا (20).هەرچی بێکارییە لە سالّی 1868 گەیشتە 3-4%(21).
تا سالّی 1884 یەکێتییە کرێکارییەکان لە فەرنسا بەشێوەی فەرمیمافی خۆ ڕێکخستنی ئازادیان نەبوو ,لەو سالّە ئەو مافەیان بە دەست هێنا ,لە سەرەتاوە 68 سانديكاو دواتر لە سالّی 1900 گەیشتە 2685 سانديكا (22)بە ئازادی کاریان دەکرد.

---

1- التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبد الالة النعيمي ..الجزء الثاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى.ل19.
2-ل19 هەمان سەرچاوە.
3-ل20.
4-ل25 هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5- ل10 هەمان سەرچاوەی پێشوو.
6- ل7.

7-ل32.
8-ل41.
9-ل26.
10-ل32.
11-ل29.
12-30.
13-ل40.
14-ل27.
15-ل25.
16-ل43.
17-ل51.
18-ل50.
19- ل52.
20- ل52-53.
21-ل53.
22- ل 56.

## فەرەنسا پێش کۆمۆن

مێژوی سیاسی نوێی جیهانی, له دوو سەدەی پێشوو, له مێژوی فەرەنسادا چڕ دەبێتەوە.ئابوورییەکەشی له ئابوری بەریتانیا شۆڕشی گەورەی فەرەنسە , شۆڕشی 1830 , شۆڕشی 1848,سەرجەم لەسەر زەوی فەرەنسا بەرپا کران و داهێنەر و قارەمانەکانیشی مرۆڤە فەرەنسی زمانەکان بوون.

شۆڕشی فەرەنسە بە دەست بەسەرا گرتنی زەوی دەولەمەندەکان , هەلوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی کەنیسە , لادانی سەرجەم ڕێگرییەکانی بەردەم گەشە سەندنی سەرمایەداری دەست بە کار بوو .بەم هەنگاوانە فەرەنسایان کردە پێشڕەوی شۆڕش له ئەوروپا , ئالای ( سەربەستی –یەکسانی –برایەتی)یەکەی هەموو ئەوروپای گرتەوە .تا ئێستاش پاش 202 سال مرۆڤایەتی شانازی بەو دروشمانەوە دەکات , زۆربەی پارتە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان بە لاسایی کردنەوە و لادان و زیاد و کەم کردنی وشە , دروشمەکانییان له دروشمی ناوەندی شۆڕشی فەرەنسەوە سەرچاوە دەگرێت .هەرچەندە شۆڕشی فەرەنسە یاسای شایلەری دەرکرد بۆ هەلوەشاندنەوەی ڕێکخستنە کرێکارییەکان له 17-7-1791 ,پێشتریش بڕیاری چەککردنی کرێکارانی دەرکرد .بابۆف ئەو شۆڕشگێرەی پێش ئەوەی هەلێبواسن له مەیدانی ڤاندۆم خۆی کوشت له 28-5-1798سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسە ووتی -ئەم شۆڕشە پەیوەندییەکی نوێی داهێنا لەسەر بنچینەی داکۆکی له مولکداری تایبەتی(1).

بەلام شۆڕشی فەرەنسا , یەکەمین شۆڕش بوو , ئاینی فڕێ دایە دواوە . تا ڕوخانی ئەرستۆکراتیەت(2) وازی نەهێنا,بە ئیعدام کردنی , لویس و ماری ئەنتوانێت و هاوکارانیان کۆتایی پێ هات .برۆدۆن ئاوا باسی دەکات:شۆڕشی فەرەنسە شتێکی مەزن بوو ,بەلام داواکەی نەشیاو بوو:بەرقەرار کردنی بەرابەری له ڕژێمێکی بەدیهێنەری نابەرابەری .شۆڕشی فەرەنسا ئامڕازی وەدەستهێنانی سێ دروشمەکەی خۆی یانی (ئازادی-بەرابەری-برایەتی)له بیر کرد.3

بۆربۆنەکان پاش دورخستنەوەی ناپلوێن بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ڤیێنا , بە پێچەوانەی ویستی خەڵک, گەڕانەوە سەر حوکم .بە داسەپاندنی سەرکوت و ئیستبداد , کپ کردنی هەر دەنگێکی جیا , داخستنی ڕۆژنامەکان ,درێژەیان بە دەسەلات دا.سالی 1830, پاش دروست بوونی کێشەیە نێوان پادشا و ئەنجومەنی نوێنەران , پادشا پەرلەمانی هەلوەشاندەوە جاری هەلبژاردنی نوێ درا لە ئاکامدا کۆماریخوازان بردیانەوە , پادشا ویستی هەلبژاردن هەلوەشێنێتەوە ,جەماوەر بەم بڕیارە ڕازی نەبوون , هاتنە سەر شەقامەکان ,لە ئاکامی شەڕو پێکداداندا, پادشا تێکشکا و هەلات.

بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە لە ئەوروپا , کە لە سالی 1835 تا 1842لە توندبونەوەدا بوو (4) ,نرخی پێداویستییەکانی ژیان چوە سەر ,بێکاری زیادی کرد ۆات و قڕی تەشەنەی کرد .لە فەرەنساش ,لە سالانی 1845-1846 دانرخی شتومەک , بە ڕادەی سەر سوڕهێنەر چو بوە سەلە,هەمان کاتدا بەفیرۆ دانی سەروەت و سامانی فەرەنسا ,لە لایەن پادشاوە , لە سالی 1847دا, قەیرانی توندترەوە کرد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شۆڕشی ئەوروپا , فەرەنساش بگرێتەوە(5). شۆڕشی 1848ی ئەوروپا , دژ بە پاشماوەی دەرەبەگایەتی بوو, کە ڕێگر بوو لەبەردەم گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان, و بەرین کردنەوەی ئازادییەکان.کرێکاران سەنگەریان لەسەر شەقامەکان گرت ,ڕژێمیپاشایەتیان ڕوخاند .ئەو بەلێنانەی , لە کردنەوەی کارخانەی نیشتمانی بۆرژوا بە کرێکارانی دابوو , پاش خۆقایم کردن ,دوای ماوەیەک , لێیان پەشیمان بوەوەبە دوایدا کەوتنە دەرکردنی کرێکاران , لە سەرەتاوە دەرکردنی کرێکارانی دەرەوەی پاریس بەلام کرێکارانی دەرکراو , خۆیان گەیاندە شاری پاریس . ڕۆژی 22-6 -1848 چوار سەد کرێکار ڕژانە سەر شەقامەکان ,کرێکارانی پاریسیان بۆ پشگیری لێ کردن بانگ کرد .خەلکی پاریسیش بە دەنگیانەوە هاتن ,سەنگەر لێدرایەوە , شەڕ دەستی پێکرد پاش یەک هەفتە , بەرەنگار بونەوەی کەم وێنە ,بە قوربانی دانی 30000 کرێکار و ڕەنجدەرپاریس لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە داگیر کرایەوە .ئەم جەنگە یەکەم جەنگی چینایەتی کرێکاران بوو , بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجامی دا بۆ یەکەمجار لە مێژودا , دروشمی بڕوخێ بورژوازی بەرز کرایەوە.وە یەکەم بەرەو ڕوو بونەوەی چەکداری نێوان کرێکاران و سرمایەدارانیش بوو لە مێژودا.(6)

---

1- ولايات المتحدة طليعة الانحطاط- روجية غارودي –جزء5).

2-لە سالی 1774 دا ,خێزانی پاشایەتی , لە 886 پاشا زادە و ژن و منالەکانییان پێک دەهات. لەگەڵ 6 هەزار, لەدەست و پێوەندو 10000 سەربازی پاراستن .لە سالی 1780 دا خەرجی یەک ژەمی خوانی پادشا 3,660,491 جونیە بوە.
الاشتراكية والشيوعية من 500 ق.م الى ما قبل ماركس . نزير جزماني سنة 2000 بيروت لبنان ص 140)

3- ئانارشیزم-مستەفا ڕەحیمی –وەرگێڕانی لە فارسییەوە ڕێباز مستەفا –سەردەم سلێمانی.

4-حركة نقابية العمالية اعالمية و العربية -مصطفى محمد غريب 27-2-2003 .سايدي حوار التمدن.

5-وليام فوستر –موجز تاريخ حركة النقابية العالمية –ترجمة عبدالحميد الصافي –ص128

6-کۆمۆنی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو –سلێمانی 2002 ل10.

## جەنگی ئەڵمانیا و فەرەنسا

سالی 1861, فریدریک ولیەمی چوارەم دەمرێولیەمی یەکەم جێگەی دەگرێتەوە ,کۆنت ئۆنفۆن بسمارکی بانگ کرد تا کاروبارەکان بە ڕێوە بەرێت (1).بزوتنەوەی یەکگرتنەوەی

ئەڵمانیا بەسەر کردایەتی بسمارک بەڕێوەیە لە فەرەنسا لویس پۆناپارت , برازای ناپلوێن پۆناپارت لە دەسەڵاتدایە ,لە پاش 12 کانونی یەکەمی 1851 ەوە, هەموو دەسەڵاتی بڕیار دان و ڕاپەڕاندنی لە دەستە.پاش ئەوەی بە کودەتایەک ئیمپراتۆریەتی دووەمی دامەزراند.تەواوی ئازادییە سیاسییەکانی سەرکوت کرد فەرەنسا و ئەڵمانیا , بەجووتە بۆ ڕزگار بوون لەو کۆت و بەندەی پێیانەوە بوو , پێویستیان بە سەرکەوتن هەبوو .فەرەنسا لە پەیمانی پاریسی 1815 و سستەمی ئیستبدادی ئیمپراتۆریەتی دووەم لە دوایساڵی 1848 ەوە لە دوا ساتەکانی ژیانی دەژیا [2] هەروەها بۆ بەرگری لە یەکێتی ئەڵمانیا , کە هەڕەشەی لە نفوز و دەسەڵاتی فەرەنساش دەکرد ,وە بۆ قەرە بوکردنەوەی ئەو شکستەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 1869دوچاری ببوو , کە لایەنگرانی 4,5 ملیۆن دەنگیان بە دەس هێنا ,کەچی ئۆپۆزسوێن 3,5ملیۆن دەنگیان هێنا ,ئەمە بۆخۆی بە مانای گەشەی ناڕەزایەتی و چونە سەری هێزی ئۆپۆسیۆن دەهاتبۆیە دەیەویست بە هۆی شەڕەوە , سەرنجی خەڵک لەسەر بلرۆوخی ناوخۆ لاببات و بە شەڕەوە خەریکیان بکات (3). ئەڵمانیاش بۆ سەرکەوتنی یەکێتی نەتەوایەتی پێویستی بەهەمان جەنگ هەبوو .دەیەویسا لە ڕێگەی ئەو سەرکەوتنەوە سەرکەوتنی نەتەوایەتی ئەڵمانی بسەلمێنێت.

ناپلیۆنی سێ لەشکر ساز دەبلۆ, مەبەستی بەرگریکردن لە یەکێتی ئەڵ مانیا , بە دوایدا داگیر کردنی ئەوروپپاۆشان کۆنترلٚ کردنی موستەعمەرەکان ئەوروپاش لە جیهاندا , کە تا ئەو کاتە وەک لە داهاتودا باسی دەکەین لە بواری داگیرکردنی وڵاتاندا فەرەنسا زۆر لە دواوە بوو .ئەمە ئەو خەونە بوو ,ناپلیۆنی سێ شەڕی لە پێناو هەڵگیرساند.

فەرەنسا لە دوولاوە بەهەڵەدا چوو بوولە لایەکەوە لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی خۆی , بەرامبەر هێزەکانی ئەڵمانیا .لە لایەکی کەوە وایزانی بەریتانیاو ڕوسیا , بە چاوی ڕەزامەندییەوە سەیری شەڕەکە دەکەن , پشگیری لێ دەکەن ,بەڵام ئەوان لایەنگرییان لە فەرەنسا دەرنەبڕی .هەروها ناپلوێن واشی لێکدابوەوە , کە نەمسا-مجر- ئیتالیا , دەبنە هاوپەیمانی فەرەنسا , شان بە شانی دەکەونە جەنگەوە.لە هەمان کاتدا وا مەزندە کرابوو خواروی ئەڵمانیاش بێلایەن بمێنێتەوە (4)فەرەنسا لە هەمان کاتدا دەشیەویست , خۆ لەو دورە پەرێزییە دیپلۆماتیە ڕزگار بکات بەدوای ئەم سەرکەوتنە , هێز بێنێتەوە گۆڕەپانی ئەوروپا.کە شەڕ دەستی پێکرد لە ڕوو کەشدا , فەرەنسا لەگەڵ گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئەوروپادا نەبووبەڵکە وای دەرەخستدەیەویست بەرەو ڕوی هێزی ئەڵمانیا ببێتەوە , کە ڕوو لەگەشە سەندن بوو پاش خۆ ئامادە کردن و سازدان و لەشکر کۆ کردنەوەیە, بە نیازی تێکشکانی بە پەلەی ئەڵمانیا لە 19-7-1870 بڕیاری شەڕ درا (5).پروسیاش دەستەوەستان دانەنیشتبوو ,پێش شەڕەکەبێلایەنی ڕوسیای مسۆگەر کردبوو ,ڕێگەی لەوە گرت ,لە دوو بەرەوە توشی شەڕ ببێت ,زۆرترین هێزی بردە بەرەی شەڕەوە ,تەنها یەک تیپی لە پشتەوەی بەرەی شەڕ بەجێ هێشت .ڕوسیا هەر لە ساڵی 1848-1849 ەوە کۆنە پارێزانی ئەوروپا , توشی هەر ڕاپەڕینێک دەبوون , هانایان بۆی دەبرد ,بە شێوەی گشتی , تزار ببوو بە بەڕێوەبەری کۆنەپەرستی لە ئەوروپائەو خەون و خەیاڵەی ناپلوێن دەیبینی , دەیەویست لە ڕێی ئەم شەڕەوە, کۆشکی دەسەڵاتدارییەتی پێ برازێنێتەوە , ببێ بە دەسەڵاتداری ئەوروپاو جیهان, هەموی ئاوەژوو بوەوە بەرەو ڕوی شکست بوەوە , لە بەرامبەر ئەو لەشکرەی کە بە هیچی دانەنابووکەچی بەرەو ڕوی لەشکرێکی نوێ بوەوە .شەڕ لە سابرۆکی دەستی پێکرد لە سەرەتادا فەرەنسیەکان سەرکەوتنیان بەدەسهێنا ,بەڵام دواتر توشی زنجیرەیەک شکستی یەک لە دوای یەک بونەوە , بە ناچاری پاشە کشە دەکەن بۆ ئەلزاس و لۆرین .لە 4-8 پروسییەکان لە سیدان تێکشکانێکی گەورە بەسەر سوپای فەرەنسادا دەسەپێنن ,لە 2-9

هەموو سوپای فەرەنسە لەپێشیانەوە ئیمپراتۆرو 39 ژەنەال و 86 هەزار سەرباز بە دیلگیران (- 6)

.لە کۆی 120000 سەرباز 86000 بە پادشاوە لە ولـهلمزهی سیدان تەسلیم بوون و خۆیان بە دەستەوەدا.یەکسەر لە زۆر شوێنی پاریس خۆپیشاندان دژ بە پادشا دەستی پێـکرد .بسـمارک پەیمانێکی سەر شۆڕانەی سەپاند بەسەر لویس پۆناپارتدا بسمارک لەسەرەتای شەڕدا , ڕای گەیانشەڕی ئەو لەگەڵ لویسە نەک فەرەنسا ,بەڵام بەدوای شکستی ناپلۆێنی سێ ,سـنوری بەزاند و چوە قولایی فەرەنساوە, تا لێواری پاریس ڕانەوەستا.

بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە ,ئەلزاس و للورین دەدرێت بە پروسیا ,لەگـەڵ بـژاردنی زەرەر و زیانی شەڕەکە, کە بە 5 ملیار فرەنک دیاری دەکرائەمـە لـە کاتێـکدا فەرەنسـا , لـە پێـش شەڕەوە خەزێنەی بە تاڵ بوو و بەدەس قەیرانی توندی ئابوریییـەوە دەینالاند .پـاش مـۆر کردنی پەیماننامەکە, لویس پۆناپارت,گەڕایەوە بۆ پاریس , بە مەبەستی جێ بە جێ کـردنی ڕێککەوتننامەکە ,بۆ پاوستنی دەسەڵاتی ویستی خەزێنەو گەنجینەی فەرەنسا , کە بـە بـاج و سەلەم و بە زۆرو زۆرداری ,لە گیرفانی کۆمەڵانی خەڵکیان دەرهێنابوو, بەرێت بۆ بسمارک. برسییەتی و نەداری ,کاولکاری و ماڵوێرانی و شەڕکوشت و بڕو زبرو زەنگ , نەبوونی هـەر ئازادییەک ,18 سـاڵ بـووهـەموو د ەنگێـک خەفـە کرابـوو ,دەرگـای هـەموو ڕۆژنامـەکان داخرابوونتێکشکان وپەیمانی سەرشۆڕانە , بوونە هەوێـنی سـەرهەڵدان و لـەدایک بـوونی ڕاپەڕینی جەماوەری.هەواڵی تێکشکان فەرەنسـای ڕاچـەڵەکاند .لـە 2 سـەپتەمبەری 1870 ڕاپەڕین دەستی پێکردحکومەتی شپرزەی پۆناپـارت نـەیتوانی خـۆ لە بـەردەم قـینی پـەنگ خواردوی جەماوەر ڕاگرێت کرێکار و سەرمایەدار ,قوتابی و سەربازان ,پیشەگەرو فەرمانبەران هەموو بەیەک دەنگ داوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتییان دەکرد . ناپلوێن بـە چـۆکدا هـات و ڕێگەی هەڵاتنی گرتە بەر ,لە 4 سـەپتەمبەر کۆمـار ڕاگەیـەنرلـە سـەرکردایەتی ژەنـە ڕاڵ ترۆشۆ.ئەنگلز دەڵێ( کرێکارانی پاریس بوون کە لە ئەیلولی 1870 دا ئیمپراتۆریەتی کۆنیان گسک دا کە ڕادیکالیستە بۆرژواکان هەتا جورئەتیان نە کرددەستیشی بـۆ درێـژ بکـەن .)(7) .

هەوادارانی پلانکی لەو باوەڕەدا بوورموڵەتی کاتی جگە لـە دیـوە ڕوو زەرد و قوپاوەکـە ی ئیمپراتۆری شتێکی کە نی یە ,دەوڵەت لە شـۆڕش زۆرتـر دەترسێـت نـەک لـە ئەڵمانـەکان .بەهۆی هەڵاتنی ناپلۆێن و ونبونییـەوە و ئـەنجام نـەدانی هـیچ بەرگرییـەک لـە لایـەن کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە ,کە لەو کاتەدا کرێکاران بێ ڕابەرو بەرنامـە بـوون ,بەشێـوەی خورسکی ڕژابونە سەر شەقام.هەموو ئەو باڵانەی بۆرژوازی کە لـە پـاش کودەتاکـەی 1851 دەسەڵاتیان لە دەس دابـوو , گەیشـتنەوە بـە دەسـەڵات , حکومـەتی خیانـەت بـە گـەلیان دامەزراند.

حکومـەتی تـازە بـە دەسـەڵات گەیشـتوو, یەکـەم هـەنگاوی دروسـت کردنـەوەی هێـزە سەرکوتکەرەکان بووبۆ ڕێگە گرتن لـە هـەر هەڵچ ونێـکی جـەماوەری ,وە دامرکاندنـەوەی گیانی شۆڕشگێڕانە ,ناوی ئەو سوپایەی نا (پاسەوانی نیشتمانی).پایەی ئەم دەوڵەتە لەسەر ووڵات فرۆشی و چەوساندنەوەی تونـد و تیـژی زەحمەتکێشـان و داسـەپاندنی زبـرو زنـگ دامەزرابوو.نایتوانی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانی زەحمەتکێشانبهێ نێـت ,سـەرنجی جەماوەر بۆ لای دەسەڵاتەکەی ڕابکێشێت .ئـەم دەوڵەتـە ئەوەنـدەی لـە کرێـکارانی پـاریس دەترساهێندە لە لەشکری پرۆسیا ناترسا .لە 18 سێپتەمبەر لەشـکری پروسـیا ئابلوقـەی شاری پاریس دەدەن , کرێکاران لە سەنگەرەکاندا دەجـەنگان ,بـەڵام دەوڵـەت گـوێ ی کـەڕ کردبوو لەبەرامبەر داخوازکانیان ,وەڵامی پێیان نادایەوە .کە داوای زیاد کردنی بەرهەم هێنان و چەک و باشتر کردنی باری ژیانیان دەکرد.

هەولْ بۆ کردنەوەی ئابلۆقەی شاری پاریس دەدرێت ,لە ناو شار لە 5-10 خۆپیشاندان بەردەوامە, 10000 کرێکار بە پارێزگاری سەدان پاسەوانی نیشتمانی , داوای گۆڕینی سەرکردەکانی پاسەوانی نیشتمانی و سەرلەشکرەکان دەکەن ,هەروەها بەرەنگاری پروسیاش,خۆپیشاندران ئەنجومەنی شارەوانی پاریس دەگرن , بۆخۆیان ئەنجومەنێکی شارەوانی هەڵدەبژێرن,پێکهێنانی کۆمیتەی ناوەندی کۆماری بۆ هەر بیست گەڕەکی پاریس ,کۆمیتەکە ئامانجی سەرەکی دروست کردنی کۆمۆن بوو ,بەڵام حکومەتی ترۆشۆ لە هەڵبژاردن دەترسێت, نوێنەری ڕێکخراوە سۆسیالستەکان و ئنتەرناسوێنالیزمی تێدا بوو .دەولەت لە 10-10بڕیاری گرتنی پلانکی (یەکێک لە سەرکردە هەرە سەرسەختەکانی جەماوەر) دەرەکات.زستانەکی ساردە پلەی گەرما 15 پلە لە ژێرسفرەوەیە .بەهۆی ئابلۆقەوە خۆراک ناگاتە شار ,شتومەک بە ڕادەی سەرسوڕهێنەر چووەتە سەر.جەماوەر لە برسان و سەرمانتوس لە پروسیا داوای هەڵبژاردنی کۆمۆنییان دەکرد ,ئەوان ئومێدییان بە حکومەت نەمابوو.تا لە 31-11-1870 سوپای فەرەنسا هەولێکی نەزۆکی بێ ئەنجامی دا بۆ شکاندنی ئابلۆقەی پاریس بەڵام شکستی خوارد .خۆپیشاندان دژ بە سەرکردە بەزیوەکان لە پاریس دەس پێ دەکات خۆپیشاندەران شارەوانی دەگرن و داوای ئەوە دەکەن , 1-12-1870 هەڵبژاردنی کۆمۆن ئەنجام بدرێت ,بەڵام حکومەت ئەو ئێوارەیە شارەوانی دەگرن و هەولەکە پوچەڵ دەکەنەوە.5-12 نوێنەرانی 20 گەڕەکەکەی پاریس بڵاوکراوەی سور دەرە کەن و داوای هەڵبژاردنی کۆمۆن دەکەن.پلانکی لە خۆپیشاندانەکەی 31-10 لە پێشەوەی جەماوەرەکەدا بوو.خەباتی 31-10 لە هەموو کاتێک زیاتر مۆرک و ڕەنگی سۆسیالستی پێوە دییار بوو.

پاش ئەم سەرکەوتنە ی پروسیا, لەم جەنگەیدا, لە 18-12-1870, بسمارک یەکێتی ئەڵمانیا ڕادەگەیەنێت.

ڕۆژی 22-12-1870, هەزاران کرێکارو پاسەوانانی نیشتمانی,خۆپیشاندان سازئەکەنەوە , دژ بە حکومەتی بەرگری نیشتمانی ,بەرامبەر بەو خیانەتانەی لە سەروەری نیشتمان کردی.خۆپیشاندانەکە سەرکوت کرا ,چەندین کرێکار شەهید کران.

ماکسیم ڤیو دەڵێت (ڕاپەڕینی 18-3 ,زادەی هەمان تورەیی و خرۆشی 31-10 و 22-12 بوو)(8).

لە ڕۆژی 23-12-,1870جۆل فافەرچاوی بە بسمارک لە ڤێرسای ** کەوت , لە سەر ئەوە ڕێک کەوتنکە پاریس تەسلیم بە پروسیا بکرێت ,ڕۆژی 27-12 هەوالی ڕێککەوتننامەکە, لە ڕۆژنامەکان بڵاو کرانەوە .لە 28-12-1870ئاگربەست لە نێوان هەردولا دەستی پێکرد . لە 8-2-1871هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەنجام درا لە هەلومەرجێکدا , پاریس لە شوێنەکانی کەی فەرەنسا دابڕابووەوە کاتی پێویست نەبوو , بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن ,تا خەڵک بە ویستی خۆیان ,نوێنەرانیان هەڵبژێرن .لە ڕاستیدا ,ئەم هەڵبژاردنە ,دەنگدان بوو بۆ شەڕ یان ئاشتی .پاشایەتی خوازان ,لەگەڵ ڕێککەوتن , وە کۆماریخوازان ,لە گەڵ شەڕ بون.لە پاریس زۆربە لە کۆماریخوازان دەرچوون بەڵام لە شوێنەکان کە , پاشایەتی خوازان دەرچون(9).لەم هەڵبژاردنەدا ,لایەنگرانی ئاشتی 400 کورسی ئەنجومەنی نیشتمانییان بە دەس هێنا.لە 17-2-1871, کۆمەڵەی نیشتمانیتیر دوژمن بە گەلی هەڵبژارد , بە سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن(10). لە 19-2-1871 , تییر حکومەتی لە بۆرژوازی و پاشایەتی خوازان پێک هێنا .لە 26-2-1871 پەیماننامەیەکلە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسە دەبەسترێت .بە گوێرەی ئەلزاس و لۆرین دەدرێت بە ئەڵمانیا .ناوچەی لۆرین بە هەرێمی متزوتیون ڤیلوەوئەلزاس بێ بلفۆرت و دەورو بەرەکەی لە پاڵ دەست بەسەرا گرتنی , سێ یەکی خاکی فەرەنسە ,تا قەرەبوی زیانەکان دەکرێتەوە ,کە دیاری کرابوو بە 5 ملیار فرەنکی فەرەنسی ,

ملیارێک لە ساڵی 1871و ئەوی دیکەش لە سێ ساڵی داهاتوودا بدرێت ,لە پاڵ 5% قازانج ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەدرێتلە.پاڵ دیاری کردنی ڕادەی هێزی سەربازی فەرەنسا , وەک داسەپاندنی پەیماننامەی سەرشۆڕانە بەسەریدا ,ئەمەش بۆ جێ بە جێ کردنی , دەبوایە نیوملوێن سەرباز لە سوپا دەربکرێت (11).لە 1-3-1871 کۆمەڵەی نیشتمانی , بە پەیمانی ئاشتی ڕازی دەبێت ,547 ئەندام لەگەڵ پەیماننامەکە و 107 دژ بوون ,بەڵام پاسەوانانی نیشتمانی لە گەڵ بەرگری بوون خەڵکی پاریس بە کۆمەڵ پشتگیری لێ دەکردن ,کرێکاران و ڕەنجدەران ,نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازان ,دوکاندار و پیشەگەران هەموو هاوکاریانیان دەکرد. سوپای پروسیا لە ناو پاریس نمایشێکەنجام دەدا ,لەشکری پروسیا لە لێواری پاریسە و چاوی بڕیوەتە ئەلزاس و للورین و بژاردنی زیانەکانی شەڕ ,بسمارکیش داوا ی کۆبونەوەی بە پەلەی کۆمەڵەی نیشتمانی دەکرد , تا لە 8 ڕۆژدا کۆببنەوە و مەسەلەی شەڕ و ئاشتی یەکلابکەنەوە .لە 3-3-1871 کۆمیتەی ناوەندی بۆ پاسەوانی نیشتمانی دروست دەکرێت,کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانی نیشتمانی ,هەرچەندە درەنگ هەڵبژێردرا ,بەڵام هەر لە سەرەتاوە جەماوەر پشتگیری لێ دەکرد .وەک دەوڵەتێک, لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەنجومەنی نیشتمانییەکەی تییر مامەڵەی دەکرد .لە 10-3 ئەنجومونی نیشتمانی چەند بڕیاری ترسناک دەرە کات, ئەویش بڕیاری دواخستنی دانی کرێی خانوو هەڵدەوەشێنێتەوە ,کە هەژارانی پاریس لە کرێکاران و وردە بۆرژوا بەدەس کرێی خانوەوە دەیان ناڵاند ,ئەم بڕیارە لەخزمەت خاوەند خانوەکان بوو , بەم هۆیەوە هەزاران کەس لە خانووەکانییان دەرکرانە دەرەوەو کەوتنە سەر جادەکان ** .هەروەها لە بڕیارێکی کەدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تەواوی پلەکانی ناو پاسەوانی نیشتمانی دا ,تا متمانەی وە ک هێزێکی چەکدار نەهێڵێ ,هەروەها پاریسیشی لە پایتەختی خستلە جێگەی ڤێرسای کردە پایتەخت ,چونکە لە ڕوی سیاسییەوە پاریسیان لە دەستدا نەبوو وەک هێزی جەماوەر .ئەمانەو 6 ڕۆژنامەشیان داخست وەک هەنگاوێک بۆ کپکردنی ڕای جەماوەر و سەرکوت کردنی ئازادیە سیاسییەکان , بەرامبەر بە مل کەچ کردنیان بۆ فەرەنسا و خۆشکردنی زەمینەی داسەپاندنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانە بەسەر جەماوەردا لەهەموو بڕیارەکان ترسناکتر , بڕیاری ئیعدام کردنی پلانکی و فلۆرین دەرکرا کە لە ژێر ئاگری تفەنگدا ,کارو چالاکییەکانیان , وەک دوو ڕابەر و سیمای ناسراو ئەنجام دەدا(12)ئەم بڕیارانە خەڵکی ناڕازی کرد .تیر ویستی بەهەر چەشنێک بووە, داخوازەکانی بسمارک جێ بە جێ بکات بۆ جێ بە جێ کردنی داخوازەکانی , پێویستی بەوە هەبوو, چەک و تۆپەکانی (پاسەوانی نیشتمانی)بدات بە دەستەوە ,پاسەوانی نیشتمانی لە پاریس,وەک دەسەڵاتی دوولایەنە مامەڵەیان دەکرد , لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی,هەیبەتی حکومەتەکەی تیریان نەهێشتبوو ,تیر بۆ گەڕانەوەی ناوەندی دەسەڵات بۆ حکومەتەکەی و جێ بە جێ کردنی پەیماننامە سەر شۆڕانییەکانی , ویستی پاسەوانی نیشتمانی چەک بکات .تۆپەکانی پاسەوانی نیشتمانی, لە بەرزاییەکانی مۆن مارتەر بوو, لە ناو شاردا.لە 16-3 تییر دەسەڵاتدارانی شاری بانگ کرد بۆ شارەوانی .لە 17-3, لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە,نەخشەی چەککردنی پاسەوانانی نیشتمانی داڕێژرا ,ژەنەراڵەکانیش بەشدار بوون ,ژەنەرال ڤیوا دیاری کرا ,بەسەرپەرشت کاری بڕیارەکە ,بڕیار درا بەزو ترین کات بڕیاری چەککردنی پاریس جێ بەجێ بکرێت.بۆیە لە 18-3-1871 بڕیاری چەککردنی (پاسەوانی نیشتمانی )بە,ناوی ئەوەی گوایە ئەو تۆپانە مولکی دەوڵەتن ,بۆیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەوڵەت .بەمەش دەیەویست, لە لایەکەوە بڕیارەکە جێ بە جێ بکات ,لە لایەکی کەوە ,مەترسی,پاخی بونەوە لە دەسەڵاتەکەی لابات بەڵام پاسەوانانی نیشتمانی , بە بڕیارەکە ڕازی نابن چونکە ئەو چەکانە , ئەوانە بون ,کە پاسەوانانی نیشتمانی ,لەو شوێنانە ڕزگاریانی کردبوو ,کە پرۆسیا داگیری کردبوو,بۆیە مولکی دەوڵەت نەبوون .

دیاره دەس گرتن بەسەر چەکەکاندا ,بەمانای دەس گرتن بەسەر پاریس دەهات.

برسیەتی و گرانی ,بێکاری ونەخۆشی و هەژاریی ئالّی بەسەر پاریسدا دادەگرێت .خەلّک تەنگەتاو دەبن لەم بارودۆخە ناسکەدا , بۆرژواکان بە خۆیان و خەزێنەو سەروەت و سامانیانەوە, لە پاریس هەلّدێن نیشتمان لە ناخۆشرین رۆژەکانیدا ,بۆ کرێکارا ن و رەنجدەران بەجێ دەهێلّن.ئەمە پیشەی بۆرژواکانە, لە قەیرانەکاندا ,بەخۆیان و خەزێنەیانەوە, ولآت بەجێ دێلّن , قەیران قولتروە دەکەن و ولآت بە وێرانی بەجێ دێلّن.هەموو کاتیش داوا لە هەژاران دەکەن نیشتمان بپارێزێت ,زەوی و ئاسمانی مولّکی خۆیانە.

بریاری جێ بە جێ کردنیش وابوو ,کاتژمێر 2ی شەو هێرش دەس پێ بکرێت ,پۆلیسیش بریارە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتە هەلّبژێردراوەکانی 20 گەرەکەکی پاریس و , لقی فەرەنسای ئنتەرناسیۆنالیزم بگرن .شەر کاتژمێر 5 بەیانی 18-3 دەستی پێکرد ,بەرگری بێ وێنەی پاسەوانانی نیشتمانی ,شکتی بە نەخشەکانی تییر هێنا .خەلّکی پاریسیش رژانە سەر شەقامەکان.کەوتنە سەنگەر لێدان ,بەشێوەی گشتی سەربازان خۆ بەدەستەوە دەدەن و ئەفسەرانیش هەلّدێن و خۆ دەشارنەوە .خەلّکەکە دروشمی بژی کۆمار بژی کۆمۆنیان دەوتەوە,تەواوی بالآخانەکانی شار دەستیان بەسەردا گیرا ,چەک وتەقەمەنییەک زۆر گیرا ,تەنها لە قەلآی فانف 450000 تفەنگ دەسکەوت بوو(13).

لەوکاتەی تیرچەوی بە چەک کردنی پاسەوانانی نیشتمانی و , پراکتیزە کردنی پەیمانناممە سەرشۆرییەکەوە دەبینی بۆ بە شۆرش , بواری مانۆرو بیرکردنەوەی نەمابوو ,کرێکاران و زەحمەتکێشانی پاریس, راپەرین لە کۆی 300000سەربازی بەرگری نیشتمای , تەنها 300 کەس بەدوای داخوازەکانی تییردا چوون ,ئەوانی دیکە پەیوەست بوون ,بە بەرەی شۆرشەوە(14)دەست بەسەر بارەگای شارەوانیدا دەگرن و تییر لە پاریس هەلّدێت .بریاری هەلّبژاردنی کۆمۆن دەدرێت.


1- تاريخ قرن التاسع عشر محمد قاسم حسين 1928 قاهره.

2- التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبد الالة النعيمي ..الجزء الثاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى.ل5

3-عرض اقتصادي تاريخي (طبعة باتريس لومبا للصداقة بين الشعوب )دار الفارابي 1981 ص413.

4-السراع على سياده فى اوروپا 1848-1918 ترجمه د.هاشم نعمه د .يوئيل يوسف عزيز.

5 طريق عدد خاص شهر 6-7 ,سنة 1971 يوميات كومونة في سطور ص82.

6- التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبد الالة النعيمي ..الجزء الثاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى ل5.

7-کۆمۆنی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو سلێمانی 2002 ل15.

8-هەمان سەرچاوەی ژمارە 5 ل24.

9-حرب اهلية في فرنسا ص49.

10-طريق عدد خاص شهر 6-7 ,سنة 1971 يوميات كومونة في سطور ص82.

11-الحرب الاهليه فى فرنسا – كارل ماركس ێ 51.

12- ايام كومونة باريس و دروسها التاريخية –فكر جديد ص 232.

13- کۆمۆنی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو 2002 ل34.

14- حرب اهلية في فرنسا ص49.

*ڤێرسای شارێکی بچوکە لە تەنیشت باریس کۆنە قەلاو بنکەی ڕژێمی پاشایەتی لێ بوو(گاورباخی ژمارە 6 -2003 - کیسرا هەورامی).
**-هەمان سەرچاوە.

## کرێکارانی فەرەنساو ئەڵمانیاو هەڵوێستیان لەسەر شەڕ

لە هەل و مەرجی بەرپا کردنی کۆمۆنی پاریسدا ,نێونەتەوەیی یەکەم 29 لکی لە پاریسدا هەبوو,هەروەها بەسەر زۆربەی ڕێکخراوە کرێکارییەکانیشدا بالادەست بوو ,لەوانە 34 ناوەندی سەندیکایی و 43کۆمەڵەی هەرەوەزی (1).بەلام ئەندامانی یەکێتی ئایدۆلۆژییان لەناوخۆدا نەبوو,بەوش ببون بەسەر پلانکی و مارکسی و یەعقوبی و برۆدۆنی .ئەوانەش لە چەپ و ڕاستی مارکسیستەکانەوە بوون ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچونە جیاجیایانە , لە بڕیارو کردارەکانی کۆمۆنەدا دەرکەوت.

8 یۆلی, واتە 11 ڕۆژ پێشەوەس پێکردنی شەڕ , دەوڵەتی فەرەنسە ,بە بڕیارێک , ئەندامانی لقی فەرەنسای ئەنتەرناسیۆنالیگرت و دادگاییانی کرد (2).بەلام لە ڕۆژی 12 ی یۆلی, لقی فەرەنسا, پاش ئەو تێسرەواندنەی لێی کەوتبێ گوێدانە دادگایی کردنی ڕابەر انی, ناوەڕۆکی خۆئامادە کردنی شەڕی ڕسوا کرد ,لە بانگەوازێکدا وتی :(ئەی کرێکارای ئەڵمانیاو فەرەنسا و ئیسپانیا لە دژی شەڕ دەنگی خۆمان تێکەڵ بەیەکدی بکەین .شەڕکردن بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەیەکی موڵکدارە, لە ڕوانگەی کرێکارانەوە لە شێتییەکی پڕ تاوان زیاتر ,شتێکی دیکە نی یە)(3).پاشان سێ ڕۆژ بەدوای دەس پێکردنی شەڕ ,جارێکی کە , لقی فەرەنسای ئەنتەرناسیۆنال ,هەمان هەڵوێستی دوبارە کردەوە ونوسی ( ئایا ئەم شەڕە ,شەڕێکی ڕەوایە؟نا,ئایا ئەم شەڕە نیشتمانییە؟نا ...تەنیا شەڕی بنەماڵەیەکی موڵکدارە ,ئێمە بەناوی مرۆڤایەیەتی و دیموکراتیەت و بە ناوی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی فەرەنسا ,بەشداری نارەزایی ئینتەرناسیۆنال دەکەین و دژی شەڕ دەوەستین )(4).بەهەمان شێوە کرێکارانی ئەڵمانیاش لە 16-7 لە برانگشۆت , کۆبونەوەو هاوکاری تەواوی خۆیان بۆ کرێکارانی فەرەنسا, دژ بە شەڕ دەربڕی , وتیان:(بەناوی دیموکراتیەتی ئەڵمانیا بە گشتی ,و بەناوی کرێکارانی ئەندامی حیزبی سۆسیال -دیموکراتی ئەڵمانیا بە تایبەتی ,ڕایدەگەیەنین کە ئەم شەڕە شەڕی بنەماڵە موڵکدارەکانە و ئێمە بە گەرمی دەستمان دەخەینە ناو ئەو ئەو دەستی برایەتی یەی کە کرێکارانی فەرەنسا بۆیان درێژ کردوین)(5).دوای دەست پێکردنی شەڕو تێکشکان و بە دیل گیرانی ناپلوێنکرێکاران وەک پەلێکی چالاک لە کۆمەڵگە , بەشداری نارەزایەتی یە جەماوەرییەکانیان کرد و بە ئالای سورەوە , ڕژانەسەر شەقامەکان , داوای کۆمارییان کرد.

---

1-حرب اهلية في فرنسا ص78
2-طريق –عدد خاص شهر 6-7 سنة 1971 يوميات كومونة.
3- کۆمۆن-ئەوبەکر خۆشناو –ل 15.
4-هەمان سەرچاوە .
5- کۆمۆنەی پاریس –ئەبووبەکر خۆشناو-ل16

# هۆكارەكانی سەر هەڵدانی كۆمۆن

كۆمەڵێك هۆكار, بونە هۆی, سەر هەڵدانی كۆمۆن, گرنگ ترینیان ئەمانەی خوارەوەن:-

-شەڕ لە گەڵ ئەڵمانیاو شكستی وڵاتەكەیان.

-خۆبەدەستەوە دانی دەسەڵاتداران قەبوڵ كردنی پەیماننامەی سەرشۆڕانەو , سازش كـردن بە نیشتمان . بردنی خەزێنەی دەوڵەت بۆ پروسەكان,كەبە بـاج و سـەلەم كـۆ كرابـوەوە لــە خەڵك.

-بڵاوبونەوەی هەژاری و نەداریئابڵۆقەی توندی ئابوری لەســەر شــار ,گـرانی ,نەخۆشــی ,ئەمانە هەموی ژیانیان لە پاریسدا, كرد بوو بە دۆزەخ.

-هەرەس هێنانی وردە بورژوازی, بەهۆی باج دانەوە , شەڕەكە لە سەریانی زیاد كردبوو.

ڕاگرتی ئەو یاسایانەی , كە بەگوێرەیانكرێی دواخراوی خانوو ڕاگرترێـت ,هــەروەها ئــەو قەرزانەی كە كاتی ورگرتنـەوەی دواخرابــوو , وەرگرترێــتەوەئەمــەش دوكانــدار , پیشــەگەر, بازرگانەكانی موفلس كرد.

پێكهاتەی كۆنەپەرستانەی ئەنجومەنی نیشــتمانی , بڕیارەكــانی لــە خزمــەت جــەماوەردا نەبوو.

-نارەزایی جەماوەر, لەو سەركردانەی ,توانای دەسەڵات كردنیان نەبوو.

-بڕیاری چەككردنی پاسوانانی نیشتمانی, گرنگترین هۆكار بوو, بۆ تەقینەوەی ڕۆژی 18-3.

گەشە كردنی بیركردنەوەی سۆسیالستی و یەكســنیخوازانە , لــە ڕیزەكــان جــەماوەر ,بــە بۆچون و بیركردنەوەی جیاجیاوە, لە پلانكییەوە بۆ ماركسیستی.

-داخستنی 6 ڕۆژنامەی كۆماری, سەپاندنی باجی 2 سەنت بۆ هەر ژمارەیەكی چاپەمەنی.

-سەپاندنی بڕیاری مەرگ , بەسەر پلانكی و فلۆرانس ,كە دوو ڕابەری هەرە دیــاری خــەباتی جەماوری و بزوتنەوەی كرێكاری بوون* .

ئەم خاڵانەی باسمان كرد, گرنگترین هۆكار بوون, كە بونە هۆی بەرپا كردنی كۆمۆنە .

بە بەرپا كردنی كۆمۆن دوو ئەرك ئنجام درا_

ا ڕزگار كردنی پ اریس, لــە چــنگ پەیماننامــەی خۆفرۆشــانەی بــۆرژوازی ,كــە ســازش و سەودای لەگەڵ پروسییەكان دەكرد .وەك ئەركێكی نیشتمانی .(لە هەمان كاتــدا,دوای كۆمۆنــە ,لە ساڵی 1875 ەوە, سستەمی پاشایەتیۆ هەتا هەتایە تورِ دراو نەگەڕایەوە ).تا لە ساڵی 1879 بۆ یەكجاری زۆرینەی كۆماری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و سەركردایەتی بێ منافســی كۆماری كرد(1).

لینین ڕەخنەی لەم تێڕوانینەی كۆمۆنارەكان گرت و ووتی :كۆكردنــەوەی ئــەم دوو ئامانجــە دژ بە یەكە ـنەتەوەیی و سۆسیالستیی -هەڵەی گــەورەی سۆسیالســتەكانی فەرەنســا بــوو .**(2)

2ڕزگاری سۆسیالستی چینی كرێكار و ســتەمدیدانی كۆمــەڵ , لــە ژێــر ســتەمی دەســەڵاتی بۆرژازی ,ئەمەیان وەك ئەركێكی چینایەتی

---

1-الان غريش –تسكين مسالة لطرح مسالة الاجتماعية .

2- نصوص حول المسائل العسكرية – ص 152.

---

پەراوێز

---

*-(لەداخەوە تا ئێستا , بە تايبەت پلانكی ,بارستايی خۆی نەدراوەتێ لە بەرپا كردنی كۆمۆنەكە یەكێك لە ڕابەرە هەرە دیارەكانی بوو .كە ئەمەش لە لایەن ماركسستەكانەوە ئەنجام دراوەو لە ڕۆڵی كەمكراوەتەوە).

**-.(ئەم بیركردەوەیەش قسەهەڵەگرێت ,ئایا بە هەق كۆمۆن دەوڵەتێكی سۆسیالستی بوویان كۆمارێكی بێ سەرەك كۆما ری دیموكراتیك بوو , هەندێ داخوازە دیموكراتیكەكانی بەجێ گەیاند,قسە كردن لەسەر ئەمە هەلە گرین بۆ بەشەكانی داهاتوو).

پاشان ئایا كۆمۆنارەكان جگە لە كۆكردنەوەی ئەم دوو دروشمە پێكەوە ڕێگەی دیكە لە بەردەمیاندا هەبوو ؟؟؟لە كاتێكدا داكۆكی لە نیشتمان داواكاری خەڵكی پاریس بوو .ئەگەر داكۆكییان لە نیشتمان نەكردایە چییان بكردایە,ئەم ئەركەیان بە كێ بسپاردایە كۆنەپەرستانی هەردوو وڵات یەكگرتوو بوون بۆ تێكشكاندنی كۆمۆنە .بە بڕوای من كۆمۆنارەكان هەلومەرجەكەیان باش خوێندبوەوەو سەروەرییەكیان بەجێ هێشت بەوەی ئەوان سوارچاكی داكۆكی لە نیشتمان بوون نەک دەسەڵاتداران .تێكەڵ كردنی ئەركە نیشتمانی و چینایەتییەكان داهێنانێكی سەركەوتوانەی كۆمۆنارەكان بوو.بەشی زۆری ئەوانەی پشتگیرییان لە كۆمۆنە ئەكرد بە هۆی ئەم هەڵوێستەی كۆمۆنەوە بوو.

## هەڵبژاردنی كۆمۆن

ڕۆژی( 19 -3 )ەیە , پاریس ئازادە ,نە حكومەتی تیر وە نە سوپای داگیركەری پروسی تێدایە ,ئەو ڕۆژە لە بەیانی زووەوە شار جمەی دێت .كرێكاران ودوكاندار ,پیشەگەرو ڕۆشنبیران,پاسەوانانی نیشتمانی ,ژنان و منداڵان,گەنج و لاو,ڕژاونەتە سەر شەقامەكان.هەریەكەیان دنیایەک ئاوات و ئامانجیان لە كۆڵ ناوە . حكومەتی تییر هەڵاتوە بۆ ڤێرسای ,دەسەڵاتداریەتی پاریس بۆ پاسەوانانی نیشتمانی بە تەنها ماوەتەوە.

ئەو ڕۆژە كۆمیتەی ناوەندی پاسەوانانی نیشتمانی لە بارەگای شارەوانی پاریس ,كە لە بان باڵاخانەكەی ئاڵای سور دەلەرێتەوە .بەیاننامەیەكی ڕوو لە خەڵكی پاریس و هاوڵاتیان دەركرد.بە یاننامەكە بە كۆماری فەرەنسا و دروشمی : -سەربەستی,یەكسانی,برایەتی – دروشمە سەرەكییەكەی شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێكرد .لە بانگەوازەكەدا داوا لە خەڵكی پاریس كرا لە شوێنی خۆیان , ئامادە بن, بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن ئەم بانگەوازە , لە لایەن 21ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پاسەوانانی نیشتمانییەوە , ئیمزا كرا, لە كۆی 40 ئەندام كە هەرئەوانە لەو كاتەدا ,لەو شوێنە ئامادە بوون ,ئەوانی دیكە, بەهۆی كاروبارەوە, لەوێ نەبوون,نەک ناڕازی بن لە بانگەوازەكە .ڕۆژی 26-3 ,واتە پاش یەک هەفتە , دیاری كرا بۆ هەڵبژاردن .هەر ئەو ڕۆژە, بڕیاری ئازاد كردنی زیندانە سیاسییەكان دەركرا.

ڕۆژی 26-3,لە ژێر سێبەری هەڕەشەو گوڕەشەی حكومەتەكەی تییر لە ڤێرسایەوە , هەڵبژاردن ئەنجام درا .(بە داخەوە نەمتوانی پەیرەوی ناوخۆی هەڵبژاردنەكە بە دەس بهێنم ,لەگەڵ ڕێژەی بەشداری ژنان, لە بەڕێوەبەری كۆمۆنەدا ,كە گرنگی خۆیان هەیە).

پاریس لە سەرەتای سەدەی 17, ژمارەی دانیشتوانی 300000 كەس بوو ,لە ساڵی 1850 دا,دانیشتووانی پاریس گەیشتە 600 هەزار كەس.ساڵی 1853 هەوڵی گۆڕین و نوێ كردنەوەی پاریس درا ,لە ماوەی 15 ساڵدا 117533 خێزان, لە پاریس دەركرا,لە ساڵی 1870 زیاتر لە 1 ملوێن كەسی تێدا دەژیا.پاریس ڕوپێوێكی بچوكی هەیە كە دەكاتە 100 كم 2 (1).لەو كاتەدا چارەكی پیشەسازی فەرەنسە لە شاری پاریسدا بوو . مێژووی فەرەنسە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 800 ساڵ,نیوەی خەڵكی پاریس دەنگدانییان ڕەت كردەوە ,گەڕەكە بۆرژوا

نشینەکان, دەنگییان نەدا و ڕەتیان کردەوە بە شداری لەو دەنگدانەدا بکەن .هەرچەندە پێشتریش ,بە شێکییان پاریسیان بە جێ هێشتبوو.

لە هەڵبژاردنی کۆمۆنەدا , 86 ئەندام هەڵبژێردرا ,بەلام بە شێکیان کارکردنییان ڕەت کردەوە.28 کرێکار ,8 شاگرد(مستخدم) و 29 هەمەکار(ڕۆژنامەنوس و ڕۆشـ نبیر و ,....).لە ڕوی سیاسییەوە 21 بلانکی و 20 بروٚدوٚنی و 2 مارکسی (فرانکل و سیریالیە فارلین)(2).هەرچی ڕۆجیە غارودیە ڕێژەکە بەم شێوەیە دیاری دەکات (60 بروٚدوٚنی-کەمایەتییەکی بلانکینی-یەک مارکسی)3.بە شێوەی گشتی سۆسیالستەکان بە هەموو باڵەکانیەوە , بروٚدوٚنی,بلانکی ,مارکسی ,یەعقوبییەکان ,زۆربەی زۆری کۆمۆنەیان دیاری دەکرد,دامەزرێنەری ئەوبەرێوەبەرایەتی یە بوون مارکسییەکان هۆی هەڵبژاردنی زۆربە , لە وردە بورژوازی لە ڕوی چینایەتی , باڵە سۆسیالستە غەیرە مارکسییەکان, لە ڕوی سیاسییەوە, دەبەنەوە سەر ئەوەی ,فەرەنسا لەوکاتەدا وڵاتی بۆرژوازی بچوک ,وە مارکسیزمیش بیرو باوەڕێکی نوێ بوو.*

ڕانۆی ڕۆژی 28-3 ,لەبەردەم شارەوانی , ناوی هەڵبژێردراوەکان بلاو دەکاتەوە ,بە دروشمی بژی کۆمار ,بژی کۆمۆن دەستی بە قسەکانی کرد.

هەر ئەو ڕۆژە کۆمۆن دەستی بە کارەکانی کرد ,بە سەرپەرشتی شارل بلیی تەمەن 76 ساڵە, کە پیرترین ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆمۆن بوو.

لە 26 ئەپریل,هەڵبژاردن تەواو کرا ,شاعیری گەورە ئۆژین پۆتیەو چوار ئەندامی کە هەڵبژێردران لەو خولەدا.

کۆمۆن لە ڕوی بەشداری هەموان ,بە بێ جیاوازی چینایەتی و جنسی, لە دەنگدان لە سەروی 18 ساڵییەوە یەکەم ئەزمونی دیموکراسی بوو , تا ئەو کاتە مرۆڤایەتی ئەزمونی وای بە خۆیەوە نەدیبوو .تا ساڵی 1944 لە فەرەنسای مەڵبەندی دیموکراسی ,ژنان مافی دەنگدانییان نەبوو.کۆمۆن نمونەیەکی نۆێی دیموکراسی پێشکەش مرۆڤایەتی کرد .بۆ هەتا هەتایە مرۆڤایەتی ,قەرزاری ئەم هەنگاوە ئازادی خوازانانەی بێت.

خەڵکی پاریس لە سەردەمی پاشایەتی و دواتریش دابەش دەکران بەسەر سێتوێژەوە - نەبیلەکان ,پیاوانی کەنیسەپیاوانەی داهاتییان مام ناوەندی بوو (بورژوازی)-.توێژی یەکەم و دووەم لە باجدان ئازاد کرابوون.مافی دەنگدان بۆ هەموان نەبوو.

---

لە فەرەنسا پێشتر ,مجلس شیوخ هەبوو , کە لە 60 ئەندام پێک دەهات , ئەندامەکانی تا مردن دیاری دەکران ,ناپلۆێن ناوی نوبەلای لێنان ,لە ساڵی 1814 بە پاڵەپەستۆی ئیمپراتۆر نەما ,لە 1852 دامەزرایەوە.لە 1875 پاش دامەزراندنی کۆماری سێیەم دامەزرایەوە , ئەمجارە ژمارەی ئەندامانی 300 کەس بوو ,225بە هەڵبژاردن , وە 75کەسی بە دیاری کردن .هەرچی کۆمەڵەی نیشتمانییە, لە ساڵی 1791 هەموو ئیمتیازاتێکی دەرەبەگایەتی هەڵوەشاندەوە .ساڵی 1848پاش شۆڕش بە هەڵبژاردنی گشتی , ئەندامانی هەڵبژێردران ,لە 1852 پاش کودەتاکە هەڵوەشایەوەپاشان هەڵبژاردرایەوەو بڕیاری شەڕ و ئاشتی , کەوتە ژێر دەستی یەوە ,لە ساڵی 1875 بە زیادەی 1 دەنگ, بڕیاری دامەزراندنی کۆماری دا .

هەرچی کۆمەڵەی نیشتمانی یە ,ئەم ناوی ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێرییە بوو ,کە لە نێوان 17-6-1789بۆ 9-7-1789 لەو نوێنەرانە نرا کە ناوی نوێنەرانی گەلی فەرەنسییان لە خۆیان نا (ئەو توێژە نە لە نوبەلاء بوون و نە لە پیاوانی کەنیسە)دوایی ,ناوی بوو بە کۆمەڵەی

نيشتمانى)لە بەروارى 30-9-1791 ,پاشان ناوى گۆڕا ,كە دوايى لــە 1871 ناوەكــەى بــۆ گەڕايەوە.

لە 9-7-1789 بۆ 30-9-1792تەواوى ئيمتيــازاتى دەرەبەگايــەتى هەلۆوەشێــنرايەوە .بــە تايبــەت لــە 4-8-1789.هــەروەها بڕيــارى لەســەر جياكردنــەوەى دەســەلآتەكان دا لــە يەكتر(ياسادانان-ڕاپەڕاندن-دادگا)دا.هەروەها بڕيارى يەكسانى هاونيشتمانيان لە بەرامبەر ياسا درا,لە هەمان كاتدا فەرەنساش دابەش كرا بەسەر ناوچەكاندا.

كۆمەلّەى دامەزريّنەران كە بــە دواى شۆڕشــى 1848 دامــەزرا ,دەســتورى نوێــى فەرەنســاى دارشتەوە.پاشان كۆمەلّەى ياسا دانان هات لە 28-5-1849 بۆ 2-ديسەمبەرى -1851.


1- http://www.moqatel.com

2-عرض اقتصادي تاريخي –دار الفارابي 1981 ص417.

ســــــەيريئەم ســـــايدە بكــــــەن بـــــۆ كورتەيـــــەك لەســــــەر پــــــاريس http://www.adelnet.net/arabic/paris/paris.shtml

http://www.newsarchive.info/shownews.asp?newsid=21225 تــاريخ برلمــان فرنسي


3-ولايات المتحدة طليعة الانحطاط –روجية غارودي-جزء 5.





نەخشەى شارى پاريس

*- بەلآم ئێستاش گۆڕانكارى ڕيشەيى ,لە پارسەنگى هێزەكانبەدى ناكەين , لە ئــەنجامى هەلّبژردنەكاندا ,هەرچەندە كۆمەلگەى فەرەنسى ئێستا كۆمەلگەى وردە بورژوازى نييە.

## بڕيارەكانى كۆمۆن



wenai 1




## وێنەی یەکەم پێش کۆمۆن,وێنەی دووەم پاش کۆمۆن.

**بیروکراتیک* لەسەرەتاوەئامرازێک بوو بە دەست بـۆرژواوە , بـۆ چەسـپاندنی دەسـەڵاتی پاشماوەی دەرەبەگایەتی .ئەم ئامێرە لە ئەنجامی تێکشـکانی دامـوو دەزگـای بیروکراتیکـی دەرەبەگایەتییەوە دانەمەزرێلەلکە گەشە پێدانی هەمان دامو دەزگای سسـتەمـ ـەکانی پێشـوو بوو.**

**پاش ئەوەی ڕژێمی سیاسی بورژوازی چەسپی هەولۆ و تەقەڵای دەرەبەگایەتی لـە ئـەوروپا , بۆ گەیشتنەوە بە دەسەڵات , بێ ئاکام مایەوە ,بیروکراتیک بووە ئامرازێک, بـۆ درێـژەدان بـە ئیمتیازاتە چەوسێنەرەکانی چینی بورژوازی و ئامرازێک بۆ سەرکوت کردنی چینی کرێـ کارو ئازادی خوازان.لە فەرەنسا ,ئەو ئامێرە ,لە ساڵی 1791 ەوە ناپلوێن گەشەی پێ دا . لە پێش ئەو مێژووەشەوە, لە سەر بنچـینەی پاراسـتنی دەسـەڵاتدارییەتی سسـتەمی دەرەبەگایـەتی دامەزرابووبە دوای ناپلوێندا ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان وەک ئۆرگانی سـەرکوت کـردن , لە دژی د وژمنانی سیاسی و چینایەتی خۆیان ودژ بە تەواوی ئازادی خوازان هێشـتیانەوەو گەشەیان پێدا.**

**لە پاش شۆڕشـیحـوزەیرانی 1848 ی فەرەنسـەو ئـەوروپا ,ئـەم دام و دەزگـا زەبلاحـەی سەرکوت, زیاتر گەشەی پێدرا بۆ ئەوەی بتوانێت , بەرەو ڕوی گۆڕانکاری ,وە پێشـهاتەکان و شۆڕش ببێتەوەبە تایبەت لە سەردەمی لویس پۆناپارتـدا بـەڵام لـە کۆمۆنـەدا , ئـەم دام و**

دەزگایە, لە ڕیشەوە هەڵتەکێنراو گۆڕانکاری بەسەردا هێنرا ,لــە بەرامبــەردا ,دام و دەزگــای نویێ دامەزرا **.هەرچــەندە هەندێـک لــەو بڕوایــەدان ,کۆمـۆن لــە ئاکـامیئــەوەوە هــات , دوژمنەکانییان پاریسیان بە جێ هێشت ,نەک بە شۆڕش کردن پێیان بە جێهێڵرابێـت ,(ئایـا کرێکاران لە 18-3 دەسەڵاتییان بە دەستەوە گـرت ,یـان دوژمنــەکانییان پاریسـییان بــەجێ هێشت؟(1) هەروەها لــە هــەمان پــەرتوک و خوێـندنەوە بۆکۆمۆنــەدا دەنوسێـت (دەتــوانرا سەرجەم وەزیرەکان بگرترێت بە تیریشەوە بەلام نەکرا,کەسیش داکۆکی لێ ناکردن).

لە ڕاپەڕیندا, جەماوەر بە گشتی هاتنە کۆڕی تێکۆشانەوە ,مـۆری خۆیـان بــە ڕاپەڕینــەوە نابۆیە ئاڵ و گۆڕەکان ڕیشەیی و لە بەرژەوەندی جەماوەردا بوون .پاشـگەز بونــەوە لێـیان گران بوو ,چونکە جەماوەر بۆ خۆیان سەرچاوەی بڕیارەکان بوون.

---

1- دروس من کومونه باریس, لیون تروتسکی, کتب فی 4-1-1924.

*ناپلوێن سەرلەنوێ فەرەنسای لە ڕوی سیاسی و ڕێکخستنەوە ڕێک خســتەوە ,بــە دروسـت کردنی ئیدارەیەکی ناوەندیکە پاشان کۆمۆنە دژی وەستایەوە .وڵاتی دابەش کرد بەسەر ســێ بەشــدا ,پارێـــزگاکانDepartements- ,دائیرەکــانArr_onndlssements-,شــارەوانی-Communes.

**کۆمۆنەی پاریس بەتایبــەتی ئــەوەی ســەلماند کــە (نــاکرێ چــینی کارگــەران تــەنیا بــە دەسەڵاتگرتن بەسەر دەزگای دەوڵەتدا و بەکارهێنانی بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی بــەس بکات-بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیست(مانفێست)-ل18-جەلال دەباغ وەری گێڕاوە.

گرنگترین بەشی دەوڵەت ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ,دەزگاکانی باجە ,ئــەوەی دەوڵــەت دەژێنێت و ڕای دەگرێت ئەم دەزگایەیە .ئەم بۆچونە لەگەڵ گـۆڕینی دەســەڵات بــە پرۆســەی هەڵبژاردن یەک ناگرێتەوە .گۆڕانکارییەکان لە دەزگاکانی دەوڵەت پــاش هەڵبژاردنــەکان زۆر سست و کەمە ,چونکە دەوڵەت لەم سەردەمە ئەوەندە زەبلاح و تێکەڵە ناتوانرێت لــە کۆمــەڵ جیابکرێتەوە و بە سانایی تێکبشکێنرێت .دەوڵەت لە بری سوپاو ئاسایش لــە ڕێـگەی بــاج و تەئمین و سۆسیالەوە خۆی دەکات بە هەموو ماڵێکداو هەمووی دەبەستێت بە خۆیەوە.

## کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداری یەتی کۆمۆنە

کۆمۆنــــەی پــــاریس ,لــــە سســــتەمی بەڕێــــوەبەرایەتی دەســــەڵاتدا ,تــــوانی شێوازێــــک ,لەبەڕێــوەبەرایەتی داهێنێــتلەپێــش خۆیــدا نموونــەی نــەبووە .داهێــنانەکانی لــە بەڕێــوەبەرایەتیدا,بــوە ,ســەر مەشــقی دیمــوکراتیزە کــردنی دەســەڵات لــە دەیــەکانی دواتردا.گرنگترین کۆڵەکەکانی دەسەڵات لە کۆمۆنەدا بریتی بوو لە :_

1سەرچاوەی دەسەڵاتداری لە کۆمۆنەدا , ئەو بڕیارانــە نی یــە لەســەرەوە قــەبوڵ کرابێـت بەڵکە ئەو بڕیارانەیە , کە لە خوارەوە, خەڵک بڕیاری لە ســەرە دات , بڕیارەکــان ئــەنجامی کارو چالاکی داهێنەرانەی جەماوەرە,نەک بەرژەوەندی دەسەڵاتداران.

2-هەڵوەشاندنەوەی داموو دەزگــای بیروکراتیکــی دەوڵــەتی ,لــە بەرامبــەردا دامەزرانــدنی سستەمێکی بەڕێوەبەرایتی نا ناوەندی دیموکراتیک .(لە داهاتودا سۆسیالستەکان نەک ئــەم ئەزمونەیان دوبارە نەکردەوە , بەڵکەبیروکراتیــک تــرین سســتەمی بەڕێوەبەرێــتییان , لــە مێژوی مرۆڤایەتی, بەر هەم هێنا).

3-هەڵوەشاندنەوەی سوپا و تەواوی هێزە چەکدارە پیشــەییەکان و کەمکردنــەوەی پــۆلیس کە لە دژی جەماوەر و , لە پێناو سەرکوت کردنی جــەماوەر دامــەزرابوون لــە بــڕی ئــەوە ,

چەکدار کردنی جەماوەر بە گشتیی,ا خەڵک پارێزگاری لە خۆیان بکەن . (واجار دێینە سەر ئەم خاڵە).

4-هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی دەوڵەت ,لادانیان هەرکاتێک زۆربەی ئەوانەی هەڵیان

.هەروەها دیاری کردنی لایەنی زۆری کرێی بەرپرسانی بەرزی دەوڵەت بە 6000 فرەنک ئەمەش دەربڕی ئەوەیە , تەواوی ئیمتیازاتی فەرمانبەرەگەورەکان ,لەگەڵ کارەکانیان لە دەستیان دا .

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمۆن ,ئەوەیان ڕەت کردەوە, لە نێوان خۆیاندا, دەسەلات دابەش بکەن ,بڕیار دان و ڕاپەڕاندن , لە یەکتری جودا بکەنەوە (ئەمەش قسە هەڵە گرێت و لە داهاتودا لەسەری دەدوێین).

لە 29-3ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمۆن کۆبونەوە , لە نێوان خۆیان کارەکانیان دابەش کرد, بەسەر 9 کۆمیتە دابەش بوون, لە بری وەزارەخانەکانی پێشوو.

یەکەم بڕیار کە کۆمۆنە دای ڕاگرتنی ئەو بڕیارە بوو کە دژ بە کرێچییەکان دەرچوبوو , تیایدا ڕاگرتنی دانی کرێی خانوی هەڵوەشاندبوەوە بە گوێرەی بڕیاری نوێ , ڕاگرتنی کرێی خانوی نەدراو, لە دوای بەرواری ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوەوە , بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.هەروەها بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کرێ ی خانوو , لە 1 ئەبریلەوە تا 1 یۆنی هەروەها ئەو موڵکە داگیر کراوانەی پێشتر دەستی بەسەردا گیرابوو , گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنەکانییان.فەرمانی دووەم نە فرۆشتنی کەل و پەلە دانراوەکان لە بانکی فەرەنسە .فەرمانی سێیەم هەڵوەشاندنەوەی سەربازگیری بوو .کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تەجنیدی زۆرە ملێ و سوپای نیزامی دەبینیەوە.

هەروەها لە فەرمانێکی کەدا بڕیاری بەش بەش کردنی قەرز بوو بە گوێرەی کۆم بیالاتی بازرگانی, بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ کرایەوە,ئەم بڕیارەش لە بەرژەوەندی بۆرژوای بچوکدا بوو, کە مایە پوچی ئابوری هەڕەشەی لێ دەکردن .بەلام ئەم بڕیارە ,لە 12 ئەبرێل هەڵوەشایەوە , وەستاندنی وەرگرتنی کۆمبیالە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو داوایەک, لە مەڕ کومبیالەهەروەها لە هەمان دانیشتندا بڕیار لەسەر جێگیر کردنی بێگانەکان , لەو جێگەیەی بۆیان دیاری کرابوو درا .لە 1 ئەبریل, بڕیار لەسەر ئەوە درا ,نابێت هیچ کارمەندێک لە کۆمۆنە لە 6000فرەنک زیاتر وەرگرێت (1 ).لە 2 ئەبریل, بڕیار لەسەر جیاکردنەوەی کەنیسە, لە دەوڵەت ,وهەڵوەشاندنەوەی بودجەی کاروباری ئاینی درا , بڕیارەکە لە چەند خاڵێک پێک هاتبوو , بریتی بوو, لە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت – نەمانی بودجەی ئەوقافهەموو موڵک و بینایەکانی کەنیسەو کۆمەڵە ئاینییەکان ببنە موڵکی دەوڵەت - پشکنینی موڵکە داگیرکراوەکان و خستنە بەردەستی گەل.

لە 8 نیسان, بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی فێرکردنی ئاینلە قوتابخانەکان درا ,واتە پەیوەندی خوێندن بە کەنیسەوە پچڕێنرا . .لە 6-13 ئەبریل,چەندین بڕیار دەرکرا , سەبارەت بەو شوێن و ئارمانەی ,کە هێماو دەربڕی گیانی شۆفینیەتی فەرەنسی بوو .ستوونی ڤاندۆم کە نیشانەی یەکەم سەرکەوتنی ناپلیۆنبوو ,لە لایەن گەلەوە ڕوخێنرا (هەرچەندە ئەمە وەک پارێزگاری لە شوێنەوارە مێژوییەکانو,بەشێک لە گەشت و گوزار , زیانە بە سامانی نەتەوایەتی ,وە لەگەڵ ڕێککەوتنە جیهانییەکان, بۆ پاراستنی کلتور, یەک ناگرێتەوە)*.

لە 16 ئەبریل, بڕیار درا,ئەو کارگەو فابریقانەی , کە بە بێ هیچ هۆیەک ,لە کارکردن ڕاوەستابوون ,یاخود خاوەنەکانیان خۆیان شاردبوەوە ,یاخود هەلاتبوون ,یان وایان بە باش زانیبوو کار ڕاگرن .ئەرکی بەڕێوەبردنییان, بە سانديكا كرێكارييەكان سپێردرا,ئەوانیش بە شورو شەوقەوە کارەکانی یان ئەنجام دابۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارە , 43 کۆمەڵەی

بەرهەم هێنان و کۆمەڵەی بەکارهێنانیان ڕێک خست .هەروەها کۆمۆن, بیری ئیعدام کردن و (غەرامەت )لە سەر کرێکارانی هەڵوەشاندەوە . لە 6 ئەبریل, لە ئاهەنگێکدا (مقصلة) یان سوتاند(2).

لە 20 ئەبریل, بڕیاری یاساغ کردنی کاری شەوانەی کرێکارانی نانەواخانەکان درا .ئەو کات باوبوو, شەوانە نانەواخانەکان کار بکەن.

هەروەها بڕیار درا ,قازیەکان ئازادانە هەڵبژێردرێن, هەرکاتێکیش پێویست کرا لابردرێن.

لە بڕیارێکی کەدیبڕیاری قەدەغە کردنی سزا دانی کرێکاران دەرکراو یاساغ کرا , سزای بۆ دەرکراوەکتەبی بۆ دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران دانا -واتە نەک بە تەنها بە تەنگی کرێکارانەوە دەهات بەڵکە لە هەوڵی دۆزینەوەی کار و وەسەر کار خستنی بێکارانیش بوو ,هەروەها,

چاودێرێک و 8 مفەوەزی دانا بەسەر هێڵی شەمەندەفەرەوەتا کارو باری هێڵی شەمەندە فەر ڕێکبخات ,کە فەرەنسا لەو کاتە گەورەترین هێڵی شەمەندەفەری هەبوو لە ئاستی جیهاندا بە دوای ئەمەریکادا دەهات .هەروەها دەستی بەسەر ئەو شوقانەدا گرت کە خاوەنەکانییان هەڵاتبوون بۆلای تیر بەسەر کرێکاراندا دابەشی کرد3 .

هەرچی بواری پەروەردەو فێرکردنە , کۆمەڵێک بڕیار لە بەرژەوەندی منالانی هەژار دەرکرا ,لەوانە خوێندن بە زۆرو خۆڕایی بۆ هەموان ,لەگەڵ دابەش کردنی جل و بەرگ و خواردن بە خۆڕایی,بەسەر خوێندکاراندا .لە ساڵی 1870سێ یەکی منالانی فەرەنسە , ناچونە قوتابخانەچونکە لە ماڵەوە نایانتوانی خەرجیی خوێندنییان دابین کەن ,قوتابخانەی ئاینییەکان,خەرجییان گران بوو , وە لە قوتابخانە ئاساییەکان جێگە نەبوو (4 ).بە پەسەند کردنی خوێندن بە زۆر و خۆڕایی ,توانرا چەکی پەروەردە ,لە دەس بۆرژواو چینە داراکان دەرهێنرێتکە لەوە پێش مافی خوێندن و پەروەردە تەنها بۆ ئەوان بوو لە هەمان پەیوەنددا, بڕیاری زیاد کردنی موچەی مامۆستایانیش درابۆ ئەوەی بە باشترین شێوە , کارەکانیان ڕاپەڕێنن.هەروەها کار پێکردنی منالانیش قەدەغە کرا.

لە ماوەی 72ڕۆژی دەسەلاتدارییەتی کۆمۆنەدا , هێمنی و ئاسایشی هاولاتیان دابین کرا , تەئمینی ئاسایش و ژیانی جەماوەر کرا.لەو ماوەیەدا هەرچەندە شۆڕشیش تازە سەرکەوتبوو,پاریس خاڵی بوو لە هەموو شەڕ و کوشتارێک .تەنها چەند ڕوداوی بچوکی پەرتەوازەی لێرەو لەوێ نەبێت, وەک ڕوداوی مەیدانی فنرۆم ,هیچی کە ڕوی دا.

دزی ,بەرتیل ,تەزویر سیمای دەسەلاتەکانی پێشتر بوو .یەکێک لە تەڵەکەبازەکان ,وەزیری دەرەوەی فەرەنسە بوو کەسیش لێیانی ناپرسییەوە بەلام کۆمۆنە , یەکێک لە ئەندامانی خۆی, لەسەر ئەو شێوە کارانە دەرکرد , بڕیاری گرتنیشی دا .

هەروەها هەموو حکومەتەکانی پێشوو هەموو کۆبونەوەو ڕێککەوتننامەکانیان , بەنهێنی ئەنجام دەدا ,کەس ئاگاداری ناوەڕۆ کەکانی نەبووبەلام کۆمۆنە , ئەم نەرێتەی تورِ دا , هەموو شتێکی بۆ جەماوەر ئاشکراکرتا ئاگاداری سەرجەم کەم و کوڕییەکانی بن .لە 6 ئەبریلکۆمۆن لە وەلام بە ئیعدام کردنی ئەندامەکانی لە لایەن ڤێرسایەوە , بڕیارێک دەرە کات.لە 26 ئایارپاش ئەوەی سوپای ڤێرسای , سێکەس لە کۆمۆنارەکان ئیعدام دەکات , لە وەلامدا کۆمۆنەش 42لە لایەنگرانی ڤێرسای , ئیعدام دەکات ,لە ناویاندا قەشەی پاریسی تێدا بوو.

لە 21 ئەبریلکۆمیتە دانراوەکان دەسەلاتی ڕاپەڕاندنیان پێ دەدرێت .لە 1 ئایار ,بڕیاری کۆمیتەی ڕزگاری درا کە دەسەلاتی چاودێری هەمو و نوێنەران و لیژنەکانی پێ سپێردرا .کە 45 لە گەڵ و 23دژ بوون .لە 15-5بڕۆدۆنییەکان دژ بەو کۆمیتەیە , بەیاننامەیەکیان دەرکرد,کە پاشان ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم, لە 21-5 ڕەخنەی لەو بەیاننامەیە گرت.

هەرچەندە بۆردومان و هێرشی ڤێرسای ,لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو . .بەڵام کۆمۆنە, بە داهێنانەوە,لەو ماوە کورتەدا , ئەم هەموو بڕیارانەی دا ,لە خزمەت جەماوەری هەژارو ستەمدیدەدا.

لە خوارەوە دەمەوێت چەند بڕیارێک کە گەلێک لە دوای کۆمۆنە بڕیاری لەسەر درا وەک چەسپاندنی دەسەڵاتی عەلمانی لە فەرەنسا بخەمە ڕووتەنها بۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی پشکەوتنخوازانەی بڕیارەکانی کۆمۆنە ,لەوانە-

ساڵی 1879 بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پشوی بە زۆری ڕۆژی یەکشەمموان درا کە وەک ئەرکێکی

ئاینی سەیرەکرا.خەبات دژ بە کۆمەڵە ئاینییەکان و چەسپاندنی سیمای دنیایی بەسەر گۆڕستانەکان لە ساڵی 1881 درلرێگە دان بە تەلاق لە 1884 ,بلاوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەر پەرشتی جول فیری,ساڵی 1883 خوێندن بووە خۆڕایی لە دەزگا دەولەتییەکان,ساڵی 1886 بڕیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانییەکان بێت ,تا ئەو کاتانە کەنیسەی کاسۆلیکی گرنگترین هاوپەیمانی پاشماوەی پاشایەتی خوازان بوو,بە هەموو شێوەیەک دژ بە دامەزراندنی سستەمی کۆماری بوو . 5. هەڵبژاردن لە سەدەی 19 لە بەریتانیا و فەرەنسا وەک دوو پێشەنگی مەڵبەندی دیموکراتی لە جیهاندا دەنگدان تیایاندا تەنها بۆ دەولەمەندان بوو ,تەنانەت ژنان تا چلەکانی ئەم سەدەیە مافی دەنگدانیان نەبوو 6.کەچی لە کۆمۆنەدا دەرگای دەنگدان و خۆپالاوتن بۆ هەمووان بێجیاوازی لەسەر پشت بوو.

---

1- نصوص مختارة فردريك انكلس اختيار تعليق جان كاسا ترجمة وصفي البني ص 343).
2- کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو –سلێمانی 2002 ل 44.
3- التاريخ الاقتصادي لعصر الا مبريالية ..ترجمة عبد الالة النعيمي ..الجزء الثاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى.ل6.
4- طريق عدد خاص شهر 6-7 سنة 1971 حولة تربية في كومون ص 152.
5- تسكين مساءلة لطرح مسالة الاجتماعية.
6- منذر حدام –حيوار تمدن 787-28-3-2004

* - کۆربیە فان کە دانرابوو بە سەرۆکی کۆمیتەی بەرگری و برادەری برۆدۆن بوو ,دوای ڕوخانی کۆمۆنە دادگایی کرا بە تاوانی ڕوخاندنی ستونی ڤاندۆم ,بڕیاری دادگا ئەوە بوو پارەی چاککردنەوەی ڤاندۆم بدات ,بەڵام هەلات و لە سویسرا ساڵی 1877 مرد(حەیات 4-9--2003) ئیبراهیم عەریس.

## ڕوخانی کۆمۆن

بەرپا کردنی کۆمۆنەی پاریس,زەبرێکی کاریگەر بوو , لە جەستەی بۆرژوازی کەوت ,دەسەلاتداران, بۆ یەک چرکەش, پاریسیان لە بیر نەکرد,شەوانیش ,خەویان بە گەڕانەوەوەی دەبینی‌لە سەرەتاوە کۆمۆنە , توانی سەرنجی بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی پاریس, لە کرێکارو وردە بورژواو بورژوای مام ناوەندی بۆخۆی ڕابکێشێ ,وای کرد پالپشتی لێبکەن .کۆمەڵێک هۆکار, لە پشت ئەم پشتگیرییە بوون, لەوانە :-

1- هۆی نیشتمانی .

بەهۆی شەڕی کۆنەپەرستانەی , نێوان پروسیاو فەرەنساوەلەو ساتانەی سوپای پروسیا , لە لێواری پاریس بوو ,تییر جگە لە بژاردنی زەرەرو زیانی شەڕەکەو , لە دەسدانی ئەلزاس و للورین, بڕیاری بەخشینی پاریسیشی دا ,سەربازە پروسییەکان , ڕژانە پاریسەوە .ئەمەش

خیانەتێکی گەورە بوو , لە فەرەنسا کرا ,هەر بۆیە, نیشتمان پەروەرەکان, لە حکومەتی تـییر بێزار بوون, دژی ڕاوەستان , لایەنگرییان لەکۆمۆنە کرد بەو هیوایـەی , کۆمۆنـە درێـژە بـە شەڕی ڕزگاری نیشتمانی بدات , حکومەتی پروسیا لەسەر خاکی فەرەنسا دەربکات .هەروەها ئەو پەیماننامە سەر شۆڕانەیە هەڵوەشێنێتەوە کە بەسەر فەرەنسادا داسەپابوو .سەیری ئەم نامەیە کەن, ڕوسل پاش خیانەتی بازان, لە

میتسی نوسی بۆ وەزیری بەرگری فەرەنسا لە ڕۆژی 19-3 :(پاش ئەوەی چاوم بە بروسـکەی فرسای کەوتهێمای بۆ ئەوە کردوە ململانێ ی نێوان دوو حزبە -بڕیـارم دا بـەبێ دوو دڵـی بچمە ناو ئەوحزبەی کە داوای شەڕ ڕاوەستان ناکات ,لە ڕیزەکانیشیدا ژەنەراڵی بەزیوی تێـدا نی یە(1).ئەم ڕوەاوێژوی خیانەتی بۆرژوازی فەرەنسە چەند جاری کـە دووبـارە ببـوەوە , هەروەها تیر پاڵپشتی پروسیا ی لە پشـت بـوو ,وەک چـۆن جـاکری لـە سـاڵی 1358 _2 .بەهەمان شێوە دیغۆل سەرنجێکی مێژویی گرنگی هەبوو لەسەر بۆرژواکانی فەرەنسە پـاش جەنگی جیهانی دووەم و ڕزگاری وڵات ئەم پرسیار ەی لێیان کرد_بەرێزان لەسەردەمی جەنگـدا لە کوێ بوون؟.

هەروەها لە ئاکامی ئەو بڕیارە باشانەی , کۆمۆن دای, خەڵکێکی زۆر, پشگیرییان لێ کرد .بـۆ نموونە, هەموو ئەوانەی , ڕاوەستانی کرێی خانوو بە قازانجیان بوو ,ئوکاندارە بچـوکەکان , کە لە ئاکامی شەڕی کۆنەپەرستانەوە نابو وت ببون ,مامۆستایان کە مانگانەیان زیـادی کـرد .......

ج-کۆماریخوازە بۆرژواکان , دەترسان لەوەی ,کۆمەڵەی نیشتمانی کۆنەپەرست , بگەڕێـتەوە دەسەڵات ,ڕژێمی پاشایەتی, بە سەرکردایەتی دەربەگە وەحشییەکان دامەزرێنێتەوە .

هەربەشەی لەم توێژانە , بە هۆیەکەوە ,پشتگیرییان لە کۆمۆنە کرد .بەڵام نەگەیشتبونە ئـەو باوەڕەی, لە پێناو سەرجەم ئامانجەکانی تێبکۆشنو پشتگیری لێبکەن .بەڵکـە هەندێـک لـە بۆرژواکان لە ترسی ئامانجەکانیکە بڕیـار لـە دوای بڕیـاری دەرەکـرد , ئیمتیازاتـەکانی هەڵدەوەشاندەوە تۆقینهەروەها بەهۆی قەتیس مانەوەی کۆمۆن ,لـە چوارچێـوەی شـاری پاریستەنانەت بەشێک لە پاریسیش لە لایەن پروسەکانەوە داگـیر کرابـوو (3),وە چـالاکی بەربلاوی سیاسی و سەربازی ڤێرسـایبۆیـە بەشێـک لـە بـۆرژوازی , هەلپەرسـتانە ,لـە پشتگیری کۆمۆنە, پاشەکشەیان کرد.هەروەها کۆمۆنە درێژەی نـەدا بەشـەڕ دژ بـە ڤێرسـای ,بۆیە ئەوانەی لەخۆشی درێژە دان بەشەڕ پشتگیرییان لێی دەکرد پاشگەز بونەوە.

لە لایەکی کەوە جوتیاران , بەهۆی :دواکەوتویی فەرهەنگی ژیان , دوری لادێـکان لـە یـەکتر , کزی پەیوەندیهـەروەها لـە دوای شۆڕشـی فەرەنسـەوە , پـاش بـە دەسـەڵات گەیشـتنی بـۆرژوازی, ببـون بـە خاوەنـد پارچـە زەوی خۆیـان, بۆیـە پشـتگیرییان ,لـە بـۆرژوازی دەکـرد.پاشمـاوەی دەرەبەگایـەتیش, لـە ترسـی ئـەوەی,ئـەو پاشمـاوەی ئیمتیازاتـەی بەدەستیانەوە مابووکەبۆرژوا لێیانی نەسەندبوەوە بپارێزن , دەترسان کرێـکاران , کۆتـایی پێ بهێنن,بەم هۆیەوە ,پشتگیرییان لە بۆرژوازی دەکرد.

بەڵام پیشەگەران, بەهۆی ئەوەوەی, لەو ساڵانەدا ,بیرو باوەڕی سۆسیالسـتی , لەڕیزیانـدا بڵاو ببوەوە , بۆیە لە پاڵ کرێکاراندا ,تا سەر, پشت و پەنای کۆمۆنە بوون , تـا دوا سـەنگەر قوربانییان دا.

کۆمۆنە لە سەرەتاوە بەهۆی ئەو هۆکارانەوەی باسمان کرد ئۆستی بۆخۆی پەیدا کـرد , لـە نێو باڵەکانی بۆرژوازیدا.هەندێک توێژی بۆرژوازی , لە سەرەتاوە لەگەڵ کۆمۆنەدابوون ,لە پاشان, بەهۆی ئەو هۆکارانەوەی باسمان کردن ,هیچکە پشتگیری کۆمۆنەیان نەکرد.

بەڵکە بۆرژواکان ,بە هاوکـاری پاشمـاوەی دەربەگایـەتی ,ئەرسـتۆکراتی دارایـی ,, هـەموو ئەوانەی بە بەرپا کردنی کۆمۆنە , ئیمتیازاتییان لە دەس دابوو.لە ترسـی پاریسـی شـۆڕش ,

یەکیان گرتبوەوە ناکۆکییەکان خۆیان خستە لاوە , دژ بەکۆمۆنە ,پەیمانی پیرۆزیان بەست .
بەهاوکاری کۆنەپەرستی ئەوروپا, کەوتنە خەبات, دژ بەکۆمۆنە.تا دوێنێ بە
بەهانەی مەترسی پروسیا و بسمارک و , بەرگری لە نیشتمانەوە,بـاری چەوسـاندنەوەیان , چەند قات زیاد کرد بوو بەسەر کرێـکاران و زەحمەتکێشـانی پاریسـەوە بـەلام ئـەمرۆ , بـۆ بەرگری لە سستەمی چینایەتی , دژ بە کۆمۆنی پاریسییەکان بۆ بەهاونیشتمانییانی خۆیان , پەیمان لەگەڵ دوژمنانی خۆیان مۆرە کەن بەم شێوەیە بـەرگری لـە نیشـتمانی تـییر , بـوە خیانەت لەنیشتمان .لینین لە وتاری مارکسـیزم و گیـانی ڕیڤیـژینیزم لـەم بارەیـەوە ئـاوا دەڵێت:(بۆرژوازی فەرەنسە لە هەوڵی خۆی دا بۆ وردو خاش کردنی بزوتنـەوەی پرۆلیتاریـا یەک چرکە ڕاڕایی نەنواند سەبارەت بە پەیمان بەستن لەگەڵ دوژمنانی نیشتماندا ,لـە گـەڵ ئەو لەشکرە بێگانەیەی کە کاولی و ماڵ وێرانی بلاوکردەوە).(**4**).
لە بواری سەربازیشدا, بە هێرش نەبردن بـۆ سـەر ڤێرسـای , یـاخود کۆمەڵێـک هەڵـەی سەربازی, لە سەنگەرگرتن, کەلێـن هێشـتنەوە بـۆ دوژمـن , دزە کـردن دوژمنـان , نـەمانی ناوەندێتی لەکاروباری سەربازییدا , مانەوەی هێزی دژ بە شۆڕش لە نـاو پـاریس ,نـەبوونی تاکتیکی سەربازی ڕون لە هێرش کردن ,سەرجەمییانهۆکاری سەرەکی بـوون , بـۆ ڕوخـانی کۆمۆنە.مارکس لە نامەیەکدا بۆ بیسلی لە **12** یینی **1871** نوسی دەڵێت :(ئەگەر کۆمۆن گـوێ ی لە ئامۆژگارییەکانم دەگرت ,بە ئەندامەکانیم گوت سەرەوەی مۆن مارەر ,لای ئەڵمانـەکان قایم بکەن ...پێم گوتن ئەگەر ئەو کارە نەکەن ,دەکەونە تەڵەوە)(**5**).
لـە **2** ئـەبریل, سـوپای ڤێرسـای, دەوروبـەری کۆربوڤـوا داگـیر دەکـات .لـە **3** ئـەبریل, کۆمۆنارەکان هێـرش دەس پێـدەکەن بـۆ سـەر ڤێرسـای , بـەلام سـەرناکەون ,لـە ئاکامـدا سەرکردەکانی هێرشەکە,دوڤال و فلۆرلس دەگیرێن و ئیعدام دەکرێن . هێرشـی کۆمۆنارەکـان درەنگ هات بۆ سەر ڤێرسای,بوایە لـە گەرمـەی سـەرکەوتنەکانیاندا , کـە ورەی سـوپای ڤێرسای دابەزیبوو,درێژەیان بە پێشڕەوی بدابایا .ڕاوەستان مەرگی لەسـەرخۆیە لـە بـواری سەربازییدابەلام تا ئەو کاتەی ئەوان هێرشییان دەست پێـک رد, هێـزەکانی ڤێرسـای خۆیـان ڕێک خستەوە .بوار هێشتنەوە بۆ خۆ ڕێک خستنەوە بۆ دوژمنەکەت لـە بـواری سـەربازیدا , شکستی سەربازی تۆیە.
لە **8** ئەبریل, جۆل فافەر, چـوە خزمـەت بسـمارک,قەناعـەت بـە بسـمارک دەکـات , دیلـە فەرەنسییەکان ئازاد بکات ,ئەویش ڕازی دەبێت ,بە ئـازاد کـردنی **100000** دیلـی فەرەنسـی .هەروەهاگۆڕینی ئەو خاڵەی , کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتبوو ,لە سەر دیاری کـردنی بـڕی هێزی فەرەنسە ,بەوەی ڕازی بێتبە زیاد کردنی هێزی سەربازی فەرەنسە .بە ئـازاد کـردنی ئەو دیلانە, پارسەنگی هێز بەلای ڤێرسای دا داشکایەوە .لـە **11** ئـەبریل, سـوپای ڤێرسـای, گەڕەکەکانی پاریس بۆردومانە کەن هەر بەم هۆیەشەوە , تییر لە **23-4**گفتوگۆی ڕاگرت , کـە بەدەست پێشخەری کۆمۆنە کرابوو , بـۆ گۆڕینـەوەی سـەرۆکی قەشـەکانی پـاریس و چـەند قەشەیەکی کەبەرامبەر پلانکی بە تەنها ,کە زیندانی بوو لە کیلیرفو , دووجـار بـێ ئامـادە بوونی خۆیهەڵبژێردرا بۆ نوێنەرایەتی کۆمۆنەمـارکس ڕاسـتی گـوت کـە وتی : تـییرو و بسمارک دوو ناوی یەک کەسن, بۆ دوژمنی هاوبەشی کۆمۆنە.
لە **21** ئایار, سوپای دوژمن, دەگاتە ناو پاریس ,کەنیسـە لـە پـاڵ کۆنـە پارێـزانییەکـە , دەکەوێتە پیلان گێڕان, دژ بە کۆمۆنە,لە **22** ئایار ,پێشڕەوی سوپای تییر بەردەوامە ,بـۆ نـاو گەڕەکەکانی پاریسکۆمۆنارەکان شەڕی شۆڕشگێرانە ڕادەگەیەنن سوپای تـییر , دەکەوێـتە ئیعدام کردنی دیلەکان .لە **23** ئایار,گەڕەکی مون مارتەر ,کە تەپۆلکەیەکی ستراتیژی یـە , **83** مەتر بەرزترە لە دەورو بەرەکەی دەگرن , دیمیرسکی سەرکردەی سوپای کۆمـۆن ,لـە یەکێـک لە سەنگەرەکانی پاریسدا , شەهید دەبێت لە سەرە مەرگدا , بە هاوڕێکانی وت :بەجێـم بهێـڵن

کۆمار لە مەترسیدایە .25 ئایار پێشڕەوی سوپای ڤێرسای بەردەوامە , گەڕەکەکانی 11 و 13 دەگرێت ,دلکسۆزیش شەهیدەبێت لەناو سەنگەردا .لە 26-5 ,سوپای ڤێرسای دەگاتە باستیل و داگیری دەکات , سەدان کەس لە کۆمۆنارەکان بێ دادگایی گولەباران دەکات, لــە بەرامبــەردا دادگای شۆڕش ,حوکمی ئیعدام ,بەسەر 42 دیلدا دەسەپێنێت , قەشەی پاریسی لە نێو ئیعـدام کراوەکان بوو پێشتر تییر ڕازی نەبوو , بەگۆڕینــەوەیانبــە بلانکــی بــەم شێــوەیە , تــییر بەرگری ناکرد, لەهاوکارانی خۆشی.27 ئایارشەڕ گەرمە لە گۆڕستانی پییرلاشین , نزیک بە 1600کەس لە کۆمۆنارەکان گیایان بەختــە کــەن . پــاش حــەوت شــەوو و حــەوت ڕۆژ ,لــە قارەمانیەتی و شەڕی حەماسیکۆمۆنارەکان گیان لەسەر دەست , داکۆکییان لە کۆمارەکەیان کرد .لە کاژمێر 12 نیوەڕۆ, دوا سەنگەری کۆمۆنارکان گرترا ,لەوێـدا, گۆڕستانێـکی کـە بـۆ کۆمۆنارەکان سازدرایەوەسەدانیان لێ گولە باران کرا ,لە ناویاندا ڤارلین , ئەندامی کۆمـۆن و سەرۆکی لقی فەرەنسای ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمی تێدا بوو.

لە سەرجەمدا, دەیان هەزارگیانییان لە پێناو کۆمۆنەدا بەخت کرد ,چ ڕاستەوخۆ لەجەنگـدا کوژران, یاخود لە لایەن سوپای تییرەوە ,بەخوێن ساردانە , بە کۆمەڵ گولە باران کران .

شەقام و ناو ماڵەکانیان ,بان خانوو و ناوکارگەکان ,هەموو بونــە ســەنگەری کۆمۆنارەکــان گیان لەسەر دەست تا دوا ساتەکانی ژیانیان ,تا دوا ترپەی دل ,ٚ وەفادار مانەوە, بۆ ئــاوات و ئامانجەکان کۆمۆنە. دەسەڵاتداران ئەوەندەیان لە کۆمۆنارەکــان کوشــت نــەیان زانی پــاش شەڕەکە تەرمەکان چی لێبکەن (6).

منداڵ و گەورە ,ژن و پیاو ,هەموو لەسەنگەردا بوون بۆ داکۆکی لەکۆمۆنە.بینــەرانی ڕوداوەکــە وا دەگێــڕنەوە:(ئــەو هێــزە کەمــەی کۆمۆنارەکــا ن لەچــاو لەشــکری بــێ ئــەژماری هــەموو کۆنەپەرستانی فەرەنسەو هێــزی بســمارک و کۆنەپەرســتانی ئــەوروپا ,چــەندە قارەمــان و خۆڕاگر بوون).

لە 31 ئایاردا, لە کاتێکدا تییر لە ناو لاشەیکۆمۆنارەکان ڕاوەستابوو , ووتی: (ئەم دیمەنــە ترسناکە وانەیە بۆ دوا ڕۆژ).

لە ئاکامی شەڕدا , 20000 کوژرا ,لە ناو سەنگەرو شەقامەکان ,30000 لە زیندانەکان مــردن ,دادگای مەیدانی, تــا ســاڵی 1875 بــەردەوام بــوو .هــەروەها 13700 کــەس, دورخرانــەوە, لەناویاندا 60 منداڵ و 8 ئافرەت هەبوون *.لە پاش تێکشکانی کۆمۆنە, مارکس و ئەنگلس ,بــە شانازییەکی شۆڕشگێرانەوە ,بە برۆلیتاریایان ووت: (کۆمۆنە هێزەکانی جیهانی کۆن وایــان زانی بە تەواوی لەناو چوو .زیندوە بەڵکو لە هەموو کاتێکی ڕابردوو بەهێــزترە و ئــەتوانیین لە گەڵتانا هاوار بکەین بژی کۆمۆنە ).ئۆجین پۆتییەش لــەو کاتــەدا ووتی :(کۆمۆنــە نــەمرە ,ناشمری).تییریش بە دوای ســەرکوت کــردنی کۆمۆنــەدا ووتی :(ئێســتا بــۆ ماوەیــەکی زۆر لەگەڵ سۆسیالستەکان تەواو)(7).

ڤیکتۆر هۆگۆش ,کەتا دواچرکەی ژیانی ( کە لە ساڵی 1885 مرد) بە شانازییەوە داکۆکی لەوە کرد ,کە پشتگیری لە کۆمۆنە کردوە (8).

قسەکەی تییر ڕاست دەرچوو لەوەی بۆ ماوەیەک بزوتنەوەی سۆسیالســتییان کــپ کــرد , تــا ساڵی 1904 شۆڕش لە جیهاندا دامرکایەوە (9).

---

* ئەم ئامارانە ,لە سەرچاوەیەکەوە, بۆ یەکی کــە دەگۆڕێــن .لــە ڕۆژمێــری کۆمۆنــە هــاتوە :(ئیعدام کردنی 30000 – لە 26 ئایار تا ئۆکتۆبەری 1874 لە 24 دادگــای ســەربازییدا 80 منداڵ و 132 ژن و 9958 پیاوو حوکمــە دەن .270 کــەس ئیعامــە کــەن و 4016 کســیش دورە خەنەوە,326 کەسیش زیندانە کەن).

ڕۆژنامەکانی ئەوکات نووسیوییانە کە ڕوباری سین سوور هەڵگەڕاوە ,بە خوێنی ئەوهەموو کوژراوو بریندارانەی کە فڕێ دراونەتە ناو ئەو ڕوبارەوە .(گاورباخی ژمارە 6-2003-کیسرا هەورامی).

** بە فەرمانی گالیفی جەلاد 20000 گولەباران و 45000 کرێکار وە کۆماریخواز گرت ,لە ناو ئەوانە 15000 بە ئەشکەنجە یان هەڵواسین لە ناو بـرد -موجز تاریخ حرکة نقابیـة ج 1 ص 99).

لە گشتدا ئەوە دەرەکەوێتدەیان هەزار بونە قۆچی قوربانی کۆمۆن , و گیان بـەخت کـردوان ژمارەیان یـەکجار زۆرە ,ئەمـەشرەربـڕی درنـدەیی بۆرژوازییـە کـە ئـەمڕۆ خـۆی , وەک مەلایکەتی ئازادی و دیموکراسی نیشانە دات.

---

1-الثقافة الجديدة عدد 4 نيسان1987 –كومونة باريس محتواها طبقي و مضمونها الوطني –يحيا علوان ص95.
2-التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبـد الالـة النعيمـي ..الجـزء الثـاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى.ل8.
3-نامیلکـەی وتـاری مارکسـیزم و گیـانی ڕیڤیزینیزمزچـاپکراوی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردستان.
4-کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو ل 65.
5-لينين حولة كومونة باريس ص 18.
6-التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبـد الالـة النعيمـي ..الجـزء الثـاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى.ل19.
7-ڕۆژنامەی بەیان ئیمارات 26-8-2002.
8-هەمان سەرچاوەی ژمارە 5.
9-گاورباخی ژمارە 6-2003 کیسرا هەورامی.

## هەڵەکانی کۆمۆن

لینین هەڵوێستی حیزبی سیاسی , بەرامبەر هەڵەکانی خۆی ,بە گرنگترین و ڕاسترین پێوانە, بۆ سەر ڕاستی ئەو حزبە داناوە ,کۆمۆنەش وەک بەشێک لە کەلەپوری شۆڕشگێـڕانە ,ئـەرکی هەوادارانییەتی ,ئەزمونەکانی هەڵسەنگێنن ,ڕەخنەی لێبگرن,لێ ی بکۆڵنەوە ,خوێـندنەوەی نوێی بۆ ئەنجام بدەن (هەموو پارتە شۆڕشگێڕەکان تا ئێسـتا بـەهۆی گومڕاییانـەوە لـەناو چوون و ,نەیان توانیوە ئەوە ببینن کە هێزیان لە چ شتێـکدایە و ترسـاون دەربـارەی خاڵـە لاوازەکانییان بدوێن,بەلاّم ئێمە لەناو ناچین چونکە لەوە ناترسین باسی خاڵە لاوازەکانمـان بکەین و فێریشی دەبین چۆن بەسەریاندا زاڵ دەبین)*(1).
گرنکترین ئەو هەلانەی ,کە لە کۆمۆنەدا ئەنجام درا, بریتی بوو لە :

1-دەست نەگرتن بەسەر بانکدا **

نەزانینی گرنگی بانک بە گشتی ,وە بانکی پاریس ,کـە بـانکی بانکـەکان فەرەنسـا بـوو بـە تایبەتی, دراوێکی زۆری تێدا بوو ,یەکێک بوو لە هەڵەاشکراکانی کۆمۆنە .دەتوانرا کـەڵک لە بانکی پاریس وەربگرترێت , بۆ باشتر کردنی بـاری ژیـانی کرێـکاران و زەحمەتکێشـان و

خەڵکی شاری پاریس و بەهێزکردنی توانای سەربازی بەرامبەر سوپای ڤێرسای .هەروەها دەست بەسەرا گرتنی دەبووە هۆی ئەوەی خاوەن پارەکان , کە خۆیان لە 10000 سەرمایەدار دەدا, پاڵەپەستۆ بخەنەسەر حکومەتی ڤێرسای , بۆ ناچار کردنی لە بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ کۆمۆنە جگە لە بانکەکان , هەموو ئەو کۆمپانیا بازرگانییانەی کە لە پاریسدا بوون, خۆماڵی نەکران, بۆ دەسکۆتا کردنی دەسەڵاتی سەرمایەدار و ئەرستۆکراتی دارایی یەکان.بانکی پاریس, 15ملیار فرەنکی تێدا بوو , ئەوان تەنها 3 ملیارییان لێ دەرکرد.هەروەها کە دەستیان بەسەر وزارەتی داراییدا گرت , 450ملیۆن فرەنکی تێدا بوو , دەستیان لەوەش نەدا.

---

سەرنج

---

دەست بەسەرا گرتنی بانک لەم ڕۆژگارەدا چی دەگەیەنێت؟؟؟ .کاری چی لەسەر ئابوری وڵات بە شێوەی گشتی ,بە پیشەسازی و بازاڕی پشک و دراو وسەرمایەگوزاری ناوخۆو دەرەوە تایبەتی دادەنێت؟؟؟ ئایا کارێکی گونجاوە؟؟ .کارێکی وا نەک ئابوری فەرەنسا بە تەنها , بەڵکە ئابوری جیهان لەگەڵ خۆیدا دەهەژێنێت .ئەگەر ڕژمینی سەرمایداران لە وڵاتێکی وەک ئەرجەنتین و تایلەند, قەیرانی توندی جیهانی بەرهەم بهێنێت,وەک ساڵی 1997ی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا,ئەوا ڕەشەبای لەم چەشنە لە ووڵاتێکی وەک فەرەنسە ئابورییەکەی 10 ئەندازەی هەریەک لەو ووڵاتانەیە , لەگەڵ گەردەلولەکەیدا,نەک جیهان دەهەژێنێت , بەڵکە دەیبات بە ئاسمانا . کاردانەوەی کاری وا لە ئێستادا لەگەڵ لەسەردەمی کۆمۆنە بەراورد ناکرێت.بازاڕی دراو ئەمڕۆ ڕۆڵی زۆر زیاتری هەیە لە ئابووری جیهان ,جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانە بەدی هاتنی لەم سەردەمە , ئەوەندە گرانە, لە چوارچێوەی خەونیشدا بیری لێ ناکرێتەوە.ئەگەر گەشەی ئابووری و هۆیەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان ,زەمینەی گۆڕانکاری سۆسیالستی خۆش کەن, لەهەمان کاتدا ڕێگای گەیشتن بە سۆسیالیزم ,لە هەڵوەشاندنەوەی موڵکداریەتی تایبەت یی لوغم ڕێژ کردوە و ئاڵۆزی کردووە ,ئابووری جیهانی وا پێکەوە گرێداوە پچڕانی هەر بەشێک لێی ژیانی بەشەکانی کە گرانە .هەڵاتنی سەرمایەداران و پسپۆران,ڕاوەستانی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی و بێگانە ,ڕاوەستانی بەرهەم و ئاڵو گۆڕی بازرگانی و دەیان پرۆسەی کە .ئابووری وڵات بەرەو کارەسات دەبەن ,گەل لە برسێتیدا یەکسان دەکات .ئەمە واقیعە سۆسیالستەکان دەبێت لەبەرچاوی بگرن.بۆیە دەست بەسەرا گرتنی بانک ئەگەر لەسەردەمی کۆمۆنە شیاوی جێبەجێ بوون بوو , ئەمڕۆ گەلێک سەختە ,سەختتر لە بەرپاکردنی شۆڕش و داگیرکردنی وڵاتێک.

---

*یەکێک لەو خاڵانەی بووە هۆی شکستی کۆمۆنیستەکان نەبوونی ڕەخنە بوو ,مەقولەی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن تەنها بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسی بەکار هێنرا ,نەبوونی ڕەخنە کۆمۆنیزمی لە گۆڕان و پێشکەوتن و وەڵامدانەوە بە قۆناغ خست .ئەوەی وایکرد ئەو شکستە بەسەر کۆمۆنیزمدا بێت نەبوونی ڕەخنە لە بواری پراتیک و لە بواری فکردا بوو .بەڵێ نەیانوێرا لەسەر خاڵە لاوازەکانی خۆیان بدوێن بۆیە تێکشکان.

**بانکی پاریس لە ساڵی1800 دامەزرا.

2-بڕیار لەسەر 8 سەعات کار لە ڕۆژدا و زیادکردنی کرێ ی هەقدەستی کرێکاران نەدرا .

لەو کاتەدا,8 سەعاتکارلــە ڕۆژداداخــوازی ناوەنــدی بزوتنــەوەی کرێــکاری بــوو .چــینی کرێکاری ئەوروپاو جیهان , لەدەیان ساڵ لەوە پێشــەوە خــەباتییان بــۆی دەسـت پێـکردبوو ,تەنانــەت داخــوازی یەکــەمیان بــوو.بڕیارەکــانی ئەنتەرناسیۆسیۆنالســتی یەکــەمیش, پشتگیرییان لەم داخوازە دەرەبڕی .بەلام کۆمۆنارەکان, بۆ بڕیاریان لە سەری نەدا؟؟.بۆکــەیان هەلگرتبوو؟ئەمە پرسیارێکی بێ وەلامە تا ئێستا .هەروەها بڕیاری زیاد کــردنی هەقدەســتی سەعات کاری کرێکارانیشییان نەدلکە یەکێکی کە لە داخوازەکانی کرێکاران بوو .بــە شێــوەی گشتی بڕیاری وا گرنگ لە کۆمۆنە نەدرا لەبەرژەوەندی کرێکاران ,کە ڕاستەوخۆ تایبەت بێــت پێیان و ژیانیان خۆشگوزەران بکات.

3-مانەوەی پاشماوەی دەسەلاتی کۆن و تێکو پێک نەدانی داموو دەزگای سەرکوت کەر.

هەموو شوێنەواری مادی و بەشەری ڕژێمی کۆن ,تەفرو تونا نەکرا ,جاسوس و کــرێ گرتــەو سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی کۆن لە ناو نەدران ,تەنانەت دەتوانرا دامو دەزگای حکومەتی تــیر , بە خۆشییەوە لە پاریس بگرترێت (2) ,بەلام نەکرا, ئــەوانی لــەپاریس مابونــەوە تــا دوایــن تەمەنی کۆمۆنەبێ سزا و دادگایی کردن مانــەوە , تــەنها هەندێــک ڕوداوی کــەمی لێــرەو لەوێ نەبێت .تەنانەت کلێسا, چالاکانە دژ بە کۆمۆنــە لــە نــاو پــاریســدا, لــە هەڵسـوڕاندا بووهەروەها ڕۆژنامەکانی دەوڵەتی کۆن , بەردەوام بوون لە دەرچون , پڕوپاگەندەیان دژ بە کۆمۆنە دەکرد.لە کاتێکدا ئەوان هێزی دژ بە شۆڕش بوون , نابوایە ئازادی سیاسی بۆ ئــەوان هەبوایە .

---

سەرنج

پێویستە هێزی دژ بە شۆڕش پێناسەی د یاری کراوی خۆی هەبێت و پێوەرێــک هەبێــت بــۆی ,ئەم چەکە لەکێلان دەرهاتوەابێت بۆ سەرکوتی سیاسی و داپلۆسینی نــەیاران بەکاربێــت . ئێستا نەدانی ئازادی سیاسی لە ولاتە دیموکراسییەکان ,لە ڕوکەشدا تەنها بۆ ئەو هێزانەیە , ڕاستیزمن و بیری فاشیستی بلاودەکەنەوەو تاوانیدژ بە مرۆڤایەتییان ئــەنجام داوە ,بــەلام لە ڕاستیدا لە ولاتانی ئەوروپای خۆرئاوا ,هێزە ,ڕاستیستەکان نەک بە ئاشکرا کــارە کــەن و دەچنە حکومەتەوە, وەک نەمساو هۆڵەندە ,بگرە کۆمەکی مادیش دەکرێن؟؟.
پاشان سڕینەوەی شوێنەواری مادی و بەشەری ڕژێمی کۆن خەونە, لەم ســەردەمە دەوڵــەت وا زەبلاحە و سستەمی ئابووری وا گەورەیە زۆربەی کۆمەڵ بەشێــکن لــەو ولاتانــە لێــی چــۆن دەتوانرێت ئەو پاشماوەیە هەموو بسڕێتەوە .لە کاتێکدا بۆ خۆی بــەرپاکردنی شــۆڕش لــەو ولاتانە خەیاڵە و بیرکردنەوە لێی سەرشێتییە.

4-نەبوونی ناوەندێک بۆ ڕابەرایەتی گشت فەرەنسە.

بەهۆی نەبونی ڕێکخستنیسیاسی خاوەند ئەزمونی تێکۆشان , لە ســەرکردایەتی خەباتــدا , سەرباری نەبوونی هاوپەیمانییەتی کرێکاران و جوتیاران , کە لەوکاتەدا جوتیــاران زۆربــەی دانیشتوانییان پێک دەهێنابەم هۆیەشــەوە پاڵپشــتی نــەکردنی جوتیــاران , لــە کۆمۆنــە و ئاگادار نەبونییان لـە ئامانجەکانینەتوانرا شۆڕش بــۆ هــەموو فەرەنســە پــەرە پێبدرێــت , دانیشتوانی لادێکانزۆربەی خەڵکی فەرەنسایان پێک دەهێنا . هەروەها نەتوانرا ناوەندێــکی سیاسی و سەربازی , سەرتاسەری فەرەنسی دابمەزرێنرێت, بۆ ئــەوەی ڕابەرایــەتی ڕاپــەڕین

بکاتئەمەش دەستی بۆرژوای ئاوەڵــە کــ ردتــا لەهــەموو فەرەنســا , دژ بــە کۆمۆنــە هێــز کۆبکاتەوە,ئابلۆقەی پاریس بدەن و شەڕی نابەرابەری بەسەردا بسەپێنن .هەندێک هەوڵ لــە شارەکانی دیکەی فەرەنسا درا ,بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ,وەک 22-3 و 25-3 لە لیــۆن ,23-4 لە بارسیلیا,24-27 ئازار لە تۆلــۆز ,24-28 ئــازار لــە ســان ئــاتیین ,24-31 ئــازار لــە ناربۆن(3).

نــەبونی ناوەندێــکی یــەکگرتووی شۆڕشگێــڕانە, بــۆ ســەرجەم فەرەنســا ,لاواز بــوونی بزوتنەوەکان یاوەڕ نەبوون بەسەر کەوتن هاوئاهەنگ نەبونی کارەکــان , لــە گــەڵ خــەڵکی پاریس بە ئاگا هاتنەوەی بۆرژوازی و دوژمنانی کۆمۆنە , ســازدانی هێــزەکانیان و بــەرگری کردن لە هەر سەرکەوتنێکی دیکە ئەم هۆکارانە وایان کرد , شــۆڕش تــەنها لــە چوارچێــوەی پاریسدا قەتیس بمێنێت نەگاتە شوێنەکانی کەی فەرەنسا .نابێت ئەوەشمان لــە یــاد بچێــت ,کۆمۆنەی پاریس دەسەڵاتدارییەتییەکی ئابلۆقە دراو بوو,لەهەر چوار لاوە.

## 5-لە ناوەندیەتییەوە بۆ نا ناوەندی.

هەڵەیــەکی دیکــەی کۆمۆنارەکــانکــە لــە ســەرەتاوە تــێ ی کــەوتن , گواســتنەوەی دەسەڵاتدارییەتی بوولە ناوەندییەتییەوە بۆ نا ناوەندی .لینین ئەم هەڵەیــە بــەم شێــوەیە دەرەبڕێت:لیژنەی مەرکەزی پاسەوانی نیشتمانی هەر زوو لە دەسەڵات گرتنــە دەســت خــۆی کشایەوە بۆ ئە وەی بواری زیاتر بدات بە کۆمۆنە ,ئەمەش بۆ خــۆی دوو دڵییــەکی شــەریفانە بوو لە ئەرکەکان.

هەرچەندە زۆرێک لەتوێژەرەوان , ستایشی نا ناوەندی کۆمۆنە دەکەن ,وەک هەنگاوێــک, بــۆ لاواز کــردنی ڕۆڵــی دەوڵــەت ,وە هەڵوەشــاندنەوەی لــە داهــاتودا,کــە پــاش ئــەزمونی کۆمۆنە,مارکسستەکانڕۆڵی بالایان گێڕا , لە پتەو کردنی دەوڵەت ,وە کردنی بــە دەزگایــەکی زەبلاح ,کە بێوێنە بولە مێژوی مرۆڤایەتیــدا .کــە ئاکامەکــەی بــەو هــەموو بیروکراتیــک و دیکتاتۆرییەتــە گەیشــت.لــە کاتێــکدا هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵــەت, ئامــانجی ســەرەکی مارکسییەکانە.

کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانانی نیشتانی, زۆر زوو هەڵبژاردنی کۆمۆنی ڕاگەیاند , بۆ کۆمــۆن دەستی لە کار کێشایەوە .

مارکس زوولە نامەیەکدا , بــۆ لــودفیگ گوکلمــان دەنوسێــت :کۆمیتــەی ناوەنــدی زۆر زوو دەستەلاتی خۆی بە کۆمۆن سپارد(4).

---

پەراوێز

دەوڵەتی نا ناوەندی فیدراڵی لە سەردەمێکد ا بیری دەوڵەتی ناوەندی بــاو بــوو ,داهێنانێــکی نوێی کۆمۆنە بوو ,ئەو داهێنانە بە داخەوە لە لایەن مارکسیســتەکان بــە یەکێــک لــە خاڵــە لاوازەکانی کۆمۆنە دیاریکرا .دوایی مارکسیستەکان بــاجی ئــەم ناوەندییەتییــەیان لــە وڵاتی سۆڤییەتدا دا.بەڵام لە ڕاستیدا یەکێک لە خاڵە درەوشاوەکانی کۆمۆنە بونی ئەم ناناوەندییــە بوو .ئەزمونیش سەرکەوتنی ئەمەی دەرخست.

## 6-هێرش نەکردن بۆ سەر ڤێرسای.

لینین لەوتارێکدا, بە ناوی ئامۆژگارییەکانی چاودێر کەرێک .بنەما بنچینەییەکانی شۆڕشی چەکداری دەربڕی .کە مارکس و ئەنگلس دایان ڕشتبوو, و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە, کە ڕاپەڕینی چەکدارانە, شێوەیەکی تایبەتی یە ,لە شێوەکانی ململانێی سیاسی , ملکەچی یاسای تایبەتی یە .ئەو یاسایانەش بریتین لە :

-1 بەهیچ شێوەیەک یاری بە شۆڕش مەکەن و کاتێ بە شۆڕش هەڵئەسن ,ئەبێ بە بێ دوو دڵی ئەوە بزانن کە پێویستە تا سەری بەرن.

-2 هێزی باڵادەست لە کات و شوێنی بڕیاردەردا کۆبکەنەوە ,چونکە بە پێچەوانەی ئەوە دوژمن کە خاوەندی ڕێکخستنی چاکترە شۆڕش لە ناو ئەبات.

-3 کاتێک شۆڕش دەس پێ ئەکات پێویستە بە بەرزترین بڕیارو ورەوە ڕەفتاربکەن و دەوری هێرش بەر وەربگرن چونکە بەرگری کردن لەو کاتەدا مردن و لەناو چونی هەموو ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیە.

-4 پێویستە کتوپڕ هێرش بەرنە سەر دوژمن و سود لە کاتی پەرش و بڵاوی هێزەکانی وەرگرن.

-5 پێویستە خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی ڕۆژانە ,هەرچەندە بچوکیش بێت,وە بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری باڵا دەستی مەعنەوی بکەن.

بەڵام کۆمۆنارەکان,هەروەکو مارکس وتەنی :(هەلەکەیان لە دەس چوو , بەهۆی ویژدانی زیندوییانەوە, نەیان ویست درێژە بە شەڕەکە بدەن ).

هەروەها کۆمۆنارەکان ,لەدوڕیانێکی باریکدا وەستان پیلانی سەربازییان بەرگریکردن بوو , لە بڕی هێرش کردنبەرگریکردنیش مردنی لەسەر خۆی ڕاپەڕینی چەکدارا نەیە.کۆمۆنارەکان لە درێژەی تێکشکانی حکومەتی تیردا , گەرماو گەرم, هێرشیان نەبردە سەر ڤێرسای ,کە ببوە ناوەندی دەسەڵاتی بۆرژوازی هەڵاتوو , و مەڵبەندی کۆکردنەوەی هێزی دژ بە شۆڕشی ناوخۆو دەرەوە .

<u>شۆڕشیان لە نیوەی ڕێدا ڕاگرت هێزی باڵادەستیان لە هەموو شوێنەکان کۆ نەکردەوە-دەوری هێرش بردنیان وەرنەگرتکەڵکیان لە پەرت و بڵاوی هێزەکانی دوژمن وەرنەگرت ,هیچ سەرکەوتنێکی ڕۆژانەیان بەسەر سوپای دوژمندا بەدەس نەهێنا.</u>

ئەمە گرنگترین هەڵەو کەمو کوڕییەکانی کۆمۆنارەکان بوو ,لە کاروباری سەربازییدا.

لینین لەم بوارەدا ئاوا ڕەخنە لە کۆمۆنارەکان,لە بواری سەربازی دەگرێت :(گرنگی کاروباری سەربازییان لە شەڕی ئەهلیدا پشت گوێ خست بوو ,لە جیاتی ئەوەی پەلاماری ڤێرسای بدەن ئەوان هێزەکانییان کۆکرەوەو ئەنجامیش هەفتەی ئایاری خوێناوی بەدوا هات...).

تییر لە ترسی شۆڕش ,وە شکست و بێتوانایی سوپا بەزیوەکەی, پاریسی بەجێ هێشت .(لە 18 مانگ, ئەوان پاریسییان بەجێ هێشت ,نەک دەسەڵات ,وەک ئۆکتۆبەر بەدەستەوە گرترابێت)کشایەوە بۆ ڤێرسای ,تییر فەرماندەکانی سەربازی ئاگادار کردەوە ,ئەو سەربازانەی لەگەڵیان ماونکۆیان بکەنەوە و پاشە کشە بکەن بۆ ڤێرسای .ئەگەر گەرماو گەرم, کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانی نیشتمانی ,دوایان بکەوتنایە ,و هێرشییان بکردایەتە سەر ڤێرسای ,ئەوا بە سانایی دەیانگرتبەڵام تییر کەڵکی لە کات وەرگرت ,سوپاکەی ڕێک خستەوە, لەگەڵ بسمارک ڕێک کەوت هێرشی دەست پێکردەوە , بۆ سەر پاریس .ئەرکی کۆمۆنارەکان,هێرش کردن بوو نەک بەرگری .بەرگری وەک مارکس دەڵێت :مەرگی هەموو ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیە.

7-نەرمی نواندن بەرامبەر دوژمن.

دوای ئەو بڕیارەی کە کۆمۆنە دەری کردبوو , لە 7 ئەبریل ,فەرمانی ئــەوەی دابــوو , دەبێــت کاری تۆڵەیی ئەنجام بدرێتو پاریس بپارێزرێت لە خــواردنی گۆشــتی مــرۆ ڤ, لــە لایــەن چەتەکانی ڤێرسایەوەئەمەو یاسایە جێ بە جێ بکەن کە دەڵێ :(چاو بە چاو ددان بە ددان )بەڵام تیر لە کارە نامرۆڤانەیییەکانی خۆی ,بەرامبەر دیلەکانی ,هیچ نەوەستا,بەڵکــە گاڵتــەی بــە چارەنوسی دەکردن ,لە بڵاوکراوەکانی خۆی بەم جــۆرە دەینوســی :(هــیچ کــاتێ لەمەوپێــش چاوی ئەو مرۆڤە شەریفە غەمگینانەی کە نوێــنەری دیموکراسـیەتی بەدبــەختن ئــەوها بــە بەدبەختیم نەدیوە).

چاوی مرۆڤە شەریفەکانی وەک (تیر) و کۆمەڵە چەتەکانی وەک خۆی ,کە ڕۆڵیان هــەبوو لــە وەزارەت,لە گەڵ ئەوەش تیرباران کردنی دیلەکان, بۆ ماوەیەک وەستا.

تیر بە هیچ شێوەیە ک, وازی لە زەبرزەنگ و ڕەشە کوژی نەهێنا .وەک بــۆ یەکــەم جــار ,لــە جیهانــدا, مــادەی کیرۆســینی, دژ بــە کۆمۆنارەکــان بــەکار هێــنا ,بــۆ ئــاگر بــەردان لــە ماڵــەکانییان.لــە بەرامبــەر ئەمــەدا ,کۆمۆنارەکــان, تــا دوا ڕۆژەکــانی کۆمــۆن, وەڵامــی شۆڕشگێرانەی ئــەم تاوانانــەیان نەدایــەوە تەنانــەت دەتــوانرا, ســەرجەم وەزیرەکــان بــە تیریشەوە بگرترێت ,بەلام نەیان کرد.

لەبەرامبەر هەزاران و پاشان دەیان هەزار , ئیعدام کــراوی کۆمۆنارەکــان ئــەوان تــەنها , 42 کەسییان لە پیاوانی ڤێرسای ئیعدام کرد ئەگەر ئەوەشیان نەکردایە , زیاتر نموونەی بــەرزی مرۆڤ دۆستانەی کۆمۆنە دەرەکەو تبەڵام ئەو ڕۆژگارە تۆڵە پێویست بوو بۆ بەرگری لــەخۆ .

ئەگەر لە چوارچێوەی مێژودا بیخوێنینەوە .کۆمۆنە مرۆڤ دۆستانە ترین, دەوڵەت بــووە, تــا ئەو سەردەمە ,لە مێژوی مرۆڤایەتیدا.ئاوا مامەڵەی مرۆڤانەی لەگەڵ دوژمنەکانی کردبێت.

## 8- تێکەڵ کردنی قۆناغەکانی شۆڕش.

چەند مانگ بەر لە کۆمۆنە ,ڕێنوێنی مارکس, بۆ کرێکارانی پاریس , ئەوە بــوو دەس نەدەنــە چەک.ئەم ڕێنوێنییە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو ,کــە زەمینــەی ســەرکەوتنی ســەرهەڵدانی چەکداری, بۆ شۆڕشی کرێکاری, لە ئارادا

نی یە مارکس هەرکارێکی لەم چەشــنەی بــە سەرشێــتی و کــاری سەرچــڵانە لــە قەڵــەم دەدا.گومانی لەوە هەبوو تیر لە هانا بــردن بــۆ ســوپای ڕاڕای پروســی نانوێنێــت ,پاشــان ئەمەش ڕویدا .

بەڵام باری گرانی شەڕەکە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی , زەمینەی ڕاپەڕینیان خۆش کرد .لینین لە وەڵامی مەنشەفیکەکاندا کە دەیانەویست بە واتا پەر ستی خــۆ لە شۆڕش دورخەنەوە ,و بەشداری شۆڕشی دیموکراتیک نەکەن و بۆ بــورژوازی بــەجێ بێــڵن تا تەراتێنی پێوە بکەن بەوەی دروشمی کۆمۆنە شۆڕشگێرەکانیان بــەرز کردبــوەوە , ووتی: (باس کردنی کۆمۆنە بەبێ شی کردنەوەی هەڵەکان و هەل و مەرجە تایبەتییــەکانی ,دوپــات کرانەوەی کاری گێل و کەنەفتانەی بلانکیستەکان کە بــە شــان و بــاڵی هــەموو کردەوەکــانی کۆمۆنیان هەڵداوە (لە بەیانەکەی ساڵی 1874 خۆیاندا)هــەر لــە ئــەنجامی ئــەو هۆیەشــدا ئەنگلس بە تەوسەوە باسی کردن .ئەگەر هاتوو کرێکارێک لە یەکێک بەشداربوانی کۆنفرانسی پرسی ئەم (کۆمۆنە شۆڕشگێرەی,لە بڕیارەکەیاندا یادی کراوە ئەوە چــی یــە ,ئایــا ئــەو چ وەڵامێکی دەداتەوە ,ئەو دەتوانێ تەنها بەمە وەڵامی بداتەوە کە لــە مێــژودا یــەک حکومــەتی کرێکارانە بەو ناوە ناسراوە ,کە شارەزای جیاکردنەوەی فاکتەرەکانی شۆڕشی دیمــوکراتی و سۆسیالســتی نــەبوە,ئەرکــەکانی خــەبات لــە پێــناو کۆمــار و سۆســیالیزمی تێــکەڵاو دەکردمەسەلەی هێرشی سوپایی کاریگەری دژی ڤێرسای بەچارە نــەکراوی هــەڵ ســپارد , لــە

ئاستی بانکی فەرەنسەدا چەند هەڵەیەکی کرد و دەستی بەسەرا نەگرت و هــەروا بــە کــورتی ئێوە لە وەڵامەکەتان چ پەنا بەرنە کۆمۆنی پاریس یا هەرکۆمۆنێکی تر ,ناچارن بڵێــن ئەمــە حکومەتێک بوو نابێت حکومەتی ئێمەش وەک ئەو بێ بەڕاستی وەڵامێــکی زۆر بــەرزە ,بــەڵام بێدەنگی سەبارەت بە بەرنامەی پراتیکی حزب فێرکردنی بێ جێ ی مێــژوو لــە بەرنامەیەکــدا ,نیشانەی مل هوڕی مەلایانەی ئەو کەسانەو بێ دەسەڵاتی و زەبــونی مرۆڤــی شۆڕشــگێڕ نی یە؟.

ئایا ئەمە دەرخەری هەڵەیەک نی یە کە بێسود دەیانەوێ بیخەنە پاڵمانــەوە .واتــە تێــکەڵاو کردنی شۆڕشی دیموکراتیک بە شۆڕشی سۆسیالستی کە هیچ (کۆمۆنێک) جیاوازی نێوانیانی نەزانیوە.(5).

## 9-ڕانەکێشانی جوتیاران بۆ ڕیزی کۆمۆنە.

پێویست بوو کۆمۆنە جوتیارانی ڕابکێشایەتە ڕیزەکانی ەوە بۆ ئەوەی شۆڕشەکە , ببوایەتــە شۆڕشی گەلی, و زۆربەی کۆمەڵ تێکەڵ بە بزوتنەوەکــە بکردایــە چــونکە لــەو ســەردەمەدا , کرێکارو جوتیار زۆربەی گەلیان پێک دەهێنا,بە پلەی یەکەم جوتیاران. ئــەم دووانــە ئامێــری دەوڵەتیبیروکراتی سەربازی دەیچەوســاندنەوە و ســەرکوتی دەکــردن ,جوتیــاران بــەهۆی یاسای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە کە کۆمۆنە پەیرەوی لێ دەکرد ,ڕزگاری دەبوو لــە دەرەک و پۆلیس و بەڕێوەبەری پارێزگاکانهەروەها بڕیاری جیایی دین لە دەوڵەت , وای کرد هیچــکە ئەو پولەی بەزۆر لە جوتیاران دەسەنرا و دەدرا بە کەنیســە و قەشــەکان لــێ ی ڕزگــار بــن ,هەروەهاجوتیاران بەهۆی ڕزگاربونیان لە قەرزی عەقاری ,کە دەیانی ترساند , ڕزگار بــون لە دەس بەسەرا گــرتن بەســەر زەوی جوتیــاران , کــە بــە حــوکمی گەشــەی ســەرمایەداری کشتوکاڵی و هەرەسی وردەمالیکانەوە لە زیاد بوندا بوو.

ئەم هۆکارانە وای دەکرد جوتیاران ,پشتگیری لە کۆمۆنە بکەن ,بەبێ ڕاکێشــانی جوتیــاران و پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانیەتییە , ڕژێــمی دیموکراســی نــا چەســپێ و ناکرێــت بگۆڕێــت بــۆ سۆسیالستی ,بۆیە دەبوایە کۆمۆنە هاوپەیمانییەتی لەم چەشنەی پێک بهێنایە.

هەروەها بەهۆی گەشەی سەرمایەداریانەی کشتوکاڵەوە , کە لــە ســەردەمی ئیمپراتۆرییــەتی دووەمەوەپرۆلیتارییای کشت وکاڵ پەیدا ببوو ئەمانەش وەک باڵێک , لە پرۆلیتاریا لەگــەڵ پرۆلیتاریای پیشەسازی, هێزییان یەک دەخەن ,دژ بە بۆرژوازی .هەرچــەندە پرۆســییەکان و ڤێرساییەکان (سانت اویس و سانت ان مارن)یان خســتبوە ژێــر دەســەڵاتی خۆیانــەوە , کــە مەڵبەندی پرۆلیتارییای کشتو کاڵی بوون , لەترسی ئەوەی باری شۆڕشگێری ئەو شوێنانەش نەگرێتەوە .بەڵام کۆمۆنارەکان درەنگ لە گرنگی ئەو هاوپەیمانیەتییە بەخەبەر هاتنەوە.

برۆدۆنییەکان کە لەکۆمۆنەدا زۆربە بوونباوەڕییــان بەتوێــژی جوتیــاران هەرنــەبوو ,بــە هێزێکی دژ بەشۆڕشییان دەزانین(6).

لە 28 ئەبریل, واتە پاش تێپەڕ بوونی 40ڕۆژ بەسەر دامەزراندنی کۆمۆنــەدا , وە زیــاتر لــە نیوەی تەمەنی ئەم دەوڵەتە ساوایە, ئــەوجا بانگەوازێــکیان ڕوو لــە کرێــکارانی کشــتوکاڵی دەرکردئەمەش بڕگەیەکی بانگەوازەکەیە (......لە جیهان زۆر شۆڕش دەکرێت بۆ دابین کــردنی ئەو ئامانجە زەوی بۆ جوتیار و ئامێر بۆ کرێکار و کار بۆ هەموان)(7).

کۆمۆنارەکان نەیان توانی , پەیوەندی لەگەڵ جوتیاران ببەستن ,هەوڵییان دا ,بــەڵام ماوەکــە کەم بوو ,ئەو کارە پێویستی بەکاتی زۆرو پشوو درێژی بوو .جوتیــاران هەندێــکییان دەیــان زانی لە پاریس شەڕە ,بەڵام نایانزانی لەسەر چی یە(8 ).

## 10- هەڵەی سەربازی.

هەرچەندە هێزی پاسەوانی نیشتمانی , بۆ خۆیان پێش هەلاتنی حکومەتی ڤێرسای ,لە پاریس دەسەلاتی هاوتای حکومەت بوون .وە هێزێکی کارامەو جەنگاور بوون .هێزەکانی تا دوا ساتەکانیەرگرییان لە کۆمۆنە کرد .بەلام بە شێوەی گشتی ,کۆمۆنارەکان, لە بواری سەربازییدا ,کارامە نەبوون ,نەیان توانیسەرکەوتنی سەربازی بەدەس بهێنن .کەلێنییان بۆ هێزەکانی ڤێرسای بەجێ هێشت , لەوێوە دزە کرا گردە ستراتیژییەکانی مۆن مارتەر , کە تۆپخانەکانی لێ بوو ,باش قایمیان نەکرد ,کە شوێنێکی گرنگ بوو ,بۆ بەرگری کردن لە پاریس.

1-گرنگی هەلسەنگاندنی ئەزمونی تێکۆشەرانە لە ژیانی پارتی شۆڕشگێریدا ل 71.
2-دروس حولة كومونة باريس-ليون تروسكس 4-1-1924.
3- طريق عدد خاص شهر 6-7 يوميات كومونة.
4- کۆمۆنی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو ل55.
5- دوو تاکتیکی سۆسیال –دیموکراتی لە شۆڕشی دیموکراتیدا لینین ل95.
6-مجلة طريق-عدد 6-7فيودورريجينكو سنة 1971.
7- الثقافة الجديدة عدد 4 نيسان 1987 (كومونة باريس محتواها الطبقي و مظمونها الوطني يحيى علوان ص 93).
8- کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو.ل58.

## پەندو ئەزمونەکانی کۆمۆن

گرنگترین میرات ,لە کۆمۆنەوە بەجێمابێت بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە , ئەو پەندو ئەزمونانەیەکە لە پاش شکستەکەی هەلێنجراو قامکی لەسەر دانرا ,لە پێناو ئەوەی کۆمۆنەکانی داهاتوو, بە دەردی کۆمۆنەی یەکەم نەچێتەوە, هەلەکان دوبارە نەبنەوە. ڕێگەی پاشە کشە لە کرێکاران وچەوساوەکان بگرترێت ,تا پڕ بەدەم بۆ ژیان بێنە گۆرانی و بۆ گولَ بکەونە سەما!.ڕاستە کۆمۆنە لە دەریای خوێندا خنکێنرا ,بەلام وەک لینین وتەنی :دەنگی تۆپەکانی پاریس دواکەوتوترین توێژەکانی پرۆلیتاریای لە خەوە قولەکەیان بە ئاگاهێنایەوجۆش و خرۆشی نوێی دا بە پروپاگەندەی سۆسیالستی شۆڕشگێرانە .بەم هۆیەوە نەک یادی کۆمۆنە لە ناونەچوە ,بەلکە تا ئێستاش لە بوونی هەریەکێکماندا زیندوە (1).هەرچەندە بە دوای کۆمۆنەدا ,زۆر ئەزمونی تالی دیکە ,چونە پالَ کۆمۆنە .زۆر هەلە دوبارە کرانەوە لە بزوتنەوەی سۆسیالستی جیهانی ,زۆر هەلەی نوێکرا , لە کۆمۆنە ئەنجام نەدرابوو , زۆر خوێندنەوەی هەلەی بۆ کرا ,ئەزمونی تالییان لەگەلَ خۆدا هێنایاخود کۆمۆنە ,وەک چەکێک , بەرامبەر ڕەت کردنەوەی نەیارانی سیاسی کەلکی لێوەرگرا و بە واتا پەرستی نەیارانی سیاسی پێسەرکوتکرا ,بە تایبەت لە مارکسیستەکانەوە (کە من لایەنگری ئەو تەوژمە سیاسییەم) بەرامبەر بلانکی و برۆدۆنییەکان .

لەم کورتە نوسینەدا, بەگوێرەی ئەو توانا کەمەی هەمە بەسەر بابەتەکەدا ,هەولَدەدەم ئەزمونەکانی ڕابردوو ,کە هەرخۆمە کەلک وەرگرتن لە زۆر سەرچاوە نوسیومە , بەهەندێک پەراوێزی نوێییەوە بخەمە بەردەست خوێنەرانی خۆشەویست .کە هەمەوو بەردەوام قسەو لێکدانەوەی نوێیان دەوێت و زۆر قسەو باسی کە هەلە گرن.

دەشێت هەندێک تێکشکان , بەسەرکەوتن بژمێردرێت ,هەندێک سەرکەوتنیش ,بە تێکشکان ئەمەی سەرەوە وتەیەکی گرنگی کارل لێبکنختە .نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت , هیچ پنتێک

لە مێژوی تێپەڕ بوو , قەت ناگەڕێتەوە گەڕانەوەی کۆمۆنــەش وەک خــۆی , خەونێــکی بــەدی نەهاتووەبیرکردنەوە لێی دەمانکاتە بنیادگەرایەکی مێشک وشکەوەبوو .دوانــیش لەســەری بە مانای خەو بینین نی یە , بۆ گەڕانەوەی ,بەڵکە هەوڵدانێکە ,بۆ ئاگادار بوون لە ڕابــردوو و ئەزمون وەرگرتن لێی لە داهاتووداو و خوێندنەوەی مێژوی تێکۆشانی مرۆڤایەتی .
گرنگترینی ئەو وانانەی ,کە لە کۆمۆنەوە هەڵێنجراوە ,بریتین لە:-

1-بونی پارت و ڕێکخراوی کرێکاری مەرجی سەرکەوتنی شۆڕشە .

بۆ ئەوەی چینی کرێکار , بتوانێت ڕاسپاردە مێــژوییەکانی جێــبەجێ بکــات , لــە بەدەســتەوە گرتنی دەسەلاتپێویستە لە حزبی سیاسی چــینایەتی دا,خــۆی ڕێــک بخــات ,یەکێــک لــەو هۆکارانەی کە زۆر کەم و کوڕی بەرەو ڕوی کۆمۆنارەکان دەکردەوە , دەگەڕایەوە بــۆ نــەبونی حزبێکی سیاسی کرێکاریئەو ڕێکخراوانەی کە لــە کۆمۆنــەدا بەشــدار بــوون , ڕێــکخراوی بچوک و بێ بەرنامەی زانستیانە بوون . ئەندامانی نێــونەتەوەیی یەکــەم ,کەمایــەتی بــوون تیایاندا,سەرباری ئەمەی, بەشداری بەرینی پلانکی و برۆدۆنییەکان, ڕۆڵی نێگەتیڤی گێڕا.
زۆر جاربە پێچــەوانەی هەڵوێســتی مــارکس و ئــەنگلز , کاریــان دەکــرد ,جــۆن ئەندریــە ئەندامێکی کۆمۆنە بوو , دەڵێت :(ئەوەی ئێمەی بەرەو هەڵدێر بە نەمان برد ,پێمان نەزانی و بیرمان لێنەکردبوەوە ڕێکخراوبوو کە بنەمای شۆڕشی نوێیە).
هــەروەها بەشــدارانی کۆمــۆن, لــە کــۆنگرەی نێــونەتەوەیی لاهــای , لــە ســاڵی 1872 دا ,دەستنیشانی ئــەوەیان کــرد ,ئەگــەر کۆمۆنارەکــان , ڕێــکخراوی ڕامیــاری پێشــکەوتوییان هەبوایە, ئەیان توانی,بەرگری لە کۆ مۆن بکەنبەرهەڵســتی هــەموو داگــیر کــەران بکــەن , شوێنەکانییان بەهێزتر بکەن.
لە ناو کرێکارانی فەرەنسا, لە ســاڵی ,1870 مەیلێــک هــەبوو ,بــۆ پێــک هێــنانی پارتێــکی سۆسیالستی شۆڕشگێر, دوربێت لە بۆچونی سۆسیالیزمی خەیاڵی , برۆدۆنی , ئەنارشیستی , دیموکراتی وردە بۆرژوازی , کۆماری لیبراڵی.
مارکس و ئەنگلز بەدوای شکستی کۆمۆنە ڤامکییان لەســەر ئــەوە دانــا , کــە بــونی حــزبی کرێکاریمەرجی گەیشتنی چینی کرێکارە , بە دەسەلات.ئەمەش لە یەکێک ,لە بەیاننامەکانی کۆنگرەی لەندەنی, کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ڕەنجــدەران هــاتوە .لــە ســەپتەمبەری 1871 دا, بڕیاری لەسەر دراوە.
مارکس و ئەنگلز لە تاقی کردنەوەی کۆمۆنەدا ,گەیشتنە ئەو بڕوایــەی , کــە پرۆلیتاریــا لــە خەباتیدا ,دژ بە دەسەلاتی یەکگرتوی چەوسێــنەران ,ناتوانێــت وەکــو چینێــک تێبکۆشێــت , ئەگەر خۆی لە پارتێکی سیاسیدا ,ڕێک نــەخات ,هــەروەک هــەموو حزبــە کۆنــەکانی چــینە هەبووەکانی دیکە لینین لە ئــەزمونی کۆمۆنــەوە ئەمــەی نووســی :(پارتێــکی شۆڕشگێــری پێشکەوتوی مارکسی بنەمای بەرز کردنەوەی ئاستەکانی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخراوەیی یە).بەلام لینین بەم شێوەیە پێناسی ئەو پارتە دەکــات ,پــارتی شۆڕشــە کۆمەلایەتییــەکان و دوژمنی هەموو چینە چەوسێنەرەکانە.
بەدوای کۆمۆنەدامارکسیزم تەنگی بە مەیلە سۆسیالسیتییەکان کە هەڵچــنی , شوێــن خــۆی لەناو بزوتنەوەکە قایم کرد , واقعــی تێکۆشــان , تەســکییەی شۆڕشگێــڕی کــرد .زۆر حــزبی کرێکاری نیشتمانی دروست بوون وەک حزبی سۆسیال دیمــوکراتی -ئــەڵمانیا1875.حــزبی سۆسیالستی کرێکاری ئەمــەریکا 1877حــزبی سۆســیال دیمــوکراتی نەمســا 1880.حــزبی کرێکاری فەرەنسەکە لە 1879 لە مارســیلیا دامــەزرا کــە یەکــەم حــزبی مارکســی بــوو لــە فەرەنسا(2).

## پەراوێز

بێشک ڕێکخستن ,ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت ,لە ڕێکخستن و سازدانی تێکۆشان .بەڵام کردنی پارت, بە سۆپەرمانی گۆڕانکاری و شۆڕش بە تەنهایی بێ ڕەچاوکردنی پارسەنگی هێز هەلومەرە بابەتی و خۆییەکانی وولات چیرۆکێکی کەیە .ئەوەی زیاتر کۆمۆنەی تێک شکاند ,لاسەنگی پارسەنگی هێزەکان بوو ,هێزەکانی پرۆسیا و ڤێرسای کەوتنە هاوکاری یەکتر توانای مرۆیی و ئابوری و سەربازی دوژمنان گ ەلێک لە سەروی کۆمۆنەوە بوو,لە جەنگدا هێزی ئاگر و جۆری چەک چارەنوس دیاری دەکات ,ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکەم 19 لقی لە پاریسدا هەبوو ,دەیتوانی ئەو کەلێنی ڕێکخستنە پڕ بکاتەوە ,ئەگەر هەموو نیو ملوێنە دانیشتوانەکەی ئەو کاتی پاریس ئەندامی پارتێکی مارکسی بونایە نای انتوانی خۆ لەبەردەم هێزی زۆر و زەبەنی دوژمنان بگرن . هەروەها لێرەدا چی شتێک پێوەرە بۆ ئەوەی حزبێک نوێنەری چینی کرێکار بێت؟؟؟ ,ئایا ژمارەی دەنگ و پشتگیری چینی کرێکاری ئەو وڵاتە لە دەنگدانەکاندا؟؟ ,یان لوێژەی ئەندام بوونییان لەو پارتەدا؟؟ یاخود لە هاتنی ژ مارەی وشەی کرێکارلە بەرنامەو ناوی پارتەکەدا لە هەمووشی گرنگتر , ئەمڕۆ بزوتنەوەی مارکسیستی و سۆسیالستی و کرێکاری ,لە زۆربەی وڵاتاندا , چەند پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی نوێنەرایەتی دەکەن , لە وڵاتی وا هەیە ژمارەیان دەگاتە دەیان ,لێرەدا پارتی موحەسەن چۆن جیا دەکرێتەوە لە پارتی کۆپی؟؟ .هەروەها بۆچی دەبێت ڕۆڵی بلانکی و برۆدۆنییەکان نێگەتیف بوبێت لە کۆمۆنەدا ؟؟ لە کاتێکدا توانییان , سەرکردایەتی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بکەن و زۆربەی نوێنەران خەڵک لەوان هەڵیان بژێرێت و خەڵکی ئەو کاتی پاریس متمانەی خۆیانیان پێ ببەخشن؟؟, تا ئێستا نموونەی دەسەڵاتدارییەتی ڕۆمانسییانەی سۆسیالستەکانە.کێ گرنتی ئەوە دەدات , ئەگەر ئەوان ,لە ڕابەرایەتی نەبوونایە,ئەزموونی حکومەتە بیروکراتیکەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات , لە وێوە لە دایک نابوو و ئێستا ناتوانرا هیچ شانازییەکی پێوە بکرێت.

دەتوانین بەراوردێک لە نێوان سستەمی ڕێکخستن و بەڕێوەبەرایەتی لە کۆمۆنەو سستەمی پارتە کۆمۆنیستەکان سەیر بکەین.

-لە کۆمۆنە هەموو دەسەڵاتێک بۆ جەماوەری هەڵبژێردراو .

-لەو سستەمانە هەموو دەسەڵاتێک بۆ -سەرۆکی پارت مەکتەبی سیاسی ,کۆمیتەی ناوەندی,پارت ,چینی کرێکار,لە کۆتاییدا ئەگەر جەماوەر بێت.

--لە کۆمۆنەدا دەسەڵاتی ناوەندی سستەمی پێشوو و دەزگا سەرکوتکەر و بیروکراتیکەکان هەڵوەشێنرانەوە.

--بەڵام لەو سستەمانە ئامێری دەوڵەت گەورە کرا .

---لە کۆمۆنەدا هەموو باڵەکانی کرێکاران و ڕەنجدەران لە برۆدۆنی و بلانکی و یەعقوبی و باکۆنی و مارکسی ,پێکەوە لە چوارچێوەی نوێنەراندا دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد.

---بەڵام لە سستەمانە یەک پارت ,یەک بیرکردنەوە ,یەک باڵ ,باڵا دەست بوو.

----لە کۆمۆنەدا ئازادی تەواو بۆ جەماوەر بوو ,تەنانەت بۆ پاشماوەی سستەمی کۆن و کلێساش.

---لە سستەمی پارتایەتی ئازادی ت ەنها بۆ یەک بیرکردنەوەو لە خزمەت یەکپارت , کەس ,بۆچوندا بوو.

-----لە کۆمۆنەدا خەڵک دەیتوانی کەی بیەوێت نوێنەرایەتی هەڵوەشێنێتەوە و متمانی خۆی لە هەڵبژێردراو وەرگرێتەوە.

- - - - - لەو سستەمانە هیچ کات دیاردەی وا ڕوی نەدا.
- - - - - - نوێنەران کرێی کرێکارێکی ئاسایی ورە گرن .
- - - - - - لەو سستەمانە بەرپرسان لەو پەڕی خۆشیدا دەژیان.
- - - - - - - دوای هەشت کاتژمێر کارکردن ,کرێکاران دەسەلات بەڕێوە دەبەن .
- - - - - - - دەسەلاتێکی بیروکراتیک دامەزرا دور لە کارو ژیانی کرێکاران.
- - - - - - - - هەموو دەسەلاتێک بۆ جەماوەر.
- - - - - - - - هەموو دەسەلاتێک بۆ سکرتێری گشتی.

دوو سستەم ,دوو بەڕێوەبەرایەتی جیایان بەرهەم هێنا ,لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ,ئەویش ئەمەیە ,ئەگەر ڕەخنەکانی مارکس و لینین و ترۆتسکی لە کۆمۆنەی پاریس بە پراتیک بکرایا لە کۆمۆنەدا ,ئایا هەمان دەسەلات و پارت و سستەمی ولاتە سۆسیالستەکانی بەرهەم ناهێنایەوە؟؟؟؟.لە دوای کۆمۆنە تەنها ئەم شانازییانەی ئەمڕۆ باسی دەکەین ,ئایا ئەوەشمان لەدەست ناچوو؟؟؟؟.

## 2- دەولەتی شورایی دەولەتی جەماوەری خەلکە.

شورا سستەمێکی ئیداری جەماوەریی یە ,بە پێ ی نیازو بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەل پێک دێت .کرێکاران لە کۆمۆنی پاریسدا ئەوەیان سەلماند , دەتوانن دەولەتێک دابمەزرێنن , خۆیان بەڕێوەبەری بن , ویست و ئارەزوی زۆربەی کۆمەل بێت.

لە سستەمی شورایی دا , کۆمەلانی گەلڕاستەوخۆ لە دەسەلاتدا بەشداری دەکەن .بەشداری ڕاستەوخۆی کۆمەلانی ستەمدیدە لە دەسەلاتدا ,ڕێگە لە هەلەو کەم و کوڕی ئاییندە دەگرێت.

شورا دەزگایەکی کارکەرو بڕیاردەرە , مافی بڕیاردان و ڕاپەڕاندنی پڕۆژەی بڕیار دراوی هەیە.

شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆرەکانی دیموکراسی بۆرژوایی , کە لە سەردەمی مارکس و ئەنگلزدا هەبوونبەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەدارانییان دابین دەکرد .سەرجەمییان خ اوەندو شەریکی کەم و کوڕییەکانی دەولەتی بۆرژوایی پەرلەمانی بوون , کە بنچینەی لە سەر جیاکردنەوەی ڕاپەڕاندن بوو لە بڕیار دان بەر پرسیار نەبوونی ئەندامانی پەرلەمان , لە بەرامبەر جەماوەرداکە خۆیان هەلیانییان بژاردوە , لەو کەم و کوڕییانەیە کە ئەنجامی دەدەن.

کۆمۆن ئەوەی سەلماند , چینی کرێکار ,بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات , جێگا گرنگەکانی حوکمڕانی, پێویستی بە بۆرژوازی نی یەبەوەندە توانایەی لە وزەی دایە , لەسەر بنچینەی کاری بە کۆمەل ,ئاگادار بوون لە بەرژەوەندی چینایەتی زۆربە ,دەولەت بەڕێوە دەبات.بەڕێوەبردنی دەولات بەشێوەی ڕاستەوخۆ , لە لایەن ڕۆلەی زەحمەتکێشانەوە ,بەو مانایە یە ,ئەم دەولەتە هەموو کرێکار و جوتیار و شوان گاوانێک , یان هەرکەسێکی ئاسایی, دەتوانن بەڕێوەبەری بن و یاسای بنچینەیی بۆ دارێژن.

سەیر بکەن ,بزانن بۆرژوازی چۆن قینی لەم شێوە دەسەلاتە دەبێتەوە , ماهییەتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی خۆی ئاشکرا دەکات.

لە ڕۆژنامەی (ۆفیە فریا ی کۆنە پەرست , هاتووە: (ئەگەر گریمان بۆ چرکەیەک بەلشەفیکەکان سەرکەوتن .کێ ڕێبەرایەتیمان دەکات؟ڕەنگ بێت چێشت لێنەرەکان بن و دەربارەی تویژو چینەکان بزانن؟یاخود پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە بن؟یاخود خاوەند تەویلەکان بن؟یاخود ئەو کەسانەی لە ئامێری بوخاری کار دەکەن؟ . ؟.یاخود ئەو کەسانەی مندال

بەخێو دەکەن وبە پەلە ڕادەکەن بۆ کۆبونەوەکان ئەنجومەنی میری ,لە کاتەکانی کەل و پەل شوشتن ؟.کەواتە کێن؟کێن ئەوانەی پیاوی دەوڵەتن ؟ڕەنگ بێت فیتەرەکان بن گرنگی بدەن بە شانۆ,یاخود کرێکارانی ئاوگەیاندن بن گرنگی بدەن بە کاری دیپلۆماسییەت ,دارتاشەکان –لە پۆست و تەلەگراف؟ ئایا ئەوە دەبێت؟ نەخێر دەشێت ئەمە ببێت ,لەو شێوە پرسیارە سەرشێتانە ,مێژوو بە توندی وەڵامی بەلشەفیکەکان دەداتەوە( 3).

جەماوەری ستەمدیدە بە ئەزمونی ژیان و تێکۆشان ,چاک لەوە گەیشتوون, کە سەرمایەداران , کۆنترۆلی سوپاو پۆلیس و دام و دەزگاکانی سەرکوتکەرەکان و دەزگا بیروکراتەکانی لە دەستدایە.سەرجەمییان وەک دێوەزمە بەبان سەری خەڵکەوەن , هەناسەی ژیانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە ,ئەو هەڵبژاردنانەی کە دەکرێت , و بۆی دەکەونە شایی و لۆغان, پێیا هەڵە دەن ,سەرتاپای درۆ و ڕیاییە, تەنها لە ترسی قینی پەنگ خواردوی جەماوەو,لە پێناو لە خشتە بردنییان بەڕێوەی دەبەن .هەڵبژێردراوان پاش هەڵبژاردنییان ,بۆرژوازی دەسەڵاتدار دەیان کڕێت , لەبەرژەوەندیچینایەتی خۆیان بەکارییان دێنێت . لە جیاتی ئەوەی لە خزمەت جەماوەردا کار بکەن ,دەبنە ئاغا بەبان سەریانەوە.

بەڕوکەش پەرلەمان ,یاسای بڕیاردانی بەتەواوی لەبەر دەستدایە بەڵام لە ناوەڕۆکدا , یاساکان لەلایەن بۆرژواکانەوە پەسەند کراوە , ئەوەندە کارییان بەناوی گەلە , ڕەسمییەت بەو یاسایانە ببەخشن هەرچی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە , ئەوا بەهیچ پێچ و پەنایەک , لە دەست بۆرژوازی دایە.

لە سستەمی شورایی دا , نوێنەری هەڵبژێردراو کارییان پێ دەسپێردرێ , دەبنە خزمەت گوزاری خەڵک هەروەها هەرکاتێک خەڵک , نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان خۆیان, بە دڵ نەبێت, مافی خۆیانە لای بدەن.

لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا , دەسەڵاتی شورایی, زیاتر گەشەی پێدرا ,چ بە پەند وەرگرتن لە ئەزمونی کۆمۆنە, و ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی, یاخود بە بەرین کردنەوەی ,لە سەرتاسەری سۆڤییەتدا .

لە دەوڵەتی شوراییدا , کرێکار و جوتییار ژن و پیا وخوێندەوار و نەخوێنەوار ,بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی لە ڕوی ماف و یاساوە یەکسانن ,ئەندامی دەوڵەتن ,لە ڕێکخراوی دەوڵەتدا جێگاو ڕێگای تایبەتی خۆیان هەیە.

---

پەراوێز

شاراوە نییەکۆمۆنە ئەزمونێکی دەسەڵاتدارییتی نوێ , وە بێوێنە نەبوی , لە ڕابردوی مرۆڤایەتی داهێنا.لەو سەردەمانەدا ,هەڵبژاردن تەنها بۆ چینە داراکان و فەرمانبەرە گەورەکان,چین و توێژی دیاری کراو بوو .ژنان مافی دەنگدانی نەبوو ,تەمەنی دەنگدان تەنها بۆ خاوەند پولەکان.

بزوتنەوەی شارتییەکان,لەساڵی 1836لە بەریتا نیا ڕۆبەرت ئەوین دایمەزراند ,داوای چاکسازی لە یاسای دەنگ دانا دەکرد .لەوانە :- داوای دەنگدانی دەکرد بۆ هەموان ,بەڵام لە سەروی 21 ساڵی و تەنها بۆپیاوان .هەروەها داوای هەڵبژاردنی ساڵانەو وە نوێنەرانی یەکسان, بۆ ناوچەکان و حەسانەی پەرلەمانی بۆ هەڵبژێردراوان, لەگەڵ مانگانە بۆئەندامانی هەڵبژێردراوو و هەڵوەشاندنەوەی ئەوبڕیارەی کە دەبوایە ,ئەوانەی خۆ کاندید دەکەن لە چینە داراکان بن .ئەمە داخوازی بزووتنەوە شارتییەکان بوو ,کە یەکەم بزوتنەوەی کرێکاری بووە لە جیهاندا.(4)

بەلام کۆمۆنە ,لەم بارودۆخەدا دێت ,دەرگای مافی دەنگدان بۆ تەمەنی 18 بەرەو سەر, لـە ژن و پیاو دەخاتە سەر پشتبۆ هـەژاران و دەولەمەنـدان بـە یەکسـانی ,ئەمـە شۆڕشێـکە لـە دیموکراتییەت .تا ساڵی 1944 ژنان لە فەرەنسە ,مافی دەنگدانییان نەبوو .کۆمۆنە 7 دەیـە لەپێش ئەو مێژووەلە پێش ئالا هەلگرانی دیموکراسی ئـ ەمڕۆئەم کارەیان ئـەنجام دا .بـەلام لە ماوەی ئەم 132 ساڵەداپڕۆڤایەتی زۆر هەنگاوی گەورەی ناوە .هەڵبژاردن و خۆ پـالاوتن بۆ هەموانێوونی مشت و مڕی توند لـە نـاو پەرلەمانەکانـدا ,بـە تایبـەت لـەو ولاتانـەی کۆمەلگەی مەدەنی هەیە ڕۆڵی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان لە بڕیا رە چـارەنوس سـازەکاندا , تا هەڵوەشاننەوەی حکومەتەکان .ئەمانە کۆمەڵێک تایبـەت مەنـدین ,پەرلـەمانییان زیـاتر دیموکراتیزەو کاریگەر کردوە .لە بەرامبەردا کۆمەڵێـک پەرلـەمانیش دەبینـیین ,ئەنـدامانی وەک بووکە شوشەن و بڕیارەکان بۆیان داندراوە.

هەروەها جیاکردنەوەی دەسەلاتە کان لە یەکتر وە بـوونی دەسـەلاتی ڕاپەڕانـدن , لـە ژێـر چاودێری دەسەلاتەکانی کـە ,زەمینـەی نـا دیموکراسـی بـووێوچـەڵ دەکاتـەوە . پاشـان بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەم سەردەمەدا ,پێویستی بە تیپی کارکەری پسپۆر و شارەزایە.دەشێـت کرێکارێکی وەک لۆلا ببێت بە سەرەک کۆمار بـەلام دیسـانەوە ئـەویش پێویسـتی بـەتیپی کارکردنی پسپۆڕ,بواری یاسایی و ئابووری پیشەسازی و بوارەکانی کە هەیە .لەم کـارەدا سۆز و حەماسەت ڕۆڵ ناگێڕێت.بەڵکە پسپۆری و ئەزموون و شارەزایی ڕۆڵ دەگێڕن.

هەروەها شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر , نـەگەشـەی بەئـەزمونی شـورایی کۆمۆنـە نـەدا ,بەلکـە لەناوەڕۆکە دیموکراسـییەکەی خسـت ,لـەوەی هـەموو دەسەلاتێـک لەشـوراوە سەرچـاوە بگرێت,گوازرایەوەبەدەسـەلاتی حیـزب و مەکتـەبی سیاسـی و پاشـان سکرتێـر .شـوراکان لەشورەوییدالە دەزگایەکی بێ ئیرادە بەولاوە هیچی کە نـەبوون .ئـەوەی دەسـەلات دار بـوو ,حزب و مەکتەبی سیاسی و سکرتێری پارت بوو.

ستالین لە پەرتوکی سۆسیالیزم یان ئانارشیزم دەنوسێت ,گەل خۆی پۆلیس و قـازی خـۆی بوو لە کۆمۆنەدا.

لە لایەکی کەوە جگە لە ئەزمونی کۆمۆنە لە ئەزمونەکانی کـەدا شـورا تـەنها هێـمایی بـوو دەسەلات بۆ پارت و مەکتەبی سیاسی و سەرۆک بوو ,ئـەوەی دەسـەلاتی نـەبوو شـورا بـوو .هەڵبژاردنەکان هیچ جدییەتێکی سیاسی تێدا نەبوو .تەنانەت لە ئۆکتۆبەردا بەلشـەفیکەکان بە پراتیک کاریان بۆ بەلشەفەکردنی شوراکانی دەکرد ,نەک هەموو دەسەلاتێک بۆ شوراکان .شوراش هەر بیرۆکەی یەک بیرکردنەوە ,یەک پارت ,یـەک ئایـدۆلۆجیا بەسـەریا زاڵ بێـت دەبێتە جەستەیەکی مردویی بێداهێنان.

### 3-دیکتاتۆری پرۆلیتاریا مەرجی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری یە.

مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشـی کۆمەلایـەتی چـینی کرێـکار , تێکشـکانی ئامێـری دەوڵەتی بۆرژوایی و بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی یە ,لە لایـەن چـینی کرێـکارەوە , داسەپاندنی دکتاتۆریەتی چینایەتی کرێکارانە, بەسەر کۆمەڵگەدا .دەشێت ئەم داسەپاندنە بە شێوەی ئاشتیانە, یاخود بە شێوەی زەبروزەنگ بەدی بێت .شێوازی جولانەوەی کرێـکاران و هەڵس و کەوتی بۆرژوازی , شێوازی بە دەستەوە گرتنی دەسەلات , دیاری دەکات.

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا,یانی پرۆلیتاریای ڕێکخ راوە وەک چـینی دەسـەلاتدار ,نـەک حـزبی دەسەلاتدار.لە کۆمۆنەدا نە حزبی کۆمۆنیست هەبوو نە مارکسییەکان زۆربـە بـوون ,کـەمتر لە2%ی نوێنەرانیان پێک دەهێنا ,بەلام کۆمۆنە, بە نموونەی دەوڵەتی دکتاتۆری پرۆلیتاریـا ناسێنرلە لایەن ڕابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی یـەو ە.چـونکە پرۆلیتاریـا وەک

چین و بڕیاری سیاسی بالا دەست بوون .بە بۆچونی مارکس ,دکتاتۆری پرۆلیتاریا شێوەیەکی ڕامییاری یە,لەم دوایەدا دەرکەوتکە ڕزگاری ئابوری بۆ کار بەدەست دێنێت ,ئەمەش لە کۆمۆنەدا دەرکەوت.

ئەنگلز لە ناسینی کۆمۆنەدا دەڵێت :(بەڕێزە خۆشەویستەکان ,ئایا دەتانەوێت بزانن دیکتاتۆری پرۆلیتاریا چی یە و چۆن خۆی دەنوێنێ؟فەرموون چاوێک بە کۆمۆنەدا بخشێنن ,لە ڕاستی دا ئەوە دیکتاتۆری کرێکاران بوو).

مارکس لەدوای کۆمۆنە نوسی - لە بارودۆخی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالستی ,شێوەی دەوڵەت ناکرێت هیچ شێوەیەک بێت جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا .

لە کۆمۆنەوە بۆ ئێستا ,زاراوەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ,خاڵی باسی بۆرژواکان و مارکسییەکان بوە.ئەمڕۆ پاش ئەو پاشە کشە کاتییەی پار و پێراری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ,لە ئاکامدا زۆر مەیلی ئۆپۆرتۆنیستی و ڕیفۆرمیستی ,لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دا سەری هەڵدا ,خاڵی هێرشییانزیاتر بۆ سەر چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو .چونکە لە هەموو چەمکەکانی کەی سۆسیالیزم زیاتر دەسەلاتی کرێکاران دەرەخات ,و ڕێگای ڕیشەکێش کردنی سەرمایەداری دیاری دەکات.

---

پەراوێز

لەمێژوویزوتنەوەی سۆسیالستی چوار جۆر لەگەیشتن بە دەسەلاتمان هەیە .کۆمۆنە بە شێوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ ,ئۆکتۆبەر بە شۆڕش ,هێرش بۆسەر کۆشکی زستانە و ڕوخاندنی حکومەت,شۆڕشی درێژ خایەن و سەرکەوتن لە چین و ڤێتنام و کوبا و دواینییان نیکاراگواشێوەی داگیرکردن و داسەپاندنیدەسەلاتی زۆرە ملێ لە ئەوروپای ڕۆژهەلات .لە تەواوی ئەم کۆمەڵگایانەدا پێش بە دەسەلات گەیشتنی کۆمۆنیستەکان ,ئەوەی نەبووکۆمەڵگەی مەدەنی یە لەم وولاتانە ,تا جەماوەر هەڵوێست وەرگرن و بەرەو ڕوی ئەو گۆڕانکارییانە ببێتەوە,یاخود بزانیین ئاستی پشتگیری گەل چەند بووە لەو دەسەلاتانەتەواوی ئەو کۆمەڵگانە کۆمەڵگەی داخراو بوونە ,گۆڕان لە سستەمێکی داخراوەوە بۆ یەکی کە ئاسانە لێرەدا پرسیارێک قیت دەبێتەوە ,ئەویش ئەوەیە,لە کۆمەڵگەی مەدەنییدا ,ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەدەسەلاتبەو شێوازانەی باسمان کرد هەیە؟؟؟ .وەلامی ئەم پرسیارە ئەوەندە گرانە دەتوانێت کار لەسەر شێوازی تێکۆشان دابنێت و دروشمە سیاسییەکان سەر لەنوێ دارێژێتەوە.

بزوتنەوەی سۆسیالستی ومارکسی ,بزووتنەوەیەکی سیاسی یە ,بۆجێبەجێ کردنی بەرنامەکەیپێویستی بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتە .ئایا ڕێگەی دیکە بۆ گەیشتن بە دەسەلاتیجگەلەو شێوازانەی باسمان کرد دەست دەکەوێت؟؟؟ .وە ئایا کۆمەڵگەی جیهانی لە هەنگاو نان دایە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ,یاخود کۆمەڵگەی مەدەنی دوا تەمەنی خۆی بەسەر دەبات؟؟؟.واتە مرۆڤایەتی بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی دەچێت ,یاخود کۆمەڵگەی مەدەنی پەیامی خۆی گەیاندو دوا کاتەکانی تەمەنی بەسەرە بات؟؟ .ئایا بۆ شاییەک شک دەبەین لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا, جگە لە پرۆسەی هەڵبژاردن ,لە ڕێگەوەی مارکسییەکان دەسەلات بگرێتە دەست؟؟؟.ئایا گەیشتن بەدەسەلات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ,دەتوانیت لە یاساو دەستووری پێشوو ,هەڵوەشێنیتەوە, کۆمەڵ ڕازی بکەیت بە بەرنامەی خۆت و جێبەجێ کردنی دەسەلاتیتاک حزبی دیکتاتۆری پرۆلیتارییا؟؟؟؟؟؟؟ .بە گەلیش بڵێیت ئەمە دوا

هەڵبژاردنەبە پارتە سیاسییەکانیش بڵێیت , خۆتان هەڵبوەشێننەوە,ئەوەشــی نارازییــە بــۆ زینداوانبزانم وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر ئاسانە ئەویش لــە کۆ مەڵگــەی مــەدەنی بــەهۆی ئامادەیی جەماوەر بۆشاییەک نەماوە بۆ کاری سیاســی لــەدەرەوەی گەمــەی هەڵبــژاردن و شەرعییەتی سیاسی.

بەڵام ئەگەرمێژوو بخوێنینەوە ,ڕوداوەکانی شیلی و بەرازیل و فــەنزویلا و بۆلیفیــاو .... لــە شەست و حەفتاکانی سەدەی پێشوو بێنینە پێش چاو ,دەگەینە ئەو بڕوایەی , ئــەمپریالیزمی جیهانی ,دژ بە ویستەکانی گەلانلە هەوڵی پاراســتنی بەرژەوەندییــەکانی خۆیــەتی ,هــەر دەوڵەتێک ویستەکانی دابین نەکات یــە شێــوەی جــۆراو جــۆر , هــەوڵی گــۆڕین و ڕوخــانی دەدات.هەرچەندە ئەمڕۆ ,ڕاگەیاندن زۆر ئابڕو بەرەڕێگە دەگرێت لە زۆر کاری درند دانە,ئەگەر ڕوداوەکانی حەفتاکانی شیلی ,لە سەدەی بیست و یەکدا بوایە ,چارەنوسی ئەو کودەتایە ,لــە چارەنووسی کودەتاکەی ئەبریلی 2001 ی ڤەنزویلا ,باشتر نابوو.هەروەها لە هەمان کات دا ئەمڕۆ زەمینەیەکی لەبار لە ئارادایە ,بۆ گۆڕینی دەسەڵات ,لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە .خەریکــە گۆڕینی دەسەڵات, لە ڕێگەی خەباتی چەکداری ,دەچێتە مێژووەوە,پێوەری هەڵبژاردنی گشــتی و ئازاد, ویستی ئەو بزوتنەوە چەکداری یە بە هێزانەشە کــە لــە نیپــال و کۆلۆمبیــاو فلــپین و...لە ئارادایەئەزمونی ساندیستەکان ئەزمونێکی ڕۆشنە لەم پەیوەندەدا .لە سەردەمێــک کــە سندوقی دەنگدان ,باڵی بەسەر بۆچونی گۆڕینی دەسەڵات گرتبێــت؟؟ .ئایــا پــاش هەڵبــژاردن پارتی کرێــکاری و کۆمۆنیســتی هەڵوێســتی چــۆنە بێــت لــە کــاتی ســەرکەوتنییان دا لــە هەڵبژاردنەکاندا , بەرامبەر ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردندا دۆڕاون و پێکەوە چونەتە پرۆســەی هەڵبژاردنەوە؟؟؟.هەروەها بەرامبەر درێژە دان بە گەمــەی هەڵبــژاردن . لیــنین لــە پــەرتوکی کاوتسکی هەڵگــەڕاوەدا پێداویســتی دیکتــاتۆری پرۆلیتاریــا لــەم خاڵانــەدا دەبینێــتەوە (1- سەرکوت کردنی بەرەنگاربوونەوەی هێزی بورژواکان.2- ترس خستنە دڵی کۆنەپەرســتان.3- پاراستنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دژ بۆرژواکان . 4- تا پرۆلیتاریــا بــە هێــز لــە دوژمنــەکانی بدات.( 5)بەڵام ئەمڕۆ لە هەڵبژاردندا , بۆرژوا بە ڕاگەیاندن و سندوقی هەڵبــژاردن و دۆلارەوە بەرەو ڕوی کرێکاران دەبێتەوە زەبروزەنگ لە دەستوری وڵاتدا جێگەی نابێــتەوە .گۆڕانکــاری یە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لەو سنورە دا بێت ,پاش دەساو دەس کــردنی دەســەڵات ,بتوانرێت درێژە بە بەرهەم هێنان و چالاکی ئابوریبدرێت .نموونە هەر لە وڵاتی فەرەنســا ,گریمان لە هەڵبژاردنی داهاتودا ,پارتێکی مارکسی دەگات بە دەسەڵات ,ئەگەر موڵکدارییەتی تایبەتی هەڵوەشێنێتەوە,کارگاکانبکات بەموڵکی دە وڵەت ,بانکەکان و بازاڕی پشــک و دراو داگیر بکات و هەڵیان وەشێنێتەوە ,سەرباری ئەوەی ناڵێم چی دەقەومێت و کاردانەوەی خەڵک و بازاڕ و سرمایەگوزارانی بێگانە و ئابووری بە گشتیچۆن دەبێت ؟؟ ئەوەنــدە دەڵێــم : ئــەم کارانە چەند کاتی دەوێت ؟؟ لە هەڵبژاردنی داهاتودا , ئەگەر پارتێکی ســەرمایەداری دەرچێــت ؟؟؟ ئەو چی دەکاتەوە؟؟؟ .کۆمەڵگە لەم نێوەدا پاش ئەم دوو گۆڕانکارییــە چــیی بەســەر بــاری ژیانی خەڵکەکەی دێت؟؟؟ئاستی دارمانی ئابووری چەندە دەبێت؟؟؟؟ ,کاردانەوەی جەماوەر لــە سەر دارمانی ئابووری چییە بێت؟؟؟لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا بۆ هــا وڵاتی ئــابووری وڵاتەکــەی گرنگترین شتەو نان و بیمەو ژیانی لە ئــابووری یەکەیــەوە دەبینێــتەوە .یــاخود ئەوەیــە مارکسیستکان ,دروشمەکەی علی بلحاج بەرز کەنەوەو بڵێن :ئەمە دوا هەڵبژاردنە؟.

ئەگەر ڕێگەی هەڵبژاردن نەبێت بۆ گەیشتن بــە دەســەڵات ؟ ئایــا لــە کۆمەڵگــەی فەرەنســی دەتوانرێت, لە ڕێــگەی شۆڕشــی چــەکداری , و ڕاپــەڕینی گەلــەوە دەســەڵات بــە دەســتەوە بگرترێت؟؟.ئایا ناکرێت کرێــکارانیش لــە ڕێــگەی دەنگــەکان خۆیانــەوە دەســەڵاتی خۆیــان دامەزرێنن؟؟؟. و بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن؟؟؟.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بلێمئەگەر کۆمۆنە بێ ئەو قەیدو بە ندەی دوایی لەخوێندنەوەو و پەند وەرگرتنەکاندا بۆی دروست کرائەگەر نمونەی دکتاتۆری پرۆلیتاریا بێت ؟؟؟ .ئەوا لــەم سەردەمەدا دەشێت هەمان حکومــەت لــە ڕێـگای دەنگدانــەوە بــە دەسـت بێـت . پـەیرەو لــە سستەمێکی دەسەلاتداری ژیرانە بکات , و ئازادی سیاسی بۆ هەموان دابین بکات بــێ ئەگــەر و مەگەر.

چەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ,ئەمڕۆ بەشی زۆری پارتە مارکســی و کۆمۆنیسـتییەکان , لــە بەرنامەی خۆیان لایان داوە بێ ئەوەی ڕای بگەیەنن .تەنانەت ئەمڕۆ هەر گفت وگـۆی جـدی لەسەر ناکرێت.

ئەگەر مارکس پاش کۆمۆنە لە ئەزمونی ئەو دەســەلاتەوە چــەمکی دیکتــاتۆری پر ۆلیتاریــای هێنایە ناو ئەدەبی مارکسیزمەوە ,ئایا دوای ڕوخانی شورەوی و کــامپی خۆرهــەلات و ئــەو پێشەوە چونانەی دیموکراسییەت لە بواری یاسای هەلبژاردن ناویەتی ,مــارکس لــە ژیانــدا بووایە ناگەیشت بەو بڕوایەی ,دەستەواژەی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ بــۆ بــە دەســتەگرتنی دەسەلات لە مارکسزمدا دابهێنرێت ؟ .خۆ لە دەستەواژەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ڕزگــار بکــات بە ڕاشکاوانە .

#### 4-کۆمۆن پێویستی خەملێنی هەل و مەرجی بابەتی شۆڕشی دووبارە کردەوە.

لینین لە وتاری , بیرەوەری کۆمۆنەدابە پشت بەستن بە ئەزمونەکان کۆمۆنە , مەرجە خــۆیی و بابەتییەکانی شۆڕ شی بەم شێوەیە دیاریکردووە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالســتی , دەلێت-بەلانی کەمەوە دوو زەمینە پێویستە ....هێــزی بەرهــەم هێــنەری فــرە پەرەســەندوو ,پرۆلیتارییای تەواو تەیار بۆ شۆڕش (6).

لینین لەو وتارەیدا تێبینی ئەوە دەکات , لەو کاتەدا لە فەرەنساهیچ کام لەم دوو مەر جە, بۆ سەرکەوتنسی ــەقامگیر بــوونی شۆڕشــی سۆسیالســتی لــە ئــارادا نــەبوو .لــە لایەکــەوە پەرەسەندنی سەرمایەداری لاواز بوو ,فەرەنسا بە گشتی ولاتی بۆرژوازی بچوک بوو.زۆربــەی دانیشــوانی فەرەنســا لــە جوتیــار و وردە مالیــک پێــک هــاتبوون ,کــە بــە دوای شۆڕشــی فەرەنساوە, ببون بە خاوەنــد پارچــە زەوی ,ســەرباری دوکانــدار و پیشــەگەر و ڕۆشــنبیران .هەروەها لەفەرەنسحزبی چینایەتی و ساندیکای پان و بەرینی کرێــکاران نــەبوو .ئــەوەی هەبووڕێکخراوی پەرت و بلاوی هەلگری بیری ئانارشیستی بوو .چینی کرێــکار لــەو کاتــەدا خاوەند مەشقی شۆڕشگێری نەبوو . ئابووری فەرەنسا لە سالی **1852-1870**, هەنگاوی ڕوو لە پێشی هەلێنابووپرۆلیتاریا لە ڕوی چینایەتی یەوە گەشەی کردبوو ,پرۆلیتاریــا ئەگــەر لە تواناشیدا بوو , دەسەلات لە چنگ بۆرژوازی دەربکات بەلام لە توانایدا نەبوو , درێــژە بــە دەســەلات بــدات , دەســەلاتی سیاســی خــۆی دامەزرێنێــت.لــەو کاتــەدا چــینی کرێــکار, بەرژەوەندییەکانی خۆی دیاری نەکرد بوو وەک چینێک ,مەیلی سۆسیالســتی چــینە غــەیرە کرێکارییەکان بەسەریدا زالّ بووەهەربۆیــەش ڕیزەکــانی پــەرت و بــلاوو , زۆرجــار لــە نــاو ئایدۆلۆژیای وردە بۆرژوازیدا ئەتوایەوە .بۆیە لینین لەو سەردەمەی کۆمــۆن تیایــدا دامــەزرا ,قامکیسەر ئەوە دانا خەبات بۆ دیموکراسی یە نەک سۆسیالیزم (ئەو بەلگەنامەیــە ئــەوە دیاری دەکات ,کاری هەرە گرنگ کە پێویست بوو کۆمۆنە جێ بە جێ ی بکات دەبوایــە یەکــەم شت دیکتاتۆری دیموکراتیک نەک حکومەتی سۆسیالستی .واتە جێ بەجێ کردنی –بەرنامــەی لانی کەم(7).

شۆڕشی دیموکراتیکزەمینەی ئابوری و سیاسی بۆ چــینی کرێــکار , لــە پێــناو پتــەوکردنی ڕیزەکانی, و خۆشــکردنی گــوزەرانیــەدی دەهێــنێ لــە شۆڕشــی دیموکراتیــدا , جگــە لــە

پرۆلیتاریابەشێکی بەرین لە زەحمەتکێشان و ستەمدیدانی ڕژێمی سەرمایەداری , بەشداری دەکەن, ناوەرۆکی سیاسی و ئابوری شۆڕشی دیموکراتیک, بەدیهێنانی بەرنامەی لانی کەمی پرۆلیتاریایە بەرنامەیەک کە پرۆلیتاریا لە پێناو بەدیهێنانی دا , لە گەڵ چینە غەیرە پرۆلیتەریەکان هاوخەبات دەبێت .هەوڵیش دەدات سەرکردایەتییان بکات .لەسەرو بەندی کۆمۆنەدا, هەروەکو لینین ئاماژەی بۆ دەکات قۆناغی خەبات لە پێناو کۆمارو شۆڕشی دیموکراتیک بوو بووەی لەو کاتەدا بابەتی کارکردن بوو لە فەرەنسا , ڕوخاندنی دەسەڵاتی لویس بۆناپارت و تییر و هێنانە سەرکاری کۆمار و حکومەتی دیموکراتی بوو .لێرەدا هەوڵ دان بۆ کۆماری دیموکراتیک کرێکاران و جوتیاران و وردە بۆرژوازی و تەواوی دیموک راسی خوازان ویستێکی یەکگرتوویان هەیە .گرنگی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک بۆ چینی کرێکار لەوەدایە :-

1-شۆڕشی دیموکراتیک, زەمینەی بابەتی و خۆیی ,شۆڕشی سۆسیالستی خۆش دەکات.

2-لە جەرگەی شۆڕشی دیموکراتیکەوە چینی کرێکار, لەسەر خەبات ئەزمون پەیدا دەکات.

3-سۆسیالیزم بێ دیموکراسی یەکی بەرین و بەرفراوان بەدی نایات .کە ئەویش دەسەڵاتی زۆربەیە.

هەروەها ئەگەر خەبات بۆ شۆڕشی دیموکراتیک بوایە , دەتوانرا جوتیاران بۆ شۆڕش ڕابکێشرێت,لەو کاتەدا زۆربەی (پاشان باسی دەکەین ) کۆمەڵگەی فەرەنسایان پێک دەهێنا بەهۆی شۆڕشی دیموکراتیکەوە , دەیان توانی ویستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپێنن.وە شۆڕشی دیموکراتی دژ بە پاشماوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بەرپا دەکرێت ئەمەش خۆی لە خۆی دا ئاوات و ئامانج و داخوازی جوتیارانە ,هەروەها وردە بۆرژوازی بەشێوەی سروشتی لەگەڵ شۆڕشی دیموکراتیک و دامەزراندنی کۆمار دایە.لێرەوە دەتوانرا کرێکاران و جوتیاران و پیشەگەران و وردە بۆرژوا ,بەویستێکی یەکگرتووەوە ,بچونایەتە ناو یەک جەنگەوە.لینین لە ئەزمونی کۆمۆنەوە دروستی هاوپەیمانییەتی ئاوا هەڵدەسەنگێنێت:(ئەو بەڵگەنامەیە فێرمان دەکات ,پێش هەموو شتێک بەشدارکردنی نوێنەرانی پرۆلیتاریای سۆسیالستی لە گەڵ بۆرژوازی بچوک لە حکومەتێکی شۆڕشگێری کارێکە دەگونجێت,بەڵکو پێویستییەکیش لە زۆر بارودۆخدا).

---

پەراوێز

لە4 سەپتەمبەری 1870, کرێکارانی پاریس دەیان توانی دەسەڵات بە دەستەوە بگرن ,بەڵام نەکرا ,لە 18-3-1871 یش دا دەوڵەت پاریسی بەجێ هێشت ,بۆشایی بەڕێوەبەرایەتی دروست بوو ,دەبوایە ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە .ئەو بۆشاییە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کۆمۆنەوە ئەنجام درا .سەرجەم بەیاننامەکانی کۆمۆنە, بە کۆماری فەرەنسا و دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسا سەربەستی و یەکسانی و برایەتی بە لاو کرایەوە .هەروەها زۆرترین دروشم کە زیاتر باوبوو لەسەر زاری کۆمۆنارەکان ,پاراستنی کۆمار بوو .کۆمۆنە زیاتر لە کۆمۆنەیەکی بەڕێوەبردن دەچوو , نەک لە دەوڵەت .بەهۆی بۆشایشەوە کارەکانی دەوڵەتی ڕادەپەڕاند هەروەها بەهۆی باڵادەستی بلانکیستەکان زیاتر بەرەو ئاقاری نا دەوڵەت بونییان دەبرد.بڕیارەکانی کۆمۆنە زیاد بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی هەژاران و ستەمدیدانی دابین دەکرد هەنگاوەکانی داواکاری ڕۆژ بوو لەو سەرو بەندەدا .بۆیە دەتوانین بە شێوەی گشتی بڵێین کۆمۆنە شۆڕشێکی دیموکراتی جەماوەری بوو توانی بەشێکی زۆری پاریسییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت.

5-كۆمۆنه پێویستی خەباتی چەكداری لەهەل و مەرجی پێویستدا دوبارە كردەوە.

ماركس كاتێک لە سەپتەمبەری 1870 ,ڕێنوێنی كرێكارانی پاریسی بەوە كرد ,دەست نەدەنە چەک لەبەر ئەوەی لەو هەل و مەرجەدا , زەمینەی بابەتی و خۆیی, بۆ سەركەوتنی ڕاپەڕینی چەكدارانە, لە ئارادا نەبوو بەڵام پاشان لە ئاكامی شەڕ , و ئەو دەردو مەینەتانەوەی لە درێژەی شەڕەكەوە بۆ خەڵكی پاریسیان هێنا ,ڕاپەڕینی چەكدارانە دەستی پێكرد ,ماركس ئەوجا بە ستایشەوە باسی دەست دانە چەككرد و پێی یا هەڵی دا , ووتی: (كرێكاران بە گیانێكی داهێنەرانەو لە خۆبوردنەوە هێرش بۆ ئاسمان دەبەن ).ماركس كە لە سەپتەمبەردا لەگەڵ خەباتی چەكدارانەدا نەبوو , لە مەترسی ئەنجامی خەباتەكەوە بوو ,نەک لەبەر باوەڕ نە بوون بە خەباتی چەكداری.

واقعی خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی لە كۆمۆنەوە بۆ ئێستا ,ڕاستی و دروستی بیروباوەڕەكانی ماركسو ئەنگلز و لینین دوبارە دەكەنەوە ,لەهەموو مێژوی شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی,تەنها نموونەیەک نەبووە تێیدا چینی كرێكار توانیبێتی , بەبێ چەک و زەبرو زەنگ ,دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت.

هەروەها لە مێژوی فەرەنسا بە گشتی , وە كۆمۆنە بە تایبەتی, دەتوانرێت ئەوە هەڵێنجرێت, لە پاش هەر شۆڕشێک یەكەم هەنگاوی بۆرژوازی پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات , ئەوە بووە چینی كرێكار چەک بكاتهەر بۆیەشە ماركس و ئەنگلز ووتویانە : ((بەهیچ شێوەیەک نابێ چەک و زەخیرەی شەڕ تەسلیم بكرێت ,هەر هەوڵدانێكیش بۆ چەک داماڵین ,بە هەربیانوییەک ,دەبێ بە زەبروزەنگ لە كار بخرێت.))

---

پەراوێز

خەباتی چەكداری لە كۆمۆنەوە تا ئێستا , هۆكارەكانی هانا بردن بۆی , هەڵگیرسان و درێژە پێدانیزۆر گۆڕانكاری بەسەردا هاتوە .بە تایبەت لە وڵاتانی سەرمایەداری گەشەكردووی وەک فەرەنسلو لە ڕوی سەربازی یەوە بەهێزە,لە ڕوی سیاسیشەوە ئازادییە سیاسییەكانی تێدا پارێزراوە.لە لایەكەوە خەڵک ئامادەیی بەرپا كردنی خەباتی چەكداری و درێژە پێدانی نی یە.لە لایەكی كەوەیكتاتۆری بێ پەردە لەسەر كار نی یە , تا هەموو ڕێگەیەكی لە بەردەم چینی كرێكار و یەكسانیخوازان گرتبێ ,تا دەرگای دیكە لە خەبات ,جگە لەدەس بردن بۆ چەک نەبێت.لە هەمان كاتدا هێنانی نوێ لە بواری كەلوپەلی جەنگی و تەقەمەنی , ڕێگەی لە شەڕی چەكداری جەماوەری گرتووە .ئەگەری سەركەوتنی لەبەردەم ئەم جۆرە خەباتە نەهێشتووە,لەو چەشنە وڵاتانەدا .مەگەر لە شێوەی دەستەی زۆر بچوكی چەند كەسی چریكی نەبێئەوەش تەنها لە چوارچێوەیەكی پاڵەپەستۆ دروست كردندا , ئەنجامی زیاتری نابێت.دوا ڕۆژیشینی یە .كردارە تیرۆرستییەكانیش لە چەشنی تەقاندنەوە لە شوێنە گشتییەكان نەفرەتلێكراوە لە لایەن گەلەوە و كاری چەپەكان نییە.

.تەنها لە هەندێک وڵاتانی جیهانی سێ نەبێت. لەم وڵاتانەش(مەبەست جیهانی سێیە) پاش گۆڕانكاریپاشترین ڕێگە ئەوەیە , وەک نیكاراگوابگەڕێنەوە سەر سندوقی دەنگدان .ئێستا زەمینەی سەركەوتنی شێوازی ساندیستیش وەک نیكاراگوا ,ئەوە 24 ساڵە دووبارە

نەبۆتەوە؟؟.زۆر بزوتنەوەی چەکداری بەهێز بە بنبەست گەیووە ,نیپاڵ ,فلپین,کۆلۆمبیا,پیرۆ,سلفادۆر,گواتیمالا,کوردستان,جەزائیر ,سودان...... .

6-کۆمۆنە شارەزایی گۆڕانکاری سۆسیالستی پێشکەش کرد.

هەرچەندە کۆمۆنە, دروشمی سەرەکی, دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبوو .بەلام بۆ یەکەمین جارنەخشەی ئەو دەولەتەی دارشتکە کار لە سایەی دا ڕزگار دەبێت .لینین لەم بارەیەوە دەلێت:(....کۆمۆنە پرۆلیتارییای فێری ئەوە کرد ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالستی بە شێوەیەکی دیاریکراو دابنێت).کرێکاران لە چوارچێوەی دروشمەکانی کۆماری کۆمەلایەتی خۆیان قەتیس نەکرد بەولا ترەوە ڕۆیشتن مارکس و ئەنگلز و لینین ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالستییان لە کۆمۆنە دیاری کرد .

---

پەراوێز

بڕیارو دروشمەکانی کۆمۆنە ,لە چاکسازی و بەرین کردنەوەی دیموکراسی بەولاترەوە نەچوو.ئەوەندەی بڕیارەکانی لە خزمەت پرۆژە عیلمانییەکان و چاکسازی لە بواری پەروەردەو بارهێنان و کۆمەکی دوکاندارو وردە بورژواو مامۆستاو کرێچییەکان بوو ,ئەوەندە گرنگی بە داخوازەکانی چینی کرێکار نەدلسەرەکی ترین دروشمی ئەوکاتی چینی کرێکار , 8 سەعات کار بوو لە ڕۆژێکدا, جێ بە جێی نەکرد,(هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم دروشمەش ناچێتە پای پرۆژەی دەولەتی سۆسیالستییەوە,بەلکە بەشێکە لە بەرنامەی لانی کەم)کەمسکاری کرێی سەعات کاری کرێکارانی نەکرد .تەنانەت دەستی بەسەربانک و کارگاو کۆمپانیاکاندا نەگرت,کە ئەمانە بکرایە دەچووە چوارچێوەی هەنگاو بۆ سۆسیالیزم .نازانم کام بڕیاری کۆمۆنە لەو ماوەیە دەچێتە خانەی گۆڕانکاری سۆسیالسی یەوە ؟؟؟؟.دەشێت بلێین ئەو گۆڕانکاریانە لە خزمەت هەژاران و هەنگاوێک بوون بۆ خمەت بە سۆسیالیزم.

مارکس و ئەنگلز تەنانەت لینینیش , پێش 1917,جگە لە کۆمۆنە ,هیچ ئەزموونێکی کەیان , لەبەردەستتا نەبوو لەسەر گۆڕانکاری سۆسیالستی ,ئەو ئەزموونەش چ سنوری قەلەمڕەوی دەسەلاتی تەنیا شارێک بوو ,وە کاتەکەشی زۆر کورت 72 ڕۆژ بوو,ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوولەو بوارانەوە,زۆر گریمانەو بۆچونی لەسەر دروست کرا(8).

لە مانفێستدا مارکس و ئەنگلز زۆر بە وردی ئەرکی پرۆلیتاریا دەست نیشان دەکەن بەوەی پرۆلیتریا دەسەلاتی سیاسی خۆی بەکار دێنێت تا بەرە بەرە تەواوی سەرمایە لەناو جنگی بورژوا دەربێنێت و ,هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان بخاتە ناودەستی دەولەت ,یانی ناو دەستی پرۆلیتاریکە بۆتە چینێکی ڕێکوپێکی فەرمانڕەوا ,هەروەها بۆ ئەوەی چەند لە توانایدایە بە خێرایی هێزەکانی بەرهەم هێنان زۆر بکرێن.

ئەرکەکان لەم خالانەدا دیاری دەکات لە ولاتە پێشکەوتووەکان و نزیک هەموو شوێنێک لەو کاتەدا -

1-لێسەندنی مولکایەتی زەوی و زار و تەرخانکردنی بڕشتی کشتوکاڵ بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی دەولەت.

2-سەندنی باج و زەکات,بەجۆرێک بەرە بەرە ڕوو لە زیادی بێت.

3- لەناو بردنی هەقی میراتگری.

4-دەست بەسەراگرتنی مولکی هەموو ئەوانەی باریان کردووەو هەلاتوون و یاخیبوون.

5-گردەوەکردنی هەموو هۆیەکانی گواستنەوە لەناو دەستی دەولەتدا.

6-گردەوەکــردنی ســلفەدان (پــارەی پێشــەکیدان-وەرگێــڕ),بــە تــەواوی لەناودەســتی دەوڵەتدائەمەش لە ڕێگەی پێکەوەنانی بانکی نیشتمانییەوە کە سـەرمایەکەی هــی دەوڵــەت بێت و ,مۆنۆپۆلێکی تەواو بێت.
7-زۆرکــردنی کارگــەکانی دەوڵــەت و هۆیــەکانی بەرهەمهێــنان,باشــکردنی زەوی و زاری نەکێڵراو,باشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ بە گوێرەی بەرنامەیەکی گشتی.
8-کردنی کار بە ئیجباری بــە جۆرێـکی یەکسـانی بـۆ هــەمووان ,ڕێکخســتنی لەشکرەکانی پیشەسازی ئەمەش بە تایبەتی لە پێناو کشت و کاڵدا.
9-تێکەڵکردنی ئیش و کاری کشت و کاڵ لەگەڵ پیشەسازیدا و ,جێـبەجێ کـردنی کاروبــاری پێویست بەو مەبەستەی بەرە بەرە جیاوازی نێوان شارو لادێ لەناو ببرێت.
10-خوێندنی گشتی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان ,قەدەغەکردنی شێوەی ئێستای ئیشـکردنی منداڵ لە کارگەکانداپێکەوە گونجاندنی پەروەردەو بەرهەمهێنانی مادی ...هتد. (مانفێسـت ل 58-59)ئەمە ئەو داواکارییە بە پەلانە بوو وەک ئەرک لــە مانفێسـتدا لەبــەردەم پرۆلیتریــا داندرا ,ئەم ئەرکانەش بە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالستی دیاری نەکران.

7-وردە بۆرژوازی هێزی شۆڕشی سۆسیالستی نیین.

هەموو ئەوانەی کە لەبەر هەندێک هۆ چ دەسکەوتی چینایەتی بێت , یاخود دژایــەتی کـردنی پاشماوەی دەرەبەگایەتیهاخود بەنیازی درێژە دان بەشەڕی دژ بە پرۆسیا , پشتگیرییان لــە کۆمۆنە کرد کۆمۆنەیان لە نیوە ی ڕێدا بە تەنها بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشــان و پیشــەگەرو دوکاندارەکان بەجێ هێشت .لە چارەنوسی سیاسی کۆمۆنە ,بەرامبەر دوژمنــان و چارەنوســی بڕیارەکانیشــی ترســان , لــە پشــتگیری کــردن لــێ ی پاشــە کشــەیان کـرد و پەشــیمان بوونەوەبەڵام ئەگەر بهاتبایە دروشمەکان ,تەنها لە چوارچێو ەی شۆڕشی دیموکراتیک بوایە ,بەشێک زۆرو ئەمانە تاسەر لەگــەڵ هاوپەیمانییــەتی یەکــە دەمانــەوە .بــە تایبــەت لــە ڕۆژەکانی دواییني کۆمۆنەدا .دودڵی و ڕاڕایی وردە بۆرژواکان بە سانایی دەرەکەوت.

---

پەراوێز

وردە بۆرژوایی ئەگەهــەموو ئــەو توێــژانە , لــە فەرمانبــەران و مامۆســتاو ڕۆشــنبیران و دوکاندارو پیشەگەری ئەوسا , لــە گەڵیــدا ئەنــدازیار و پســپۆری بــواری داهێــنانی (ئێســتا) ...بگرێتەوە.یــەکگرتوویوکی فکرییــان نی یــە .وەک هــەر چــین و توێژێــکی کــەی کۆمەڵگــە .تەنانەت چینی کرێکاریش لە ناو خۆیانــدا لــە ڕوی سیاســییەوە دابــەش بوو نــە بەســەر بیرکردنەوەی جیاجیادا .بەڵام وردە بۆرژواتا ئێستا داینــەمۆی بزوتنــەوەی سۆسیالســتین . زمانی ئامارەکان ئەم ڕاســتیە بــە ئاشـکرا دەرەخــەن ,وردە بــۆرژوا ,بەشــی شێــرییان لــە ئەندامانی پارتە مارکسست و دەنگدەرانی ئەو پارتانە و قوربانییــەکانیلەرەکەوێــت .وردە بۆرژوا بوون ,پێکهاتەی چینایەتییەکەی و پێــگەی لــە بەرهەمهێــناندا دیــاری ناســنامەکەی دەکاتنەک ناسنامەی پارتە سیاسییەکەی بۆیە بە ناو گــۆڕین , پارتێــک یــاخود کەسێــک پێگەی چینایەتییەکەی ناگۆڕێت.
لە مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستییداهیچ توێژێک بە ئەندازەی وردە بۆرژوازی , قوربــانی بۆ ئەم ڕێبازە

سیاسی یە نەداوە؟؟ . هیچ چینێکیش بە ئەندازەی ئەم توێژە ,لە لایەن پارت ورابەرانی یەوە بە ئەندازەی ئەم چینە ڕسوا نەکراوە؟.

8-چینین لە یەکێک لە پەندو ئەزمونەکان کۆمۆنە دەنوسێت (بۆرژوازی کۆنەپەرست ئامادەیە بۆ هەموو شت,ئەمڕۆ لیبراڵ و ڕادیکاڵ و کۆماری ,سبەی خیانەت و لەسێدارە دان).

کاتێک حکومەتی ڤێرسای , هەندێک هێزی پەیدا کردەوە ,کەوتە جێ بەجێ کردنی توندو تیژترین کردار بەرامبەر بە کۆمۆنە.لە تەواوی فەرەنسا, ئازادی دەربڕین پێشێل کرا.کۆبونەوەی نوێنەرانی شارە گەورەکان یاساغ ڕاگەیەنرا .سیخوڕی زیادی کر د ,هەموو ئەو ڕۆژنامانەی لە پاریس دەرەچوون دەسوتێنران ,تەواوی نامە هاتووەکان و چووەکان لە پاریسەوە دەکرانەوە.شۆڕشی 1848 لە ئاکامی دەسکەوتی جەماوەرەوە , سزای ئیعدامی هەڵوەشاندبوەوە بەرامبەر بە کاروباری سیاسی,بەڵام بە ناوێکی کەوە هێنایانەوە .
ئەمە نمونەیەک بوو , لەسەر کپ کردنی هەرنەفەسێکی ئازادی , و نەهێشتنی دیموکراسییەت و کۆتایی هێنان بە لیبراڵییەت.

---

سەرنج

تا ئێستاش کاتێک قەیرانەکان توندە دەبنەوە , ئازادییەکان تەنگەوە دەکرێن ,لە سەردەمی شەڕی ئەفغانستاندا,تانایەدی تەنگ کردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان بو وین.تەنانەت ڕێگە لەوە گرترا تەلەفزیۆنی جەزیرە بچێتە ناو داوجۆنزەوەنەک کاریگەری لەسەر بازاڕ دابنێت.

9-ئازادی سیاسی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا بۆ دژ بە شۆڕشان یاساغە.

یەکێک لەو هەڵە مەترسیدارەی کە کۆمۆنارەکان کردییانەوە بوو ,یاساییەکیان دەرنەکرد, کە هەڵسوڕانی سیاسی و ڕاگەیاندنی دژ بە شۆڕش یاساغ بکرێت .ڕۆژنامەکانی سەر بە ڤێرسای بەردەوام بوون لە دەرچوون , پروپاگەندەی ژەهراوییان دژ بە کۆمۆنە بڵاو دەکردەوە. تاوانباران دادگایی نەکران تەنها چەند ڕوداوی لێرەو لەوێ نەبێت .بەرامبەر دوژمنان, خاوخلیسکی و دڵ نەرمی پیشان درا .
پێویست بوو کۆمۆنارەکان ,پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ,هەموو دامەوو دەزگاکانی دەوڵەتی کۆنییان , بە هەم و لق و پۆپەکانییەوە تەفرو تونا بکردبایا .ڕێگەی هەر خۆسازدانەوەیەکییان لێیان بگرتبایە .ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی تەنها بۆ بەرەی شۆڕش بوایە.

---

پەراوێز

سەرکوتی سیاسی , بە ناوی سەرکوتی دژ بە شۆڕشەوە ,ئەو چەکەیە زۆربەی دکتاتۆرەکانی جیهان هانای بۆ دەبەن ,بە گوێرەی ویستی خۆیان کەڵکی لێوەرەگرن و هێزە سیاسییەکان پۆلێنە کەن و پێناسی شۆڕش و دژ بە شۆڕش دەکەن . دانی ئازادی لەم سەردەمەدا, بەگوێرەی یاسایە نەک بڕیاری شۆڕش و پارت و سەرۆک ,لە وڵاتانی دیموکراسی ئازادی بۆ هەموان هەیە, تەنانەت بۆ ئەو بیرکردنەوانەی لەسەربنچینەی ڕەگەز پەرستی و ڕاستیزم دامەزراوە و

هانا بۆ زەبرو زەنگ دەبات ,لە بەشێک وڵاتی دیکەئازادی بۆ ئەوانــە یاسـاغە .لێـرە چـەکی بەخشینیزلەی سیاسی لە حزبەکان سەندراوەتەوەو دراوە بە یاسـا ,یاسـا بڕیـاری ئـەوە دەدات ئازادی بەچ لایەن و تەوژمێکی سیاسی بدرێت یـان لێـی قەدەغـە بکرێـت .لـە ڕاسـتیدا هەرچەندە بە نوسین لە هەندێک وڵاتدا بیرکردنـەوە چـالاکی هێـزە فاشیسـتەکان یاسـاغن ,بەڵام لە ڕاستیدا کارسانابیان بۆ دەکرێت و پشتگیری مادی گەورە دەکرێن.

10-بۆرژوازی جیهانی بەرامبەر چینی کرێکار هاوکاری یەکترە کەن و ململانێکانییان دەخەنە پەراوێزەوە.

سستەمی ئابوری سەرمایەداری ,لەسەر بنچینەی ململانێ بنیات نراوە ,بەڵام کاتێک سستەمی دەسەڵاتدارییەتی و موڵکداریەتی تایبەتی ,دەکەوێتە مەترسـییەوە ,ئـەوە ناکۆکییـەکانییان دەخەنــە لاوە, دەکەونــە هاوکــاری یــەکتر,بــۆ ســەرکەوتن بەســەر دوژمنــانی هاوبەشــی چینایەتییان.

بسمارک لەسەرەتاوە, بەرانبەر پێشنیاری تییردوو مەرجی دانا بۆ ڕێـک کـەوتن , ئـەویش یان گەڕانەوەی ئیمپراتۆری ,یاخود دان نان بەو خاڵانەی کە لە ڕێـککەوتن نامەکـەدا هـاتبوو جێ بەجێ کردنی بێ هیچ دەس لێدانێک .بەڵام دواجار بۆی دەرکەوت , مەترسـی لـە بـەرەی کۆمۆنەیەوجا یارمەتی حکومەتی تییری دژ بە کۆمۆنە دا .دیلە فەرەنسەییەکانی بـۆ ئـازاد کردن تا سوپای ڤێرسای بەهێز بێت .

پاشان لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ,هەمان ڕوداوبە پێچەوانەی جـاری یەکـەم , دووبـارە بوەوە ,ئەمجارەیان فەرەنساییەکان, دیلە ئەڵمانییەکانییان ئازاد کرد ,تا سـوپای ئـەڵمانییا دژ بە کۆمۆنیستەکان بەهێز بکەن.

11-بۆرژوازی تا کوێ نیشتمان پەروەرە.

بۆرژوازی فەرەنسی کە زانی دەسەڵاتی لە مەترسیدایە ,لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەی , بـۆ پروسەکان بە چۆکدا هات سەرشۆڕانەترین پەیماننامەی مۆر کرد .تەنانەت ئەو زەوییەی تـا ئاستی پەرستن بە پیرۆزی دادەنابەست بە بست داکۆکی لێ دەکرد .ئێستا هەرێم بە هەرێم ,بە شارو خەڵکەکەیەوە دەوڵەمەندترین بەشی وڵات ,دەدا بـە پروسـەکان .تەنانـەت بـە چـەک بوونیش ڕازی بوویەوەی هێزەکەی پروسەکان دیاری قـەوارەی بکـەن .لـە کاتێـکدا پـاریس ئابلوقە درابـووتەنانـەت بەشێکیشـی داگـیر کرابـوو , لـە پـاریس هـەڵات بـۆ ڕەحمـەتی پروسەکانی بەجێ هێشت کرێکاران و هاوپەیمانەکانی , بەرامبەر بە خییانـەتی ئـەم باڵـەی بـۆرژوازی, جگـە لـە بـەرگری ڕێـگەی دیکـەیان لەبەردەمـدا نـەما.کاتێـک کۆمۆنارەکـان دەسەڵاتییان بەدەستەوە گرت ,سڵیان لە هێزی زۆر و زەبەنی دوژمنانی ڤێرسـای و پرۆسـیا نەکردەوە .دەسەڵاتی خۆیان داسەپاند بەسەر پاریسدا ,گوێ ڕایەڵی پەیمانە سەرشۆڕانەکانی ڕابردوو نەبوونەوەبەم شێوەیە کرێکاران و زەحمەتکێشان و پیشەگەرو دوکانـدار و بەشێـکی بەرین لە وردە بۆرژوازی , کە دەسەڵاتییان بەدەستەوە گـرت ,ئامـادەیی بـەرگری کـردن لـە پاریسیان ,بە ڕیزی سەربەخۆی خۆیان سپارد لە کاتێکدا کۆمۆنارەکـان , چـەک لـە شـان و پەنجە لەسەر پەلاپیتکە لە سەنگەردا بوون , بۆ داکۆکی کردن لە پاریس .تییری کورتـە بنـە , بیری لە ڕێککەوتن و سازش لەگەڵ دوژمندا دەکردەوە , تا کرێـکاران و کۆمۆنارەکـانی خـودی نەتەوەکەی خۆیان سەرکوت بکەن.

**12-چینی کرێکار دەتوانێت هەموو ستەمدیدانی کۆمەڵ ڕزگار بکات.**

کۆمۆن لە لایەکەوە , دەسەلاتی هەموو پاریسییەکان بوو ,ئەوانەی لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد ,بگرە زۆربەی نوێنەران لەدەرەوەی چینی کرێکارەوە بوون.لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە بڕیارەکانی بە قازانجی دوکاندارو مامۆستاو فەرمانبەران و قوتابییان دەرچوون .بۆیە چینی کرێکار لە گەیشتنی بە دەسەلات دەتوانێت هەموو ستەمدیدانی کۆمەلگەی سەرمایەداری ڕزگار بکات , لە جنگ چەوساندنەوە و کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت.

---

پەراوێز

لە هیچ بڕگەیەکدا ,لە بڕیارەکانی کۆمۆنەدا , نەهاتوە کۆمۆنارەکان بلێن ,ئەمە دەولەتی کرێکارییە .وە ژمارەی نوێنەری کرێکاران ,لە هەلبژاردنی کۆمۆنەدا, **28** نوێنەری بوو لە کۆی **86** نوێنەر ,واتە **32,5%** بەلام بیری سۆسیالستی بەسەر نوێنەراندا زاڵ بوو , لە برۆدۆنی و بلانکی و یەعقوبیە نوێکان و مارکسییەکان .هەرچەندە هەنگاوەکان و بڕیارەکان زیاتر ناوەڕۆکێکی دیموکراتیک نیشتمانی هەبوو.

**13-گۆڕینی شەڕی کۆنەپەرستانە بۆ شەڕی ناوخۆ.**

لینین بەم شێوەیە باسی جەنگ دەکات .جەنگ ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆی ولاتێکی دیاری کراوە لە پێش بەرپا بوونی جەنگەکەدا پەیرەوی کردوە .مەسەلەی زانیین و ناسینی ئەو چینەی جەنگەکەی هەلگیرساندوە , و هەلی دەگیرسێنێت ,مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارەلەهەمان کاتدا لینین لە هەلوێستی دروستی کۆمۆنیستانە , بەرامبەر بە شەڕی کۆنەپەرستانە دەلێت (گۆڕینی شەڕی ئیمپریالیستەکان بۆ شەڕێکی ناوخۆیی تاکە دروشمی ڕاستەقینەی پرۆلیتارییایە ,کە ئەزمونی کۆمۆنە پێمانی وتووە)( **9** ).

---

پەراوێز

ئایا لەهەموو کاتدا دروشمی گۆڕینی شەڕ بە شەڕی ناوخۆیی گونجاوە .ئەی لەو کاتانەی کەتوانا نەبوو بۆ گۆڕینی ئەوشەڕە بە شەڕی ناوخۆیی ؟؟ . لەو بارە ئەم دروشمە ناچێتە گیرفانی درێژە دان بە شەڕەولەو کاتانەدا بەرز کردنەوەی دروشمی نا بۆ شەڕ ,ئاشتی دەست بەجێ باشترین ئە لتەرناتیفە. ئایادەبێت هەموو شەڕێک ڕەت بکرێتەوە؟ .ئەی ئەو شەڕانەی بۆ تێکشکانی دەسەلاتی سەرکوتکەر و فاشیزم و کۆنەپەرستی بەرپا دەکرێن؟؟.بەرامبەر بەم شەڕانە چی بوترێت ؟؟.

**14-هێزی سەربازی مەشقکردوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان .**

سەرجەم جەماوەر بە منالْ و گە ورەوەنەخۆش و ساغەوە ,پیرو گەنجەوە ,لە سەنگەرەکاندا , داکۆکییان لە کۆمۆنە کرد .ئەمە هەلەیەکی گەورەی سەربازی یە.لە کاروباری سەربازی دا , مەشقی سەربازی, و دسپلینی سەربازی, ڕۆلی کاریگەر دەگێڕێت بۆ سەرکەوتنی

بزوتنەوەکە.زۆربەی هەڵە ستراتیجییەکان کۆمۆنە ,وەک هێرش نەکردن بۆ سەر ڤێرسای لــە کاتی پێویست ,سەنگەر لێ نەدان ,قایم نەکردنی شوێنە ستراتیجییەکان . کۆمۆنەیان بــەرەو تێکشکان بردهەموو هەڵەی سەربازی بوون . هەڵوەشانەوەی سوپا بڕیارێکی شۆڕشگێرانەو تا سەر مرۆڤ دۆستانەیە .بەڵام بــۆ وڵاتێــک بــە دوژمــن دەوره درابێــت .بــوونی ســوپایەکی خاوەند مەشقی باڵاو بە دسپلین پێویستە وەک بۆ کۆمۆنە .لــە پــاش ســەرکەوتنی شۆڕشــی ئۆکتۆبەر ,هەرچەندە لینین پێشتر زۆر ستایشی هەڵوەشاندنەوەی سوپای کردبوو ,نەک جــێ بە جێی نەکرد , بگرەئەگەر لەشکری سوور نەبوایە نایتوانی بەسەر نــەیارانی سەرکەوێــت , کە لە هەمو وو لایەکەوە کۆمەک دەکران و پڕ چــەکە کــران .بگــرە لیــنین باشــترین خــۆراک و داهاتی دەوڵەتی بۆ سوپا دانا ,بەهێزی کردو گەورەی کردەوە .دەوڵەتی سۆڤیەت کــە لــەدوای جەنگی ناوخۆیی دامەزرا ,ۆر جیا بوو لەو دەوڵەتەی مارکس پێناسی کردبوو لە پەیوەنــد بــە کۆمۆنەوە وە ئەو دەوڵە تەی تەنانەت لینیش لە نوسینەکانیدا پێــش شــۆڕش پەنجــەی بــۆ ڕاکێشاوە,نوسی بووی سستەمی سۆڤیەتەکان ئەو سستەمەیە ,شێوازێکی نوێی دەوڵەتــە بــە بێ بیروکراتیەت و پۆلیس و تەنانەت سوپای هەمیشەیی .بەڵام لە ڕاستیدا بیروکراتیــک لــە ساڵی 1922 ەوە باڵا دەست بوو ,پۆلیسی سیاسی کێوێــکی گــەوره بــوو ژیــانی هاوڵاتیــانی کۆنترۆڵە کرد,سوپاش ژمارەی گەیشتە 5 ملوێن,بەڵام ئەگەر سوپای سورو زەبروزەنگی سورو کۆمۆنیزمی جەنگ نەبوایە بەلشەفیکەکان دەڕوخان.

ئەگەر بۆ کۆمۆنەی پاریس , کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو پاریسیشــدا نــەبوو ,شارێــکی یــەک ملوێنی نیوەی بەجێی هێشت بوو و بەشێکیشی لە لایەن پروسەکانەوە داگیر کرابوو ,ئابلوقــە دراو بە سوپای ڤێرسای و پروسیا .چەکی سادە ,تفەنگ و هەندێــک تــۆپ ,هەڵوەشــاندنەوەی سوپا و چەکدار کردنی گەلدەشێت بڕیارێکی شیاوی جێ بە جــێ بــوون بێــت . بــەڵام ئێســتا هێزی سوپاییپشت ئەستوور بە هەزاران جــۆرە چــە ک ,هــەموو پێویســتییان بــە مەشــق و ڕاهێنان و پسپۆرەسنوری بەرفراوان پێویستی بە پاراستنی بەردەوامــە .پاراســتنی شارێــکی ئابلوقەدراودەکرێت هەرکەسێک لە گەڕەک و بان خانوەکەی خۆی بکات بە ســەنگەر .لەســەر کارو ناو کارگاو بان خانوەکەی چەکەکەی لە تەنیشتی بێت .بەڵام وڵاتی بەرفراوان و ئاگــادار بوون لە دەس تێوەردانی دەرەوە ,بە تایبەتیش ئەگەر دەوڵەتێک ویســتەکانی ســەرمایەداری جیهانی دابین نەکات ,هەموو کات لەبەردەم دەس تێوەردانی دەرەوەیە ,پێویستی بــە ســوپای مەشق کردوی بەهێز و چەکی پێشکەوتوو هەیە.

لە لایەکی کەوە , ئەگەر جەماوەر نەیان وی ست چەک هەلگرن و دەوڵەت پێویستی بە بــەرگری هەبوولێرەدا چی بکرێت؟؟ .دەبێت چەکدارکردنی خەڵک بە گوێرەی ویستی تاکــەکانی کۆمــەڵ بێت ,ئەگەر نا ئەوە میلیتار کردنی کۆمەڵگەیە.

دەمەوێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا سەرنجێکی کورت بدەمە سەر هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکــانی سەرکوتکەر لەوانە پۆلیس.

ئایا لە کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی یاساو دابــین کــردنی ئاسایشــی هاوڵاتیــان و مومتەلــەکاتی گشتکۆمەڵگە پێویستی بە دەزگایــەک بێــلایەن لــە کاروبــاری سیاســی وڵات نییــە؟؟ .بــۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە.خــۆ لــە دەوڵــەتی سۆسیالســتیدا یــاخود لــە ســەروبەندی شۆڕشــدا مرۆڤەکان نابن بە ڕۆبۆت ؟؟؟.بۆیە بوونی پۆلیس پێویستە .

15)لەزۆر ئەو نوسینانەی کە وەک پەندو ئەزمون وەرگرتن لەسەر کۆمۆنە نوســراون جــەخت لەسەر ئەم خاڵەی خوارەوە دەکەن (ــەهۆی ئــەزمونی کۆمــۆن , ڕون بــوەوە ,کــە بــۆرژوازی گچکەی خاوەن بیروباوەڕی ئانارشیستانە نەک هەر ناتوانێ ســەرکرد ایەتی شــۆڕش بکــا و

بیگەیەنێتە سەرکەوتن ,بەڵکو و دەبێتە هۆیەکی تێشکانیشی .لایەنگرانی برۆدۆن و بلانکی لە کۆمۆنەدا ,ئەو دەورەیان گێڕا(10).

ئەمە خاڵێکە زۆربەی نووسەرە مارکسییەکان, لە نوسینەکانییان لەسەر کۆمۆنــە, جــەختیان لەسەری کردوەو پەنجەیان بۆی ڕاکێشاوە .

بێلێی دوو جار خۆی لە زیندانەدا بوو , هەڵبژێردرا بۆ نوێــنەرایەتی کۆمۆنــە ,لایەنگرانیشــی هێزێکی کاریگەری کۆمۆنە بوون .برۆدۆنییــەکانیش بــە هــەمان شێــوە .دەشێــت ئــەم پەنــدە لەخزمەت بزوتنەوەی یەکسانیخوازی بەم شێوەیە تایتڵەکەی داڕێژرێتەوە .

سەرجەم بزوتنەوەی سۆسیالستی و یەکسا انیخوازی بە هاوپەیمانییەتی بۆ دەسکەوتی وەک کۆمۆنە.

لە ڕاستیشدا وابوو , بلانکیســتی و برۆدۆنییــەکان ,بەتایبــەت بلانکییــەکان تــا دوا چــرکەی کۆمۆنە گەڵیدا مانەوەو گیانییان لەپێــناو ئامانجــەکانی بــەخت کــرد .دەبێــت جــۆری بیرکردنەوەیان نەبێتە کەمکردنەوەی ڕۆڵییان لە کۆمۆنە ؟؟.

16-دیاری کردنی مانگانەی بەرپرسان.

ئەمــە خاڵێــکی گــرنگ بــوو کۆمۆنــە ئــەنجامی دا ,تیایــدا ئیمتیــازاتی بەرپرســانی کــەم کردەومبەرچاوەی داهاتیانی خستە ژێر کۆنترۆڵــەوە .مانگانــەیانی لایــەنی زۆر بــە 6000 فرەنک دیاری کرد.

ئێستا لە زۆر وڵاتدا بە تایبەت پێشکەوتووەکان , سەرچاوەی دارایــی ســەرۆک و بەرپرســانی دەوڵەتی و حزبی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە ئەوەی لە دوای کۆمۆنە پەیرەوی لێنەکرا , ئەم خاڵــە بووپێویستە ژیانی بەرپرسانی پارتــە سۆسیالســتەکان ,حــزبی و دەوڵــەتی ,سەرچــاوەی داهاتییان ,ئاستی ژیانییانبکرێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەنــدامان و جــە ماوەرەوە.تــا ســەردەمی کۆمۆنە سەرۆک خاوەندی وڵات بوو بە مرۆڤ و ئابورییەوە ,وەک زۆر وولاتی جیهانی ســێ و چواری ئێستا.

---

1- لینین حولة کومونة باریس.

2- تاریخ الحرکە النقابیە العالمیە 1764-1876 بەشی یەکــەم نوســینی ولیــەم .ز.فوستەر وەرگێڕانی بۆ عەرەبی عبدالحمید السافی.

3- سوفیتات هیئات السلطة الشعبیة في اتحاد سوفیتي –مجموعة علماء سوفیت داراتقدم –موسکو ص 25.

4- حرکة نقابیة العالمیةوالعربیة –قسم ثالث-مصطفی محمد غریب-28-7-2003-حوار التمدن.

5- کۆمۆنەی پاریس –ئەبووبەکر خۆشناو ل68.

6- باری شۆڕشگێڕی و یاسای بنەڕەتی شۆ ڕش نووسینی مۆخناشــیف وەرگێــڕانی شاخەوان ل1.

7- لینین حولە کومونە باریس –ل17.

8- مارکسیة مارکس-د.رفعت سعید-الاهالي ص165 سنة 1995.

9- لینین فی اممیە برۆلیتاریە ل 39).

10- کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو ل69.

## کۆمۆن و هاوپشتی کرێکارانی جیهان

له 3 سەپتەمبەری 1870دا تێکشکانی سەربازی فەرەنسا لە بەرامبەر پرۆسیا ,وە داسەپاندنی پەیماننامەی سەرشۆڕانە بە سەریدا ,لەو پەیمانامەیەدا ,سەرباری قەرەبووی زیانەکان ,کە بە بڕی 5 ملیار دۆلار دیاری کرابوو , لە گەڵیدا بڕیاری ئەوەش درابوو , ئەلزاس و لۆرینیش بدرێت بە پروسیا .لەو پەیوە ندەدا پارتی سۆسیالستی دیموکراتی کرێکاری ئەڵمانیا,بە پەلە بەیاننامەیەکی دەرکرد , دژ بەوە بوون ئەلزاس و لۆرین بدرێت بە پروسیا.بەم شێوەیە سۆسیالستەکان دژ بە لکاندن و داگیر کردنی وڵاتان وەستانەوە.

هەروەها لە کاتێکدا سەرانی حکومەتی تییر ,ئەوانەی لە دەوروبەری بەڕێوەبەرایەتی یەکەی بوون ,زۆربەیان بەکرێ گیراوی دەوڵەتە نەیارەکانی فەرەنسا بوون ,بۆ نمونە مارکۆفسکی سیخوڕی ڕوسیە بوو .بەڵام کۆمۆنەو کرێکاران و سۆسیالستەکانی وڵاتانی دیکە , لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بوون,بەشێوەی خۆ نەویستانە و بێ هیچ پاداشتێک ,بەژداری کۆمۆنەیان کرد , لە پێناو ئامانجەکانی گیانی خۆیان بەخت کرد ,بۆ نموونە کرێکارێکی ئەڵمانی, هەڵبژێردرا بۆ لێپرسراوی کاروباری کارکە لە بڕی وەزارەتی کار بوو (1).هەروەها فرانکل و یارۆسلاف دیمیرسکی (پۆلۆندی بوو)لە نوێنەرایەتی کۆمۆنەدا بوون ,سەرپەرشتی کاروباری دارایی و جەنگیان دەکرد ,هەردوکیان فەرەنسی نەبوون.

بەلجیکی و ئیتاڵی و پۆلەندی و ڕۆمانی, لە سەرکردایەتی بەتالیۆنەکانی کۆمۆنەدا بوون,سەرلەشکری سوپای کۆمۆنە (دیمیرسکی) پۆلەندی بوو, کە پاشان لە سەنگەری داکۆکی لە کۆمۆنە گیانی بەخت کرد .لە جەرگەی شەڕی بەرگری کۆمۆنەدا, 737 بەلجیکی بەدیل گیران .بەدوای دامەزراندنی کۆمۆنەدا ,لەهەموو شوێنێکی جیهانەوە سۆسیالست و کرێکاران و ئازادیخوازان, پشتگیری خۆیان لە کۆمۆنە دەربڕی .هەروەها 20 ئەفریقایی و 5 تورکیش پاش کۆمۆنە بەدیل گیران,ئەفریقییەکان لەوانە بوون لە فەرەنسە نیشەجێ ببون .لە 20-4-1871 دا لە نامەیەکدا بە ئیمزای 3000 کرێکاری ئەڵمانیا لە شاری هانۆڤەرەوە , کە بۆ پشتگیری کرێکارانی فەرەنسەیان ناردبوو , تیایدا هاتوە –ئەی کرێکارانی فەرەنسە ئێوە پێشەنگی خەباتی ڕزگارین کە هەموو جیهان ڕزگار دەکات چاوی هەموو جیهان لە ئێوەیە (2 ). 30هەزار کرێکار لە کۆبونەوی هاید پارکی لەندەنی ,لە 16-ئەبریل ,نامەی پشتگیرییان بۆ کۆمۆنە نارد ,نوسییان خەبات و تێکۆشانی ئێوە , بۆ ئازادی , لە پێناو ڕزگاری مرۆڤایەتی یە.لە ئیتالیاش ڕۆژنامەی کۆماریخوازەکان لە میلانۆ, نامەی پشتگیری کرێکارانی ئیتاڵی ,بۆ کۆمۆنە بلاوکردەوە.کرێکارانی جنێفیش, لە 8 ئەبریل, پشتگیری خۆیان لە کۆمۆنە دەربڕی,بەهەمان شێوە لە زۆربەی شارو پایتەختەکانی ئەوروپا پشتگیری لە کۆمۆنە کرا , لە لایەن کرێکاران و پارتە سۆسیالستەکانەوە .هەروەها کرێکارانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هەنگاریا, پشتکیری خۆیان لە کۆمۆن دەربڕی.بە دوای کوشت و بڕی کۆمۆنارەکانیش , چەندین ئەندام پەرلەمانی تێکۆشەر و ئازادی خواز ,دژ بەو ڕەشە کوژییە وەستانەوە,کە بەرامبەر کۆمۆنارەکان سازکرا , ڕسوایان کرد .لەوانە بابل لە پەرلەمانی ئەڵمانیا ,ڤیلی لە بەریتانیا ,گارسیا لۆبیز لە ئیسپانیاوە.

(3)بەهەمان شێوە لە زۆربەی شارو پایتەختەکانی ئەوروپا پشتگیری لە کۆمۆنە کرا , لە لایەن کرێکاران و پارتە سۆسیالستەکانەوە .لە هەمان کاتدا,لە دوای کۆمۆنە , بۆرژوازی جیهانی,هەلەکەیان قۆزتەوە , هێرشییان بۆ سەر لکەکانی یەکێتی ڕەنجدەرانی جیهانی دەست پێکرد.

---

1-حرب اهلية في فرنسا ص 78.
2-طريق عدد خاص شهر 6-7 الاهمية الاممية لكومونة باريس .راول كالاس ص 144).
3- مجلة الطريق –الاهمية الاممية للكومونة –راوول كالاس عدد 6-7 1971).

لــە هەلومــەرجی ڕاگەیانــدنی کۆمۆنــەدا ,نێــونەتەوەیی یەکــەم 29 لکــی لــە پاریســدا هەبووە.ڕباری ئەوەی بەسەر زۆربەی ڕێکخراوە کرێکاری یەکانیشدا باڵادەست بوو ,لەوانــە 34 ناوەندی سانديكايی و 43 کۆمەڵەی هەرەوەزی(1). بەڵام ئەندامانی نێــونەتەوەیی یەکــەم لەناو خۆیاندا یەکێتی بیری سیاسییان نـ ەبوو , دابەش ببون, بەســەر پلانکــی , یەعقوبییــە نوێکان برۆدۆنی و مارکسی و باکۆنینەکان *ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕە جیاجیایانە , لــە کۆمۆنەدا دەرکەوت **لە هەڵبژاردنی کۆمۆنەدا , نیوەی دەنگدەران بەشدارییان نەکرد ,گەڕەکە بۆرژوا نشینەکان دەنگدانییان ڕەت کردەوە ,بە پێچەوانەوە, لەگەڕەکە هەژارنشینەکاندا, جمو جۆڵ و چالاکی بەربلاوی هەڵبژاردن ,جۆش و خرۆشی هەبوو .86 ئەنــدام هەڵبژێــردرا ,بــەڵام بەشێک لە هەڵبژێردراوان ,کارکردنییان ڕەت کردەوە .لە کۆمۆنەدا 28 کرێکار ,8 خزمەتگوزار ,29 هەمەکار .لە ڕوی سیاسییەوە 21 پلانکی ,20 برۆدۆنی ,2مارکسی تێدا بوو (2) .ئەوانەی تا سەر, لەگەڵ کۆمۆنە مانەوە, هەڵگرانی بیری سۆسیالستی بوون.

کرێکاران تا دوا چرکەکانی تەمەنی کۆمۆنە , لەگەڵی مانەوە ژمــارەی ئــەو کرێــکارانەی , لــە جەرگەی نەبەردییەکانی کۆمۆنەدا ,گیيانيان بەخت کرد , یاخود دورخرانــەوە ,ڕێــژەی زۆری کرێکارانی ئەو کاتی فەرەنسە بوون .لە کۆی 34722 زیندانی تەنها 5873 کەســییان کرێــکار نەبوون (3).

ئەوانی دیکەش, لە پیشەگەرو دەسفرۆش, بازرگانی بچوک و دوکاندار پێک هاتبوون , کــە لــە کرێکارەوە نزیک بوون .

هەروەها ژنە کرێکارەکانیش , زیاتر لــە 10000یــان چــەکییان هــەڵ گرتبوو, ڕۆڵێــکی شــیاو دیارییان, لە بەرەنگاریا گێڕا .بەتالیۆنی ئافرەتان,بەجەنگی بــەرگری کــردن لــە کۆمۆنــە , ڕۆڵێکی مێژویی هەبوو .لە هەر 20 گەڕەکەکەی پاریس , کۆمیتەکانی ژنانییان, بــۆ هاوکــاری کۆمۆنە دروست کرقاوەمانییەتی کرێکاران و هەژاران بە ژن و پیاوەوە , لەو ئلســتەدا بــوو , ڕۆژنامەکانی ئەوکات ئاوا باسی بەرگرییەکان دەکات (ڕوباری سین سور هەڵگەڕابوو ,خوێــنی ئەو هەموو کوژراو و بریندارانەی کە فرێ دراونەتــە نئلووو ڕوبــارەوە (4). دەســەڵاتداران ئەوەندەیان لە کۆمۆنارەکان کوشت نەیان زانی پاش شــەڕەکە تەر مــەکان چــی لێــبکەن (5).

هەروەها ژنان لە ئەبریلی 1871دا لقی ژنانی نێو نەتەوەییان دامەزراند . یەکێــک لــە کۆنــە پەرستان بەم شێوەیە لە سەریان دەنوسێت -ئەو ژنانەی لە کــاری ماڵــەوە هــەڵاتبوون ,لــە ڕۆژەکانی دوایی کۆمۆنەدا ئەو سۆزانیانە لە پیاوانی نــاو ســەنگەرەکان زیــاتر بــەرگرییان کرد.

---

1- حرب اهلية في فرنسا ص 78.

2- عرض اقتصادي تاريخي –جامعة باتريس لومبا للصداقة بين الشعوب –دار الفارابي 417.

3- الثقافة الجديدة عدد 4 نيسان 1987كومونة باريس محتواها الطبقي و مظمونها الوطني - يحيىعلوان ص 98.

4- كيسرا هەورامی –کۆمۆنەی پاریس گاورباخی ژمارە 6 ساڵی 2003.هەروەها (المــراء العبيدة بالاجرة –سايدي –ديف سول).

5- التاريخ الاقتصادي لعصر الامبريالية ..ترجمة عبد الالة النعيمــي ..الجــزء الثــاني .ف بؤليانسكي.مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي.الطبعة الاولى ل 8.

*پاش ئینشقاقی باکۆنین لەنێونەتەوەیی یەکەم نـەیتوانی لــە ئــەوروپا بمێنێــتەوە ,پــاش کۆنگرەی ساڵی 1872 کە لە لاهای بەسترا بارەگای گشتی گواستەوە بۆ نیورۆک ,بە گوێرەی داواکاری مارکس.(کارل مارکس –سيرة مختصرة و عرض للماركسية -فلادمير لينين.).
ئەم باڵە ئانارشیە لە سەردەمی کۆمۆنە گەیشتە لوت کەی جەماوەری خۆی.احمد زكــي-حــوار تمدن734-4-2-2004

** کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنە سستەمی تاک پارتی ڕەت کردەوە ,باوەڕی بە سســتەمی چــەند بیروباوەڕی هەبوو(ولايات المتحدة طليعة الانحطاط –روجية غارودي –جزء 5).

## نوسەران ڕۆشنبیران

زۆربی نوسەران و هونەرمەندانی فەرەنسی هاو سۆز و هاوبیر بوون لەگەڵ کۆمۆنــە بــەهۆی هەڵوێستی نیشتمانی مرۆڤدۆستانەی و پێشکەوتنخوازی بڕیارکانییەوە ,تەواوی ئەو وێنانەی لە سەرکوت و نا عەدالەی سەرکوتکەران نوسرایەوە ,نوسەران بە خامەکانیان دەریان بــڕی و وێنەیان کێشا.یەکێکی وەک ڤالیس کە لە ناوچەی 20بە نوێنە ر هەڵبژێردرا,وتارەکــانی لــە هاواری گەلدا بلاو دەکردەوە ,ڤالیس لە ســاڵی 1880ڕیوایەیــەکی سێــینەی نوســی لەســەر کۆمۆنە ,باسی ئێش و ئازارەکانیانی کرد 1.
بەڵام ڤیکتۆر هۆگۆ لایەنگری کۆمۆنە بوو ,لە ساڵی 1851 لــە مــەنفا دەژیــا لــە بــەلجیکا 2. هەرچی ڕامبۆیە لە شاری بێ دڵ و قەسیدەی دیموکراتیەت زۆر بە توندی زەبرو زەنگــی وڵاتــە ئیستعمارییەکان ڕەت دەکاتەوە بۆمونە وڵاتێکی وەک فەرەنسا دێنێتەوە ,دەنوسێت تازە لە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینە بوەوە بە ناوی کۆمۆنەی پــاریس ,تیایــدا دەیــان هــەزاری کوشــت و شەقامەکانی بە تەرمی شۆڕشگێڕان پڕکردەوە ,دوای گرتنی جەزائیر ئامادەی درێــژە دانــە بــە کرداره ئەمپریالیستییەکانی 3.هەرچی نوسەرێکی وەک ئورووپیە دژ بــە کۆمۆنــە وەســتایەوە 4.نموونە زۆرە لەسەر هەڵوێستی نوســەرانی ئــەو ســەردەمی فەرەنســاو ئــەوروپا لەســەر کۆمۆنە.شێوەی گشتی کۆمۆنە لە زۆر نوسـین و ڕۆمــان و شــاکاری ئــەدەبی جۆر اوجــۆر ڕەنگی دایەوە.

---

1-حەیات 9-12-2003 ئیبراهیم عەریس.
2-بەیان ژمارە 225 26-2-2002.
3-هاشم صالح –الشعراء حلموا - بيان 27-10-2002.
4-بەیان –ژمارە 303-26-8-2003.





## بەیاننامەی کۆمۆن بۆ گەلی فەرەنسا

لەو گفتوگۆ بە ئازارو ترسناکەدا کــە جارێکی دیکــە ترسـی ئابلوقــەو بۆردوومــان بەســەر پاریسدا دادەسەپێنێ,خوێنی فەرەنسەییەکان دەڕژێنێ و براو ئافرەت و منداڵەکانمان لــە ژێــر نارنجۆک و دەستڕێژی گوللەدا دەکوژێ و پارچە پارچە دەکا ,تەواو ناچارییە کــە ڕای گشــتی یەک بێ و ویژدانی نەتەوە نەشێوێنێ.

دەبێ پاریس و هــەموو وڵات ,سروشــت و هــۆو ئامــانجی ئــەم شۆڕشــە بــزانێ کــە ئێســتا بەڕێوەیە,لە دوایی دا دەبێ بەرپرسیاریی ئەو خەم و ئازارەو بەدبەختییــەی تووشمــان بــووە بکەوێتە سەر شانی ئەوانەی خیانەتییان لە فەرەنسە کردووە و پاریسیان تەسلیمی بێــگانان کردووە ,و سەرسەخت و کوێر بێ بەزەییانە درێژە بە وێران کردنی پاریس دەدەن تا بەڵگــەی دوو لایــەنی خیانــەت و تاوانــەکانییان لــە نــەمانی کۆمــاری و نەهێشــتنی سەربەســتی دا ,بشارنەوە.

ئەرکی کۆمۆنە کە حەزو داواکاری یـ ەکانی خەڵکی پاریس دابڕێژێ و دابین بکاو لایەنی دیــاری بزووتنەوەی 18 ی ئادار کە سیاسییەکانی ڤێرسای تێ ی ناگەن و ناتوانن بیناســن و قســەی ناشرینی پێ دەڵێن,وەدەربخا.

ئــەمجارەش ,پــاریس بــۆ هــەموو فەرەنســا کــار دەکــاو زەحمــەت دەکێشــێ و بەشــەڕو فیداکارییەکانی زەمینە بۆ زیند ووکردنــەوەی فیکــری و ئاکــار و بەڕێــوەبردن و ئــابووری و شانازی و کامەرانیی ئەو خۆش دەکا.

مەگەر پاریس چی دەوێ؟

ناسین و پتەوکردنی کۆماری ,تەنیا شێوەی حکوومەتێکە ,کە لە گەڵ مـافی میللـەت و لەگـەڵ پێشکەوتنی رێک و پێک و سەربەستی کۆمەڵدا رێک دەکەوێ.

خودموختاری کۆمۆنی لـە هـەموو ناوچـەکانی فەرەنسـا دا جێـگیر بـێ ,هـەموو مافـە مرۆڤایەتییەکانی خەڵکی دابین بێ و هەموو فەرەنسـییەکان وەک مـرۆڤ و هاونیشـتمانی و کرێکار بتوانێ هەموو توانا زاتییەکانی بەکار بهێنێ.

خودموختاری کۆمۆن رادەو سـنووری نی یـە ,هـەروەها مـافی خودموختـاری یەکسـان بـۆ کۆمۆنەکانی دیکە ,دەبێ یەکێتیی فەرەنسایان لێ دابین بکرێ.

مافەکانی لەیەک نا جودای کۆمۆن ئەمانەن :

بریاردانی بودجەی کۆمۆن و دەرامەت و خەرجی ,دانان و دابەش کـردنی بـاج ,بەرێـوەبردنی بەرژەوەندی نـاوخۆ ,رێکخسـتنی دەزگـای دادگـاو پۆلیسـی نـاوخۆو پـەروەردەو فێـرکردن ,بەرێوەبردنی دارایی کۆمۆن.

دانانی قازی و کاربەدەستانی کۆمۆن لە هەموو پلەو پایەیەک دا بە هەڵبژاردن یان پێشبرکێ ,بە لێپرساوی و مافی هەمیشەیچاودێری و لێخسـتن ,تـەواو دابـین کـردنی سەربەسـتی تاکەکەس و سەربەستی کارکردن.

خۆتێ گەیاندنی بەردەوامی هاونیشتمانییان لە کارو بـاری کۆمۆن لـە رێـی بـە سەربەسـتی دەربرینی بیروباوەرو بەرگریی سربەستانە لە بەرژەوەندییەکانی تاکەکـەس :دابـین کـردنی پێویست و تەواوی دەربرینی بیروباوەر لە لایەن کۆمـۆن ,کـە خـۆی بەرپرسـی چاودێـری و پاسەوانی و دابین کردنی سەربەستانەیە ,رێک خراوە.

رێکخستنی بەرگری شارو پاس ەوانیی نیشتمانی کـە خۆیـان سـەرکردەکانییان هەڵبژێـرن و تەنییا خۆیان پارێزگاری ئاسایشی شار بکەن .پاریس داواکاری شتێکی دیکـە بـەناوی دابـین کردنی ناو شار نی یە ,هەڵبەتە بەو مەرجەی یەک جـۆر لـە بەرێـوەبەرایەتی ناوەنـدی کـە نوێنەری کۆمۆنەکانی یەکێتی ی وڵاتە ,ئەنجام بدرێ.

بەڵام لەبەر رۆشنایی مافی خودموختاری و بەسـوود وەرگـرتن لـە مـافی سەربەسـتی کـار ,پاریس ئەم حەقە بۆ خۆی دەپارێزێ تا هەرچۆنێکی لە دەوروبەری خۆی بە پێویست بـزانێ ,بـۆ ئـەنجام دانی چـاکردنی بەرێـوەبردن و ئـابووری خـەڵکی ,دەسـت بـەکاربێ و ,بـە دامەزراندنی دام و دەزگای تایبەتی ,پەرەردەو فێـرکردن و بـەرەم و ئـاڵوگۆرو چـەکی بـانکی ,فراوان و بڵاو بکاتەوە ,تواناو موڵکایەتی بە پێی پێویستی کات و ویسـتی کەسـانی خـاوەن بەرژەوەند,بکاتە موڵکی گشتی.

دوژمنانی ئێمە بەوە پاریس تاوانبار دەکەن کە دەیەوێو ویستی خۆی یـا دەسـتەڵاتی بەسـەر پاشماوەی میللەت دا پسپێنێ و داواکارییەک جۆرە حکوومەتی دیکتاتۆری یەو لـە راسـتی دا هەرەشەیەکە لە سەربەخۆیی و مافی دەستەڵاتدارییەتی کۆمۆنەکان ,یان خۆیان هەڵە دەکـەن یان وڵات فریو دەدەن .بەڵێ ئەوان هەڵە دەکەن یـان وڵاتی ئێـمە فریـو دەدەن ,کـاتێ پـاریس تاوانبار دەکەن بەوەی درێژە بە وێرانکردنی یەکێتی ی فەرەنسـا دەدا ,یەکێـتی یـەک کـە بەهۆی شۆرش ئەنجام درا وەو باوکانی ئێمە بە بەشـداری لـە جـەژنی یەکێـتی ی هـەموو ناوچەکانی فەرەنسای کۆن بە شانازی ئەوەوە ,هۆرایان لێداوە.

یەکێتییەکە بە بەهۆی ئیمپراتۆریەت و حکوومەتی پاشایەتی و پەرلەمـ انتاریزم تا ئـەمرۆ بەسەر ئێمەدا داسەپابوو,لە ناوەندییەکی دیکتاتۆرییانەو بـێ هەسـت و خـۆ پەرسـتی و پـر خەرجیی زیاتر ,شتێکی دیکە نەبوو.

یەکێـتی سیاسـی بەوشێـوەیەی خواسـتی پاریسـە ,کۆکردنـەوەی ویسـتی هـەموو بـیرە ناوخۆییەکانەو بەشداریی هەوڵیی ئیختیاری و سەربەستانەی هەموو تواناکانە بۆ وەدەسـت

خستنی ئامانجی هاوبەش و ئەویش هەر خۆش گوزەرانیی و سەربەستی و ئاسایشــی گشــتی یە.

شۆڕشی کۆمۆنییەکان کە بەدەست پێشخەری کۆمەلانی خــەلکی لــە 18ی ئــادار دەســتی پــێ کرد,چەرخێکی نوێی لە سیاسەتی ئەزموون و جێگیرو زانستی دا کردۆتەوە.

ئەم چەرخە نوێیە ,کۆتایی دنیای کۆنی دەولەتی کلێسایی و عەسـکەری و فەرمانبــەربازی و چەوســاندنەوەو ســەوداکاری و مۆنۆپــۆل و ئیمتیــازە,ئەمانــە هــەموویان هــۆی بەنــدەیی پرۆلیتاریا بوون و ولات بەدبەختی و وێرانییەکەی خۆی لە بوونی ئەوان,دەزانێ.

ئێستا ئیدیئەم ولاتە خۆشەویست و مەزنە کە بە درۆو دەلەسە فریوییــان دابــوو ,ئــارام و ئاسودە بێ. شەڕەی لە نێــوان پــاریس و ڤێرســاییەکان دەســتی پێـکردووە ,لــەو جــۆرە شــەڕانەیە کــە بــە سازشــی ئاســایی کۆتــایی نــایێ و گومــانیش لــە ئەنجامەکــەی ناکرێ.سەرکەوتنی ,دوای هەولی بێ پایانی پاسەوانی نیشتمانی ,هــی ئــەو هــەق و مافەیــە .ئێمە لەو بارەیەوە بانگی فەرەنسە دەکەین!

بزانن و ئاگاداربن کە پاریس بەو ئەندازەیەی چەکی هەیە ئارام و ئازاشە ,بە گەرمی و جــۆش و خرۆشی یەکسان پارێزگاری و ئاسایشە ,لە فیداکاری خۆی بــەو ئەندازەیــەی کــە هــۆش و مەنتیق کار دەکا ,قارەمانانەش بۆ پێشەوە دەچێ و چەکی بۆ ئەوە هەلگرتووە تا خــۆی لــە ڕێی سەربەستی و شانازی هەمووان و بۆ ئەوەی فەرەنسا دوایــی بــەو شــەڕە خوێـناوییە بهێنێ ,فیدا بکا.

ئەو کەسەی بەدەربڕینی ویستی شکۆمەندانە ,حەز بە چــەک کــردنی ڤێرســای بکــا ,لەگــەل فەرەنسا دایە .فەرەنسا کە بۆ سوود وەرگــرتن لــە ســەرکەوتنی ئێــمە بــانگ کــراوە ,دەبــێ ڕابگەیەنێ ,پشتیوانی هەولەکانی ئێمەیە و دەبێ لەم شەڕەدا کە جگە لــە ســەرکەوتنی بــیری کۆمۆنییەکان یان وێرانی پاریس ,کۆتایی نایەت گەلمان یــەک بــێ .لەمــەڕ ئێــمەش ,ئــەی شارستانەکانی پاریس ,ئێمە ڕاسپێردراوین شۆڕشی نوێ بە ئەنجام بگەیەنین ,شۆڕشــێ کــە گەورەترین و بەرزترین شۆڕشی مێژووە.

ئێمە ئەرکی سەرشانمانە کە خەبات بکەین و سەربکەوین .*

---

ئەم بەیاننامەیە لە کتێبی ا .مولوک .ا.مانفرد ,کومون باریس ,ترجمــە محمــد قــازی ل 318-321 وەرگێڕانی بۆ کوردی کــاک ئەبوبــەکر خۆشــناو کۆمــۆنی پــاریس سلێــمانی 2002 ل100-104

---

هەندێک سەرنجی کورت لەسەر بەیاننامەی کۆمۆن بۆ گەلی فەرەنسە .

بەیاننامەکــە ئاراســتەیە بــۆ ســەرجەم گــەلی فەرەنســا ,هــەروەک چــۆن شــورا هەلبژێردراوەکانیش, شورای خەلکی بون لە کۆمۆنەداسەرجەم چین و توێــژەکانی پــاریس , بۆیان هەبوو بەشداری لە هەلبــژاردنی کۆمۆنــە بکــەن یــاخود خۆیــان هەلبژێــرن , توێــژە بالاکانی بۆرژواکان,خۆیان ڕەتییان کردەوە , بەشداری ئــەو پرۆســەیە بکــەن .یــا شــارییان بەجێ هێشتبوویاخود بەشداری دەنگــدانییان نــەکردبوو .ئەگــەر نــا کۆمۆنــە ڕێــگر نــەبوو لەبەردەم خۆپالاوتن و پڕوپاکەندەی هەلبژاردنیاندا.

هەروەها یەکێک لە ئەرکەکانی کۆمۆن , داکۆکی لە کۆمار بوو .کە تا ئەوساکە , سێ جار کۆمار لە لایەن پاشماوەی پاشایەتی , بە پشت بەستن بە پاشماوەی دەرەبەگایەتی و کەنیسە, خەڵتانی خوێن کرابوو .تا لە ساڵی 1875 بە دامەزراندنی کۆماری چوارەم , ئیتر کۆماریۆ یەکجاری چەسپی لە فەرەنسا .کاتێک کۆمارێکی سۆسیالستی دەڕوخێت .سەرمایەداران دەڵێن کۆتایی مێژووبەڵام مێژوی دەسەڵاتی خۆیان پڕە لە ڕوخان , و ئەم دەس و ئەو دەسکردنی دەسەڵات باشترین بەڵگەش مێژوی فەرەنسایە , لە شۆڕشی گەورەوە بۆ شۆڕشی کۆمۆن.

پەیرەو کردن لە سستەمی دەسەڵاتداری شارەوانی (کۆمۆنی), نا ناوەندی فیدرالی بوو لە کۆمۆنەدا .لەو کاتەدا بۆرژوازی خەونی بە ناوەندێتییەوە دەبینی ,کەچی کۆمۆنارەکان, داوای خودموختاری کۆمۆن, و دەوڵەتی ناناوەندی و سەربەخۆیی هەموو کۆمۆنەکانییان دەکرد, لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان لە چوارچێوەی خودموختاری یەکسان , لە ناو یەکێتی فەرەنسا.ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردن ,کەوتە بەر ڕەخنەی زۆری لینین و بە تایبەتیش ترۆتسکی,بەڵام ژیان تەسکییەی سەرکەوتوو بوونی کرد ,ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا,بە کارامەیییەوە , لە سستەمی بەڕێوەبرایەتیدا ,پەیرەوی لێ دەکرێت .هەر کۆمۆنێک لە دانانی بودجەو وەرگرتن و دابەش کردن و خەرج کردنی باج و ڕێکخستنی دادگاو پۆلیسی ناوخۆو پەروەردەو فێرکردن و بەڕێوەبەرایەتی دارایی دا سەربەخۆیە .لێرەدا سەرنج بدەین پۆلیسی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە بەڵام پۆلیسی ناوخۆ بۆ دابین کردنی ئاسایش بونی هەیە.

خاڵێکی دیکە هەڵبژاردن و ململانێیە لە دانانی پلەو پایەکاندا ,لە بەرزترین پلەوە تا خوارەوە .بە هەڵبژاردن یاخود پێشبڕکێ.

هەرەها دابین کردنی ئازادی تاک , لە کۆمەڵگەدا ,سەربەستی تاکە کەسی ,سەربەستی کارکردن . ئەم خاڵە , لە ئەزموونەکانی کەی بزوتنەوە سۆسیالستی یەکان , کەوتە ژێر پرسیارەوە.

دابین کردنی ئاسایشی شار ,لە لایەن پاسەوانی نیشتمانییەوە ,لێرەدا دەبینیین پاسەوانی نیشتمانی هەڵنەوەشاوەتەوە ,بەڵکە چاکسازییەکی ئینسانییانەکراوە ,دیموکراسیەت لە هەڵبژاردنی سەرکردەکاندا لە پاڵ ئەمان جەماوەریش, وەک پێداویسی جەنگ و لاسەنگی هێزەکان هەمووچەکدار کران .بۆ داکۆکی لە کۆمارەکەیان.

لە برگەیەکی دیکەدا ,بەتوندی هێرش دەکرێتە سەرناوەندێتی ,دەوترێت ناوەندێتی بە هۆی ئیمپراتۆرییەت و پاشایەتی یەوە داسەپاوە بەسەر خەڵکدا ,لە ناوەندێکی دیکتاتۆرانە زیاتر هیچکە نەبوو .

ئەم بەڵگەنامەیە خوێندنەوە زیاتر هەڵە گرێت پێویستی بەوە هەیە , زیاتر لە سەری بنوسرێت,بزوتنەوەی سۆسیالستیجیهانی زیاتر پەند و ئەزمونی لێ وەرگرێت .کە ئاوێنەی ڕوی ڕاستی دەسەڵاتی کۆمۆنەیە.

# Der Aufruf zum Kampf




*Lithografie von Pilotell: Das Volk sei wachsam!, 1870*